# ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان هۆکاری ئیسپانیا و دەوڵەتانی ئەمەر



(١)

کاتێك ماکس ڤێبەر (ئاکاری پرۆتستانی و گیانی سەرمایەداری) نووسی گەوهەری پەرەپێدانی ئەوروپای گێڕایەوە بۆ ئەو ریفۆرمەی پرۆتستانی کە بەسەر چەمکەکانی ( پیرۆزی کارو گیانی داهێنان و خوازیاری قازانج) هێنا.

بە واتەیەکی دیکە ریفۆرمی ئایینی پرۆتستانی گۆرانکارییەکی ریشەیی بەسەر رۆشنبیری هاووڵاتیاندا هێنا، ئەو رۆشنبیرییە بووە هۆکاری ئەوەی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست بگۆڕێت بۆ ئەوروپای سەردەمی هەستانەوە و رێنیسانس.

بێگومان ئەو بنەما سەرەکیانەی کە ماکس ڤێبەر بۆ وەرچەرخانی کۆمەڵگەی کردووە بە کۆڵەگەی سەرەکی، هیچ ئاکامێکی سەرکەوتووی لێ بەدەست نایەت ئەگەر وەك خۆی جێبەجێ نەکرێت، مەبەست لە جێبەجێکردنیش بەو مانایە نییە، ئەوەی لە وڵاتێکی ئەوروپی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە وڵاتێکی دیکە کۆپی بکرێتەوە.

مێژووی پەرەپێدان و پێشکەوتنی وڵاتان راشکاوانە خاڵبەندی ئەو راستییە دەکەن کە هەرگیز کۆپی کردنەوەی ئەزموونەکان بەو ئاستە سەرکەوتوو نابێت، کە لە شوێنی یەکەم سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.


بەڵام راڤەکردنی چەمکەکان و پیادەکرنی پرەنسیپەکان لە قۆناخی راگوزاری هەر نەتەوەیەکدا، لەبەرچاوگرتنی سروشت و شێوازی کەلتووری ئەو کۆمەڵگایە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا دەبێتە جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردن رۆڵی ئەو حکومەتەیە کە دەبێتە داینەمۆی ئەو وەرچەرخان و پەرەپێدانە، ئەزموونی وڵاتانی جیهان لەسەر ئەو راستییانە رادەوەستن، کە گەلێك هۆکاری خاوی یان سەرنەکەوتنی پرۆژەکە وەك پێویست ناکەوێتە سەرشانی حکومەت، بەڵکو گەلێك جار ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری کۆمەڵگە دەبێتە ئاستەنگ، لەم راستە دەکرێت ئاماژە بە هەندێك نموونە بکەین:

١. بەپێی ئەو توێژینەوە تازانەی ئامۆژگای کاتۆ لەسەر رەوتی پەرەپێدانی دەوڵەتەکان لەسەرانسەری جیهان بڵاوی دەکاتەوە ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری کۆمەڵگە لە سیاسەت بە گرنگتر دادەنێت، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن هۆکاری سەرکەوتنی پەرەپێدان و وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی

●●●
**مێژووی پەرەپێدان و پێشکەوتنی وڵاتان راشکاوانە خاڵبەندی ئەو راستییە دەکەن کە هەرگیز کۆپی کردنەوەی ئەزموونەکان بەو ئاستە سەرکەوتوو نابێت، کە لە شوێنی یەکەم سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.**
**بەڵام راڤەکردنی چەمکەکان و پیادەکرنی پرەنسیپەکان لە قۆناخی راگوزاری هەر نەتەوەیەکدا، لەبەرچاوگرتنی سروشت و شێوازی کەلتووری ئەو کۆمەڵگایە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت**
●●●

# سەرکەوتن و شکستی پەرەپێدانە
# یکایی لاتین وەک نموونە



**هۆکاری سەرکەوتنی پەرەپێدان و وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی رۆشنبیری کۆمەڵگەیە نەک سیاسەت، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە سیاسەت هیچ رۆڵێکی نییە، بەڵکو دەبێت ئەرکی یەکەمی سیاسەت بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری کۆمەڵگە بێت**

رۆشـــنبیری کۆمەڵگەیە نە سیاســـەت، بـــەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە سیاســـەت هیچ رۆڵێکی نییـــە، بەڵکو دەبێت ئەرکی یەکەمی سیاســـەت بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری کۆمەڵگە بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەو ئاستەدا بێت و وەڵامدانـــەوەی ئیجابیانەی بۆ ئەو گۆرانکارییانە هەبێت کە پرۆسەی پەرەپێدانی حکومەت لە کۆمەڵگە دەیهێنینە ئاراوە.
ئەم توێژینـــەوە تازانە ئاماژە بە نموونەیەکـــی زیندوو دەکەن کـــە حکومـــەت خوازیاریتی و هەوڵی بـــۆ دەدات کە ئافرەت لە کۆمەڵگە ئازاد بێت و بەشـــدار بێت لە پرۆســـەی سیاسی و ئابـــووری کۆمەڵگە، بەڵام کاتێك هۆشـــیاری کۆمەڵگە و نەریتـــی ئایینی رێگربن یان وەڵامدانەوەیەکی لاوازیان هەبێت، ئەوا پرۆســـەکە بەو ئاســـتە ســـەرکەوتوو نابێت کە حکومەت ئومێدی بۆ دەخوازێت.
٢. خاڵی یەکەم چەندین پرسیاری دیکە دەورووژێنێت کە پێویستە حکومەت لە قۆناخی پەرەپێدان و وەرچەرخاندا هەڵوەســـتەیان لەسەربکات و هەوڵبدات وەڵامیان بداتەوە لەوانە:
أ- ئایا چۆن بتوانین ئەو فاکتەرانە دەســـت نیشـــان بکەین بۆ ئەوەی رۆشنبیری کۆمەڵگە ببێتە هۆکاری کاریگەر بۆ بەرەو پێشـــەوەبردنی ئەدای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگادا؟
ب- ئایا چۆن بتوانین دامەزراوەکانمان بکەینە میکانیزمێك بۆ وەرچەرخان و گۆڕینی رۆشنبیری کۆمەڵگە؟
ج- کاتێك دەمانەوێت سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکان وەربگرین و پەند لە ئەزموونە فاشـــیلەکان وەربگرین ئایا پێویســـتە چۆن مامەڵە لەگەڵ چەمکی رۆشـــنبیری و گۆڕینی رۆشنبیری بکەین.
وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە جارێکی تر پێمان دەڵێن:
(رۆشنبیری سەرکەوتنی کۆمەڵگە دیاری دەکات نەك سیاسەت بەڵام سیاســـەت ئەو توانایەی هەیە رۆشنبیری بگۆڕێت و لە ئاستەنگەکان رزگاری بکات).
لەســـەر ئەم بنەمایە توێژینەوە تازەکان هاتوون کۆمەڵگاکانیان دابەشکردووە بۆ :
یەکـــەم/ ئەو کۆمەڵگایانـــەی رۆشـــنبیرییەکەیان هۆکارە بۆ پێشکەوتن
دووەم/ ئـــەو کۆمەڵگایانـــەی رۆشـــنبیرییەکەیان رێگـــرە بۆ پێشـــکەوتنی ئەم بۆچوونە تازانە، ئەو چەمکـــە تەقلیدیانە

ڕەتدکاتـــەوە کە تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك هەمان ئاســـتی وەڵامدانەوەی بۆ پێشکەوتن هەیە بۆ ئەمەش پشت بەو ئاماژە مێژووییە دەبەستن و دەڵێن:

راســـتە لە ماوەی پەنجا ســـاڵی رابردوو کۆمەڵێك ئەزموونی ســـەرکەوتووی وەك دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاســـیا و ئیسپانیا هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا دەیان ئەزموونی شکســـتخواردووش هەیە وەك ئەزموونەکانی دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین(بێجگە لە چیلی) ، هەر بۆیە هۆکاری سەرکەوتن و شکست دەگێڕێتەوە بۆ ئاستی وەڵامدانەوەی رۆشنبیری کۆمەڵگە بۆ ئەم خاڵانە:

١. چەمکی کارکردن لەو کۆمەڵگایانەی رۆشنبیریان هۆکارە بۆ پێشکەوتن بەمجۆرە پێناسە دەکرێت: کار واتە جێبەجێکردن، ململانێـــی ژیان لـــە پێنـــاوی کاردا) لە بەرامبـــەردا ئەو رۆشنبیرییەی رێگرە بۆ پێشکەوتن کارکردن تەنیا بۆ ئەوەندەیە بژی، نەك پێشبکەوێت.

٢. پلاندانان: لەو کۆمەڵگایانەی خوازیاری پێشـــکەوتنە واتە بواردان بـــە وەبەرهێنان و هەوڵدان بـــۆ قازانجی زیاتر لە ژێر چەتری یاســـادا، بەڵام لـــەو کۆمەڵگایانەی کـــە رێگرن بۆ پێشکەوتن وەبەرهێنان واتە هەڕەشەیە لەسەر یەکسانی.

٣. ململانـــێ/ لەو کۆمەڵگایانەی دەیانەوێت پێش بکەون واتە ســـەرکەوتن بۆ بە دەســـتهێنانی ژیانێکی خۆشتر، دابەزاندنی نرخ و بەرزکردنەوەی ئاســـتی کوالیتـــی، لەو کۆمەڵگایانەش کە رێگرن بۆ پێشـــکەوتنی ململانێ واتە نەمانی یەکسانی و ئیمتیازات بۆ خەڵکانێك.

٤. داهێنـــان: ئەمـــە یەکێکە لە خاڵە گرنگـــەکان، بێگومان لـــەو کۆمەڵگایانەی دەیانەوێت پێـــش بکەون لەگەڵ داهێنان کراوەن و بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لە دەستپێشخەری و داهێنان دەکـــەن و خۆیان لەگەڵدا دەگونجێنن بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی رۆشـــنبیرییەکەیان رێگرە بۆ پێشـــکەوتن بە گومانەوە سەیری هەموو داهێنانێك دەکـــەن و زۆر بە درەنگیش خۆیانی لەگەڵ دەگونجێنـــن، لەوانەیە پرۆژەی تاریـــن هێلز نموونەیەکی باش بێت، ئامـــاژەی پێبکەین، کە خەڵکانێك ئـــەم پرۆژە گەورە و گرنگە بەچاوی گومان ســـەیر دەکـــەن و هەوڵیش دەدەن کە خەڵك پێشوازی لێ نەکات نموونەش لەمبارەوە هەیە.

٥. پێشـــکەوتن: لەو کۆمەڵگایانەی ئاســـتی رۆشـــنبیریان هۆکارە بۆ پێشـــکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێشکەوتن دەبەســـتنەوە بە لێهاتوویی ئەمەش واتە هۆکاری پێشـــکەوتن پێدانی هەلی گونجاوە بۆ ئەو کەســـانەی لێهاتوون و پسپۆڕن، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە لێهاتوو و پسپۆڕانە دەتوانن بەردەوامی بە پێشـــکەوتنی ولات بدەن، بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی رێگرن بۆ پێشـــکەوتن پێناسەی پێشکەوتن واتە دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتەکان بەسەر خزم و کەسوکار و ئەندامانی پارتەکان، ئەم دیدە بۆ پێشـــکەوتن نەك هەر نابێتە هۆکاری سەرکەوتن بەڵکو ئەو دامەزراوانەشی کە هەن هەمووی ئیفلیج دەبن.

ئەم خاڵانە کە پۆلێنی ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگاکان دەکات لە بنەڕەتدا دەستنیشـــانی ئاستی وەڵامدانەوەی هاووڵاتیان بۆ بەرنامەکانی حکومەت دەکات، هەر بۆیە زۆر گرنگە حکومەت بەردەوام ئاستی وەڵامدانەوەی هاووڵاتیان لەبەرچاو بگرێت و هەوڵبدات سیاسەت و ســـتراتیژی حکومەتەکەی پێش هەموو شتێك بۆ ئەم خاڵانە بێت:

١. پێویستە حکومەت کاتێك دەبینێت هاووڵاتیان وەك پێویست وەڵامدانەوەیان بۆ بەرنامە و سیاسەتی حکومەتەکەی نییە ئەو راستییە لەبەرچاو بێت کە هاووڵاتیان جۆرێك لە بێ متمانەییان بەرامبەر دامەزراوەکانی حکومەت هەیە، بۆیە زۆر گرنگە لەم حاڵەتەدا هەوڵبدرێـــت ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆکاری ئەو بێ متمانەییە راست بکرێنەوە لێرەدا ئەگەر ئاماژەش بە ئیسپانیا وەك ئەزموونێکی ســـەرکەوتوو بکەین دەبینین هاوڵاتیانی ئیسپانی متمانەیـــان بەدامەزراوەکانی حکومەتی ئیســـپانیا هەیە، هەر بۆیە وەڵامدانەوەشـــیان بۆ بەرنامەی حکومەت زیاترەو ئەمەش هۆکاری ســـەرکەوتنی حکومەتی ئیســـپانیایە، لەبەرامبەردا ئەگەر ئاماژە بەدەوڵەتی پیرۆ بکەین کە ئەویش هەر ئیسپانی زمانن و هەمان هەنگاویش بۆ وەرچەرخان هەڵگیراوە، دەبینین هاووڵاتیانی پیرۆ هەســـت بەبێ متمانـــەی دەکەن بەرامبەر دامەزراوەکانی حکومەتی خۆیان، لەم حاڵەتەدا ئەگەر بەنموونە هەندێك حاڵەت باس بکەین:

٢. هاوڵاتییەکی ئیســـپانی زمان لە ئیســـپانیا کە پۆلیســـی وڵاتەکـــەی دەبینێـــت بەڕوویەکی کراوە و بە خۆشـــحاڵییەوە پێشوازی لێدەکات و بەرگە فەرمییەکانی پۆلیس وەك گەرەنتی و دڵنیایی و پاراستنی ژیانی رۆژانەی سەیری دەکات، بەڵام لە پیرۆ و تەنانەت لەکوبا و فەنزویلاش هاوڵاتیان تەنها بەبینینی بەرگە فەرمییەکانی پۆلیس نارەحەت و قەڵس دەبن، هۆکاری ئەمـــە ئەوەیە ئـــەو هاوڵاتیانە بەرگـــە فەرمییەکەی پۆلیس بە پارێزەری ســـەرکوتکاری سیاســـی و ئیحتیکاری ئابووری وڵاتەکەیان دەبینن.

٣. هاوڵاتییەکی ئیســـپانیا یان ئەورووپـــای رۆژئاواو تەنانەت رۆژهەڵاتی ئاســـیا، گۆڕینی ئابووری مەرکەزی بۆ ئابووری ئازاد و گۆڕینی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت بە هۆکارێك بۆخۆشگوزەرانی خۆی سەیر دەکات، لەبەرئەوەی ئەم پرۆسەیە لـــەو وڵاتانە بۆتە هۆکاری ســـڕینەوەی ئیحتیکاری حکومی و گۆڕینـــی بـــازاڕ بۆ ململانێ و داهێنان و دروســـت بوونی هەلی کارو دابەزاندنی نرخی کەلوپەلەکان، بەڵام لەو دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتینی(بێجگە لەچیلی) دەبینین ئەم وەرچەرخانە هیچ گۆڕانکارییەکی ئیجابی لەسەر ژیانی رۆژانەیان دروست نەکردووە، ئەوەی کراوە بریتییە لە گواســـتنەوەی ئیحتیکاری حکومی بۆ ئیحتیکاری تایبەت، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی نەململانێی بازاڕ و نە هەلی کارکردن و نەدابەزاندنی نرخەکان بوونی هەبێت، بەپێچەوانەوە بازاڕ هەمان بازاڕی جارانەو هەلی کار کەم بۆتەوەو نرخەکانیش زیاتر بوون، بەمەش کەمینەیەکی خەڵکەکە لەم پرۆســـەیەدا دەوڵەمەند بـــوون رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەوڵەمەنتر دەبن و زۆرینەی خەڵکەکەن رۆژ لەدوای رۆژ هەژارتر دەبن و باری ژیانیان قورستر دەبێت.

-٣هەر بۆیە پسپۆڕانی بواری ئابووری دەڵێن: ئاکامی پرۆسەکە بڕیار دەدات، لەکاتێکـــدا لەدەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین ئەمە

●●●

**راستە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوو کۆمەڵێک ئەزموونی سەرکەوتووی وەک دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئیسپانیا هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا دەیان ئەزموونی شکستخواردووش هەیە وەک ئەزموونەکانی دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین(بێجگە لە چیلی)**

●●●

●●●

**لەوانەیە پرۆژەی تارین هێلز نموونەیەکی باش بێت، ئاماژەی پێبکەین، کە خەڵکانێک ئەم پرۆژە گەورە و گرنگە بەچاوی گومان سەیر دەکەن و هەوڵیش دەدەن کە خەڵک پێشوازی لێ نەکات نموونەش لەمبارەوە هەیە**

●●●

●●●

**ئەگەر ئاماژە بە ئیسپانیا وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو بکەین دەبینین هاوڵاتیانی ئیسپانی متمانەیان بەدامەزراوەکانی حکومەتی ئیسپانیا هەیە، هەر بۆیە وەڵامدانەوەشیان بۆ بەرنامەی حکومەت زیاترەو ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنی حکومەتی ئیسپانیایە، لەبەرامبەردا ئەگەر ئاماژە بەدەوڵەتی پیرۆ بکەین کە ئەویش هەر ئیسپانی زمانن و هەمان هەنگاویش بۆ وەرچەرخان هەڵگیراوە، دەبینین هاووڵاتیانی پیرۆ هەست بەبێ متمانەی دەکەن بەرامبەر دامەزراوەکانی حکومەتی خۆیان**

●●●

ئاکامــــی کەرتی تایبەت بێت، ئیتــر خەڵکەکە چۆن بڕوامان پێدەکات و چۆن متمانە بە حکومەت دەکات کاتێك پێمان دەڵێن: کەرتی تایبەت مەرجێکی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی وڵات.
لەم حاڵەتەدا ئەرکی ســـەرەکی دەبێتـــە بونیادنانەوەی متمانەو گێڕانەوەی شکۆ بۆ بەرگە فەرمییەکەی پۆلیس، ئەم دووانەش هەردووکیان واتە چەســـپاندنی ســـەروەریی یاساو پیادەکردنی سیســـتەمی دامەزراوەیی لەســـەر بنەمای ململانێی بازاڕو کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاودەبێت.

## هاندانی خەڵک بۆ هاوبەشیکردن

کاتێك پرۆسەیەکی پەرەپێدان سەرکەوتوو نابێت، ئەوجا هۆکارەکەی هەرچییەك بێت، کاردانەوەیەکی ســـلبی ئەوتۆ دروست دەبێت، کە نەك هەر ئەو وڵاتەی پرۆسەکەی سەرکەوتوو نەبووە تیایدا زەرەمەند دەبێت، بەڵکو  تەواوی دیموکراســـیخوازەکانی جیهان زەرەرمەند دەبـــن، هەر بۆ نموونە کاتێك لە پیرۆ یان ئەرژەنتین ئەم پرۆسەیە رووبەرووی شکست دەبێتەوە، خەڵکی ئەمەریکای لاتینی سەیری ئەو دەسکەوتانەی چیلی دەکەن کە لە سەردەمی دیکتاتۆر پینۆشـــێ بەدەستی هێناوە و ئەوەش بە مافی خۆیان دەزانن کە بڵێن پەرەپێدان پێویستی بە دیکتاتۆرێکی هاوشێوەی پینۆشێیە.
بێگومان لە هیچ وڵاتێکدا دیکتاتۆرییەت تا ســـەر نەیتوانیووە خوشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان دابین بکات ئەوەشی دیکتاتۆرەکانی هاوشـــێوەی پینۆشێ کردوویانە بۆ زیاتر چەسپاندنی پێچکەی کورســـی دیکتاتۆرەکەیان بوو، لەوە ناپرسێت ئەو هەنگاوانەی پینۆشێ بۆ شاردنەوەی سەدان تاوانی کۆمەڵکوژ و ژینۆساید بـــووە، دادگای تاوانەکانـــی نێودەوڵەتی لـــە کۆتایی ژیانیدا فەرمانی دەســـتگیرکردنیدا ، هەروەها بەو شـــێوەیەش سەیری شکســـتەکان ناکات کە ئاراستەی وەرچەرخانەکە شوێنراوە هەر بۆیە زۆر گرنگە کاتێك هەســـت دەکرێت ئەم دیاردەیە ســـەر هەڵدەدات چەند هەنگاوێك هەڵبگرێت:

١. پێویســـتە هەوڵ بدرێـــت خەڵکانی لێهاتوو لە سیاســـەتدا بەشداریان پێ بکرێت.
٢. پێویســـتە ئەو خەڵکانـــە رابردوویان لە رووی فەســـادی ئیدارییەوە پاك بێت.
٣. دەبێـــت ئەو  خەڵکانەبن ئـــەوەی دەیڵێین جێبەجێ بکەن، ئـــەم هەنگاوە ئـــەو وێنایە لە ناخی خەڵکدا دەســـڕێتەوە، کە بەرپرسیاریەتی واتە فەساد و دەوڵەمەندبوون.

بەرزکردنەوەی ئاســـتی وەڵامدانەوەی هاووڵاتیان بۆ پرۆسەی پەرەپێدان و وەرچەرخان
زۆر گرنگە ئاگاداری ئەوەبین کە مەرج نییە ئاستی هۆشیاری و رۆشـــنبیری کۆمەڵگـــەی ئێمە وەڵامدانەوەی پێویســـت و ئیجابییانەی بۆ هەموو هەنـــگاوەکان و بەرنامەی پەرەپێدانی حکومەت هەبێت، بۆیە زۆر گرنگە هەوڵبدەین  ئەو هۆکارانەی دەبنـــە رێگر لەبەردەم ئاســـتی وەڵامدانـــەوەی هاووڵاتیان بۆ وەرچەرخانی کۆمەڵگە، لەبەردەم پرۆسەکە لای ببەین.
لابردنـــی ئەو ئاســـتەنگانەش تەنیـــا بە بڕیارێـــك ناکرێت، بەڵکو پێویســـتی بە پرۆســـەیەکی بەرفراوان هەیە کە پێویستە دەزگاکانی راگەیانـــدن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی بەرچاو ببینن بۆ گۆڕینی رۆشـــنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی هاووڵاتیان بۆ نموونە:

- حکومـــەت کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی ســـەر لە نوێ ژێرخانی کوردســـتان ببوژێتـــەوە، زۆر گرنگە رێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن تەرجەمەی ئەو هەنگاوانەی حکومـــەت بۆ هاووڵاتیان  وەك خۆی بکەن و ئامادەباشـــیان تێدا دروست بکەن کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بگونجێن.
- حکومـــەت بڕیاریـــداوە دیاردەی توندوتیژی و ژن کوشـــتن لە کۆمەڵگەدا نەمێنێـــت  زۆر گرنگە دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنـــی و پیاوانی ئایینی ( هەموو ئایینەکان بە گشـــتی و زانایانی ئایینی ئیســـلامی بەتایبەتـــی ) هاریکاری حکومەت بن بۆ ئـــەوەی ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت.
- پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تەنانەت پیاوانی ئایینیش خەڵك بەو شێوەیە پەروەردە و ئامادە بکەن کە لە دەرەوەی  بەرژەوەندی گشـــتی کۆببنەوە و دژی بەرژەوەندی تاکەکەســـی رابوەســـتن مەبەست لە دژی وەســـتانی بەرژوەندی تاکەکەســـی ئەوەیە، کە رێگە نەدرێت بەرەژوەندی گشتی بخرێنە ژێر بەرژەوەندی تاکەکەسەوە.
- دەبێت دەزگاکانـــی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پیاوانی ئایینی دژی ئەو ئاراســـتەیەبن کە بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت ببنە هۆکاری ئیحتیکار و بار قورســـی بۆ سەرشانی هاووڵاتیان، دەبێت هەمووکات هاندەری هاووڵاتیان بـــن بۆ ئەوەی هاریکاری حکومەتـــی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی ئاراســـتەی بازاری ئازاد و کەرتی تایبەت راستبکرێتەوە ، بە جۆرێـــك کە ببێتە هۆکاری ململانێی ئـــازاد و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی و دابەزاندنی نرخەکان.
- گرنگە هاوکاری حکومەت بکرێت بۆ ئەوەی بەرنامە بۆ ئەو لایەنانە دابنێت کە لەژیانی رۆژانەی خەڵکدا فەرامۆشکراون، دەبێت ئەو لایەنانە لەســـەر ئاســـتی دەزگاکانـــی راگەیاندن بورووژێن و لەسەر ئاستی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری لەســـەر بکرێت و پیاوانی ئایینیش هاوکاری دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بن، بۆ ئەوەی پێشـــنیاری گەنجاو گەڵاڵە بکرێت و پێشکەشـــی حکومەت بکرێت.
- گرنگـــە هاوکاری حکومەت بین بـــۆ گێڕانەوەی متمانەی نێوان  هاووڵاتی و حکومەت، داواکردنی لەحکومەت بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویســـت بەم ئاراستەیە هەڵبگرێت، هەروەها گرنگە هاووڵاتیان لەســـەر ئاســـتی بەرنامەکانی حکومەت هۆشیار بکرێنـــەوە و  فێری بنەمای هەڵســـەنگاندنیان بکەین، ئەویش بە دەستنیشانکردنی لایەنە باشەکان و دەستنیشانکردنی لایەنە خراپەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی، بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئـــەم مژارە، گوڵان ســـەرنج و تێڕوانینی چەند پســـپۆڕێکی وەرگرتووە کە ئەمە بۆچوونەکانیانە.

●●●
**رۆشنبیری سەرکەوتنی کۆمەڵگە دیاری دەکات نەک سیاسەت  بەڵام سیاسەت ئەو توانایەی هەیە رۆشنبیری بگۆڕێت و لە ئاستەنگەکان رزگاری بکات**
●●●

●●●
**کاتێک لە پیرۆ یان ئەرژەنتین پرۆسەی پەرەپێدان رووبەڕووی شکست دەبێتەوە، خەڵکی ئەمەریکای لاتینی سەیری ئەو دەسکەوتانەی چیلی دەکەن کە لە سەردەمی دیکتاتۆر پینۆشێ بەدەستی هێناوە و ئەوەش بە مافی خۆیان دەزانن کە بڵێن پەرەپێدان پێویستی بە دیکتاتۆرێکی هاوشێوەی پینۆشێیە**
●●●

●●●
**حکومەت کۆمەڵێک بڕیاری گرنگی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی سەر لە نوێ ژێرخانی کوردستان ببوژێتەوە، زۆر گرنگە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن تەرجەمەی ئەو هەنگاوانەی حکومەت بۆ هاووڵاتیان  وەک خۆی بکەن و ئامادەباشیان تێدا دروست بکەن کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بگونجێن**
●●●

**پرۆفیسۆر گۆردن سمیث**

**بەڕێوەبەری ئامۆژگای واڵکەر بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:**

# دەبێت بازاڕی ئازاد هۆکارێک بێت بۆ باشترکردنی ئەدای ئابووری نەک تێکشاندنی



**پرۆفیسۆر گۆردن سمیث، کە ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبەری ئامۆژگای واڵکەرە بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی باشووری کارولینا، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە حکومڕانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها بونیادنانی دەوڵەت، لەمبارەوە چەندین توێژینەوە و کتێبی هەیە لەوانە( بونیادنانەوەی دەوڵەت لە رووسیا: شەرعییەتی یەڵتسن و تەحدیەکانی ئایندە)**
*** رۆڵی سەروەری یاسا لە رووسیای ئێستادا**
***رەهەندەسایکۆلۆژییەکانی قۆناخی گواستنەوە**
**بۆ قسەکردن لەسەر بوونیادنانەوەی دەوڵەت و قۆناخی گواستنەوەی بەرەو دیموکراسی و بوونیادی دامەزراوەکان پرۆفیسۆر گۆردن سمیث بەمجۆرە بەتایبەت بۆ گوڵان بۆچوونەکانی خستەروو.**

**دیموکراسی ئەرکێکی ئاڵۆزە و چەند توخمێک لە خۆدەگرێت کە بنەرەتی ترینییان بریتییە لە کەلتوور**

*** لە دوای قۆناخی رزگاری نیشتمانییەوە، پرۆسەی بنیاتنانی حکومەتی نیشتمانی دەست پێدەکات، لەم قۆناخەدا هەموو هەلومەرجە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە حاڵەتی راگوزاریدان، ئایا ئەو میکانیزمانە چین کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی ئەم قۆناخە؟**

- من پێموایە گۆڕینی بارودۆخەکە و جێگێکردنی دیموکراسی ئەرکێکی ئاڵۆزە و چەند توخمێك لە خۆدەگرێت کە بنەڕتیترینیان بریتییە لە کەلتوور، لەبەر ئەوەی دەبێت چەند بەها و تێڕوانینێك دەربارەی حکومڕانی دیموکراسی بچەسپێنرێت، کە بەها و تێڕوانینی هاوبەش بن لە کۆمەڵگەکەدا، بە لای کەمەوە لە نێوان نوخبە حکومڕانەکاندا. خاڵی دووەم دەبێت سەقامگیری سیاسیی و ئابووری و ئەمنی لە ئارادا بنرێت، لەبەر ئەوەی مەحاڵە لە بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی و ناسەقامگیریدا بتوانرێت دیموکراسی بنیات بنێت. خاڵی سێیەم، بریتییە لە پەرەپێدان و چەسپاندنی سەروەری یاسا، لەبەر ئەوە دەبێت گرنگی بە پەرەپێدانی دامەزراوە و میکانیزمە یاساییەکان بدەین کە خەڵکی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانییان پەنای بۆ ببەن. هەروەها سەروەری یاسا بنیاتنانی دامەزراوەگەلێکی یاسایی لە خۆدەگرێت کە خەڵکی دانیان پێدا بنێن و ئەو دامەزراوانەش دەسەڵاتییان هەبێت و توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان هەبێت.

هەربۆیە نەبوونی ئەو خەسڵەتانەی ئاماژەم پێکردن دەکرێت وەك هۆکاری شکست لە قەڵەمیان بدەین، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە دیموکراسییەتی هیندی و پاکستانی بڕوانین، ئەوا ئەو دوو وڵاتە سوودیان لە سەردەم و ئەزمونی کۆلۆنیالی وەرگرتووە، بۆ نموونە لە گرنگی و پێویستی حکومڕانێکردنی دەستووری و سەروەری یاسا تێدەگەن، کە یارمەتیدەر بوونە لە دامەزراندنی بناغەی دیموکراسییەتی فرەحزبی و بە پرۆسەی دیموکراتیکردندا. حاڵەتی دیکە هەن کە زۆر ئاماژەیان پێدەکرێت، وەك ئەڵمانیا و یابان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە. کە تێیاندا هێزێکی دەرەکی و بە شێوەیەکی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوکاری پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی دەکرد لەو دو وڵاتەدا. لەو کاتەدا ئەمەریکا ئەو دو وڵاتەی داگیرکردبوو، هەڵسا بە دابینکردنی سەقامگیری بۆیان، دەستووری بۆ دارشتن و هاوکاری کردن لە جێبەجێکردنیدا. لەبەر ئەوە ئەو وڵاتانەی لە لایەن هێزێکی دەرەکیەوە رێنمایی ناکرێن و پێشتر ئەزموونی سەروەری یاسا و دیموکراتیکردنیان نییە، دووچاری دژواری دەبنەوە لە پێکهێنانی کۆدەنگییەك دەربارەی بەهاکانی دیموکراسی و سەروەری یاسا. هەروەها ئەو وڵاتانەی بە دەست دابەشبوونی ئەتنی و ناکۆکی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن، دووچاری زەحمەتی دەبنەوە لە چەسپاندنی بەها دیموکراسییەکاندا. لە لایەکی دیکەوە لە پرۆسەی پتەوکردنی دەسەڵاتی نەتەوەییدا، زۆرجار زاڵ بوونی پارتێکی دیاری کراو بەدی دەکەین بەسەر دەسەڵاتدا، نەك بوونی چەند پارتێکی رکابەر کە لە هەڵبژاردنەکان ململانێ لەگەڵ یەکتردا بکەن، بۆ نموونە لە یابان و کۆریای باشوور و مەکسیك و تایواندا، حاڵەتەکە بەم شێوەیە بوو. بەڵام دواتر گەشەی کردووە و بۆتە دیموکراسیەتێکی فرە حزبی.

***بەرەوپێشچوون و هۆشیاری کۆمەڵگە دوو هۆکاری گرنگن بۆ گۆڕینی سیاسەت و کەلتوور لەو کۆمەڵگەیەدا، ئایا چۆن ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە وەك پێویست بەرزدەکرێتەوە؟**

- لە راستیدا زەحمەتە لە حاڵەتی وێرانبوونی ژێرخانی حکومەت و ژێرخانی ئابووریدا، جا بە هۆی شەڕی ناوخۆییەوە بێت، یان داگیرکارییەکی دەرەکیەوە، ئەو ئامانجانە بهێنرێنەدی، لەبەر ئەوەی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و ژێرخانی حکومڕانێتی پێشمەرجن بۆ هەنگاونان بەرەو چەسپاندنی دیموکراسی و بنیاتنانی دیموکراسییەتێکی پێشکەوتوو. لە راستیدا پرۆسەی بە دیموکراتیکردن، پرۆسەیەکی دوردرێژە و چەندین ساڵ و چەند نەوەیەك دەخایەنێت و لە شەو و رۆژێکدا نایەتەدی، من پێم وایە کێشەی سیاسەتی ئەمەریکا لە پەرەپێدانی دیموکراسیدا رەچاونەکردنی ئەو راستیەیە کە دیموکراسی کاتێکی دورودرێژی دەوێت بۆ ئەوەی رەگ و ریشە لە کۆمەڵگەکەدا بچەسپێنێت و بۆ ئەوەی گەشەبکات. زۆرجار ئەو وڵاتانە ناچارن بە قۆناغی پتەوکردن و تۆکمەکردنی دەسەڵاتدا تێپەڕن کە زۆرجار بە

نادیموکراسی و تاکڕەوی لە قەڵەم دەدرێت لە لایەن چاودێرانی دەرەکیەوە، بەڵام پێویستن بۆ هێنانەدی سەقامگیری و بنیاتنانی ژێرخانەکان.

زۆرجاریش بە هەڵەتێگەیشتن و بەدحاڵیبونێك هەیە کە بریتییە لەوەی سازدانی هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆی هێنانەدی دیموکراسی، دیموکراسی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا کورت نابێتەوە، واتە هەڵبژاردانەکان بە شێوەیەکی سیحری و لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا نابنە هۆی بەرهەمهێنانی دیموکراسی. لە پاڵ هەڵبژاردانەکاندا پێویستمان بە بنیتنانی دامەزراوەکان، بە پێکهێنانی پەرلەمان، بە دەزگای جێبەجێکردن و پەرەپێدانی سیستەمی دادوەری دەبێت، هەروەها پێویستمان بە چاندن و چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراسی و لێبوردەیی نێوان گروپە ئەتنی و ئاینییە جیاوازەکان دەبێت. بەو پێیە جگە لە ڤەنزوێلا دەتوانین ئاماژە بە چەندین وڵاتی دیکە بکەین کە هەرچەندە هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام دیموکراسی نین. لە لایەکی دیکەوە دیموکراسی پرۆسەیە و هیچ پرۆسەیەکیش بێ کەم و کوڕی نابێت، تەنانەت ئەو دیموکراسییەتەی لە ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە کە سەدان ساڵە گەشەی دەکەن بێ کەم و کورتی نین. پەرەپێدانی دیموکراسیش کار و کۆششی جیددی و کاتی دووردرێژی دەوێت. هەروەها دیموکراسی شێوە و فۆرمی جیاوازی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی کەلتووری کۆمەڵگەکەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە دامەزراوە دیموکراسیەکان و بەها دیموکراسییەکان ڕەگوریشە دابنێن لە کۆمەڵگەکەدا.

## گۆڕینی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت دەبێت ببێتە هۆی باشترکردنی ئەدای ئابووری وڵاتەکە نەک تێکشکاندنی

***بەڵام لە پیرۆ و کە وڵاتێکی دیکەی ئەمەریکای لاتینە، پشتگیرکردنی ئابووری ئازاد و کەرتی تایبەت لە زیادبووندابوو، بەڵام ئێستا دەبینین کە دەرئەنجامەکە لە پیرۆ پێچەوانەیە، پرسیارەکە ئەوەیە میکانزیمەکانی گۆڕینی ئابووری لە ئابووریەکی مەرکەزییەوە بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد چین؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، پرۆسەی گۆڕینی ئەو ئابوورییەی لە لایەن مەرکەزەوە هەڵدەسوڕێنرێت بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد پرۆسەیەکی قورس و زەحمەتە. بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە دابەشبوونێکی نایەکسانی داهاتەکان هەیە و سەرچاوەگەلێکی ئابووری سنوورداریان هەیە. بۆ نموونە سەرەتا روسیا هەوڵی بە تایبەتکردنی کەرتی نەوت و غازیدا، بەڵام دواتر ڤلادمێر پۆتین دووبارە ئەو کەرتەی خۆماڵیکردەوە، بۆ ئەوەی داهاتەکان بۆ هەموو بەشەکانی وولاتەکە بێت و لە بوارەکانی دیکەدا بخرێنەگەڕ. تەنگژە و قەیرانی بە تایبەتکردن ئەوەیە کە چۆن موڵکە گشتییەکان بە شێوەیەکی ڕەوا بە تایبەت بکرێن و تەنیا دۆست و کەسە نزیکەکانی دەسەڵات سوودی لێوەرنەگرن. خاڵی دووەم ئەوەیە دەبێت ببێتە هۆی باشترکردنی ئەدای ئابووری وڵاتەکە نەك تێکشکاندنی. من ناتوانم ئاماژە بە یەك حاڵەت بکەم کە بە ئاسانی ئەم ئەرکە ئەنجام درابێت، لە حاڵەتی ڕووسیادا ئەو پرۆسەیە هاوشان بوو بە گەندەڵییەکی قووڵ و دەرئەنجامەکەی دروست بوونی چەند ملیونێریك بوو، بەڵام هاوڵاتیانی ئاسایی ڕووسیا سوودیان لێ نەبینی، ئەوەش توڕەیی و ناڕەزاییەکی بەربڵاوی لە ناو هاوڵاتیانی ڕووسیادا لێکەوتەوە.

***چۆن دەتوانین وابکەین کە زۆرینەی کۆمەڵگە باوەڕیان بە کەلتووری بنیاتنانەوە و پێکەوژیان و پێکەوەکارکردن بێت؟**

- ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە پێکهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەشەوە، زۆرجار تاکەکانی کۆمەڵگە لە سەر بناغەی ئەتنی، یان جوگرافی ناسنامەی خۆیان دیاری دەکەن، بەڵام دەبێت ئەو گروپانە شیعە بن یان سوننە، کورد بن یان تورکمان، خۆیان لە سەر بناغەی ناسنامەیەکی فراوانتر پێناسە بکەنەوە، بە چەشنێك هەموویان دڵسۆزی و وەلائیان هەبێت بۆ نەتەوە لە وڵاتەکەدا و ئاستە ئیتنی و ئاینی و جوگرافییەکەی خۆیان تێپەڕێنن. ئەوەش ئەرکێکی ئالۆزە نەك هەر لە عێراقدا، بەڵکو لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیادا، لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی جیاواز لە ناوچەیەکی دیارکراودا نیشتەجێن، کە ڕەنگە لە ڕووی ئیتنی و زمانەوە جیاواز بن.

لە چوارچێوەیەدا یەکێك لە خەسڵەتەکانی سەرکردەی باش ئەوەیە کە خاوەنی تیروانین بێت بۆ ئایندە، ئەگەرچی هەلومەرجی ئێستا ناسەقامگیر بێت، بەڵام تێڕوانینی هەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بارودۆخەکە بەرەو باشتر بەرێت و بە ئاقارێکی ڕاست و دروستیدا ببات. هەروەها دەبێت کراوە و لە خۆبردوبێت وبۆچوون و گۆشەنیگای گروپە ئەتنی و ئایینی و تایفییە جیاوازەکان لەبەرچاو بگرێت، وا دەرنەکەوێت کە تەنیا نوێنەرایەتی گروپێکی دیاری کراو دەکات. نابێت تەنیا لە پێناوی دەسەڵاتدا پەرۆشی بەدەستهێنانی دەسەڵات بێت، دەبێت ڕاستگۆ بێت و گەندەڵ نەبێت، نابێت هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردن بدات لە سەر حسابی هاوڵاتیەکانی وڵاتەکەی.

***کەواتە ڕاسپاردەت چیە بۆ ئەوەی ئێمە سوود لە سەرکەوتنی ئەزمونی ئیسپانیا وەربگرن و نەهێڵن ئەزموونە شکستخواردووەکانی ئەمەریکای لاتین دووبارە ببێتەوە؟**

- ئیسپانیا سەر بە کەلتووری ڕۆژئاوایە و بەهاکانی دیموکراسی ڕۆژئاوایی لەو وڵاتەدا ریشەی قوڵیان هەیە. لەبەر ئەوە ئەرکەکە لە ئیسپانیادا ئەرکێکی ئاسان بوو، ئەگەرچی وڵاتەکە ڕووبەڕوی تاکڕەوی بوویەوە، لە لایەکی ترەوە یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەوروپا کاریگەریەکی زۆریان هەبوو بۆ ئەوەی ئیسپانیا پێوەرەکانی حکومڕانێتی لە ئەوروپادا جێبەجێ بکات. بەڵام بارودۆخەکە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا جیاواز بوو، کە کودەتای سەربازی و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکاندا ئاستەنگ بوون. بەڵام دەبێت خەڵکی ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت کە دیموکراسی بە ڕەوتێکی خاو گەشەدەکات و دەبێت لەو ڕووەوە ئارامگربن، زۆرجار خەڵکی ئەو چاوەڕوانییەیان هەیە و پێیان وایە لە ماوەی پێنج بۆ دە ساڵدا دەتوانن دیموکراسی بچەسپێنن، بەڵام کاتێك ئەو ئامانجەیان بۆ نایەتەدی دووچاری نائومێدی دەبن. زۆرجار ئەو پرۆسەیە پەنجا بۆ شەست ساڵ دەخایەنێت، هەروەك ئەوەی لە حاڵەتی مەکسیکدا بەدی دەکەین. کە ڕێگایەکی دوردرێژی بڕیووە و هێشتا ڕێگایەکی دوورودرێژیشی لە پێشە.

مەحاڵە لە بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی و ناسەقامگیریدا بتوانرێت دیموکراسی بنیات بنێت

بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و ژێرخانی حکومڕانێتی پێشمەرجن بۆ هەنگاونان بەرەو چەسپاندنی دیموکراسی و بنیاتنانی دیموکراسییەتێکی پێشکەوتوو

بەدحاڵیبونێک هەیە لەوەی سازدانی هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆی هێنانەدی دیموکراسی، دیموکراسی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا کورت نابێتەوە، واتە هەڵبژاردانەکان بە شێوەیەکی سیحری و لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا نابنە هۆی بەرهەمهێنانی دیموکراسی

یەکێک لە خەسڵەتەکانی سەرکردەی باش ئەوەیە کە خاوەنی تیڕوانین بێت بۆ ئایندە، ئەگەرچی هەلومەرجی ئێستا ناسەقامگیر بێت، بەڵام تێڕوانینی هەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بارودۆخەکە بەرەو باشتر بەرێت

**پرۆفیسۆر هاوارد ویارد**

**ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی جۆرجیا بۆ گوڵان:**

# گۆڕینی کلتووری سیاسی کۆمەڵگە پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان هەیە



**پرۆفیسۆر هاوارد ویارد، وێڕای ئەوەی سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە هەمانکاتدا راگری کۆلێژەکەشە لەزانکۆی جۆرجیاو پسپۆڕو تایبەتمەندە لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و دروستکردنی بڕیار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لە هەمانکاتدا پسپۆڕە لە سیاسەتی پەرەپێدانی ئەمەریکا بەرامبەر ئەمەریکای لاتین و ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو ناوچەی بەلتیك، لەبوارەکان دیموکراتیزەکردن و کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکگرتنی نێوان ناتۆ،یەکیتی ئەورووپا**

**پرۆفیسۆر هاوارد، یەکێکە لەو پسپۆڕانەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئیسپانیای دوای فرانکۆیە، دەربارەی سەرکەوتنی ئەزموونی وەرچەرخانی ئیسپانیاو چۆنییەتی سوود وەرگرتن لەو ئەزموونە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**لە کاتی مردنی فرانکۆدا لە ئیسپانیا
هەموو گۆڕانە پێویستییەکان هاتبوونەدی
تەنها ئەوە مابوو گۆڕانەکە لە لوتکەدا رووبدات**

***ئەوەی لە پرۆسەی گواستنەوە بەدی دەکەین ئەوەیە کە ئەم پرۆسەی راگوزارییە لە هەندێ وڵاتدا بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهاتووە، بۆ نموونە لە ئیسپانیا لە دوای فرانکۆوە، بەڵام لە هەندێ وڵاتی دیکەدا شکستی هێناوە، بۆ نموونە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ئایا هۆکارەکانی سەرکەوتن لە ئیسپانیا و هۆکارەکانی شکست لە ئەمەریکای لاتیندا چی بوون؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆرباشە، لە راستیدا بەدحاڵیبوونێك هەیە لەو رووەوە، من پێم وایە بنەڕەتیترین هۆکار بۆ سەرکەوتنی ئیسپانیا ئەوەیە کە ئەو وڵاتە لە رووی کەلتووریەوە گۆڕانی بە سەردا هات، ئەگەرچی هێشتا دیکتاتۆرییەت حکومڕانی ئەو وڵاتەی دەکرد، من لە ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا لە ئیسپانیادا ژیاوم، لەو کاتەدا ئەگەرچی فرانکۆ لە دەسەڵاتدا بوو، بەڵام ئیسپانیا لە رووی کەلتوورییەوە وڵاتێکی ئەورووپی بوو، بەرەوپێشچوونێکی ئابووری گەورە لەو وڵاتەدا بەدی هاتبوو، چینی ناوەڕاست لەو وڵاتەدا دروستبوو، پارتە سیاسییەکان و یەکێتییەکان کار خۆیان رێکخستبوو. لەبەر ئەوە لە کاتی مردنی فرانکۆدا لە ساڵی ١٩٧٥، هەموو گۆڕانە پێویستییەکان هاتبوونەدی، تەنها ئەوە مابوو گۆڕانەکە لە لوتکەدا بێتەدی، ئەویش بە مردنی فرانکۆ بەدی هات، واتە کۆمەڵگە لە رووی سیاسی و کەلتووری و ئابووریەوە گۆڕانی پێویستی بە سەردا هاتبوو.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی گواستنەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، پێویست بە بوونی دەستوورێك دەکات بۆ ئەوەی ببێتە رێبەرێك بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان، هەروەك ئەو دەستوورەی ئێوە لەعێراقدا هەتانە، کە رەنگە هەندێ جاریش پێویست بە دووبارە داڕشتنەوە بکات. هەروەها سەرکەوتنی ئەم ئەرکە پێویست بە پەرەپێدانی ئابووری و گۆڕینی کەلتووری سیاسی دەکات، لە هەمان کاتدا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هاوکاری ئەو هەوڵانە بکات.

***کەواتە هۆشیاری وئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگە دوو هۆکاری گرنگن بۆ بەرەو پێشەوەچوونی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی، ئایا چۆن دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژێرخانەکەی وێران بووە دەتوانین هۆشیاری و بەرەوپێشچوونی تیا بەدەست بهێنین؟**

- ئەوەش پرسیارێکی باشە، لە راستیدا ئەوە پرۆسەیەکی خاوە و رەنگە دوو تا سێ نەوە بخایەنێت، نەك دوو تا سێ ساڵ، ئەمەریکییەکان پێیان وابوو، دەتوانن لە ماوەی دوو تا سێ ساڵدا دیموکراسی بهێننەدی، بەڵام رەنگە ئەو پرۆسەیە سەدەیەك بخایەنێت. پرۆسەی بیناتنانەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی دامەزراوەکان، وەك هێزەکانی پۆلیس و سوپا، پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان و یەکێتییەکانی کار و رێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی، پرۆسەیەکی دوورودرێژە و لە ماوەیەکی کورتدا نایەتەدی، هەروەها ئەم پرۆسەیە پێویستی بە جێگیرکردنی ئارامی و سەقامگیری هەیە، پێویستی بە دوورکەوتنەوە لە شەڕی ناوخۆیی و داگیرکاری دەرەکی هەیە.

**ڤەنزوێلا لە زۆر رووەوە لە عێراق دەچێت
بەڵام جیاوازی گەورەش لە نێوانیاندا هەیە**

*** ئەگەر ئاماژە بە ڤەنزوێلا بکەین، هەرچەندە سەرۆکی ئەو وڵاتە لە رێی دەنگدانەوە جڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، بەڵام شکستی هێناوە لە بواری پەرەپێدانی ئابووری و چەسپاندنی دیموکراسی لەو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هەڵبژاردنەکانی ڤەنزوێلا نەبوون هۆی هێنانەدی دیموکراسی، ئایا هیچ لێکچوونێك هەیە لە نێوان ئەم وڵاتە و وڵاتی عێراقدا؟**

- دیسانەوە ئەوە یەکێکی ترە لە پرسیارە باشەکان. ڤەنزوێلا بە چەشنی عێراق خاوەنی سەرچاوەگەلێکی سروشتی گەورەیە، بە تایبەتی نەوت، خەڵکێکی خوێندەوار و رۆشبیری هەیە، چینی ناوەڕاست هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٩دا دەرکەوت کە پارتە سیاسییەکان و حکومەتی ئەو وڵاتە لە گەندەڵییەوە

تێوەگلاون، هۆگۆ شافێز سوودی لە خراپ بوونی بارودۆخەکە وەرگرت و لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بە دەست هێنا. بەڵام دوای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات وەك سیاسییەکی تاکرەو رەفتــاری کرد. **ڤەنزوێلا لە زۆر رووەوە لە عێراق دەچێت، بەڵام جیاوازی گەورەش هەیە، بۆ نموونە پێش ئەوەی شــافێز بگاتە دەسەڵات پەنجا ســاڵ بوو دیموکراسی لە ڤەنزوێلادا هەبوو، لە راســتیدا هەمیشە ترســی ئەوە هەیە دیموکراسی ببێتە هۆی پێچەوانەکردنەوەی قۆناخــی راگوزری کە نەتەوەیەکی دیاری کراو پێیدا تێدەپەڕێــت و ببێتە هۆی گەڕانەوەی حکومەتێکی تاکڕەو**، ئەمە دەقا و دەق لە ڤەنزوێلادا روویدا، لەبەرئەوەی پێشتر ئەو وڵاتە وەك وڵاتێکی زۆر ئارام و دیموکراسی و گەشەکردوو دەردەکــەوت، بەڵام دواتر دەســەڵاتێکی تاکڕەوی حوکمی ئەو وڵاتەی گرتەدەست.

**کەلتووری کۆلونیالی**
**هۆکاری شکستی ئەمەریکای لاتین بوو**

ووڵاتانی ئەمەریکای لاتین هەر لەساڵی ١٨٢٠ەوە سەربەخۆیی خۆیان لە ئیســپانیا و پورتوگال وەرگرتــەوە، بەڵام کەلتووری کۆلۆنیاڵی لەو وڵاتانەدا بوونــی هەبوو، کە بریتی بوو لەوەی دەوڵەت کۆنترۆڵی هەموو ســەرچاوەکان بــکات، بە تایبەتی ســەرچاوە سروشــتییەکان، ئەمە لە وڵاتانــی ڤەنزوێلا و پیرۆ و بۆلیڤیــا بەدی دەکەین. بەڵام پێدەچێــت پیرۆ لەم قۆناغەدا سەرکەوتوبێت، لەبەرئەوەی دیموکراسیەتێکی زیندوو هەیە لەو وڵاتەدا، هیــچ ئاماژەیەك نییە کە ئەو وڵاتــە بگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی تاکڕەوی، هەروەها بارودۆخــی ئابووری ئەو وڵاتە بارودۆخێکە باشــە، ئابــووری ئەو وڵاتە بە هــۆی هەناردەوە گەشەی کردووە، چاکسازی لە زۆر بواری ئابووریدا کراوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشــدا هێشتا ئەم پرۆســەیە تەواو نییە و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت پێچەوانەوە بێتەوە.

**گۆڕینی کەلتووری سیاسی لە کۆمەڵگەدا**
**پێویستی بە بەزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان هەیە**

*** کەواتــە پەرەپێدانی کەلتووری لە دوای قۆناخی کۆلونیالی هەنگاوێکی گرنگە، بە چەشنێك زۆرینەی کۆمەڵگە باوەڕیان بە کەلتووری بنیاتنانەوە و پێکەوژیــان و پێکەوەکارکردن بێت، چۆن دەتوانین ئەم ئەرکە راپەڕێنین؟**

- لە راســتیدا ئەوە پرۆســەیەکی دوردرێژە، من لە نوســینە ئەکادیمییەکانــی خۆمــدا زۆر بــە چڕ و پڕی لەســەر ئەم مەســەلەیەم نوســیووە، گۆڕینــی کەلتــووری سیاســی لە کۆمەڵگــەدا رەنگە چەند نەوەیــەك بخایەنێت، ئەم گۆڕینەش پێویســتی بە بەزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان هەیە، پێویستی بە گۆڕینی بەها و بیرکردنەوە و رەفتاری خەڵك هەیە، دەبێت عێراق هەوڵبدات بێتە بەشێك لە جیهانی هاوچەرخ، نەك هەوڵی دابڕان و گۆشــەگیری بدات، لەبەر ئەوە نزیکبوونەوە و ئاوێتەبوون لە گەڵ کەلتوورەکانی دیکەدا دەبێتە هۆی کرانەوە و زەمینەسازکردن بۆ گۆڕینی کەلتووری سیاسی.

***ئایا گەشــبینیت بەوەی عێراقی دوای ســەددام حوسێن بە هەمان شێوەی ئیسپانیای دوای فرانکۆ سەرکەوتوو دەبێت؟**

- نەخێر من گەشــبین نیم، لەبەرئەوەی ئێوە بە چەند وڵاتێك دەورە دراون کــە زۆریان هەڵوێســتێکی دوژمنکارانەیان هەیە بەرامبەرتــان، هەروەها هێزی داگیــرکار هەیە لە عێراقدا، کە زۆرجار ئەم هێزە هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە لە سیاسەتی ناوخۆی ئەو وڵاتەدا، لە هەمان کاتدا ئێوە پێویســتتان بە بنیاتنانی ئەو دامەزراوانە هەیە کە ئیسپانیا لە کاتی مردنی فرانکۆدا بنیاتی نابوو، لە لایەکی ترەوە ئێوە پێویستتان بە بوژاندنەوەی ئابووری هەیە، کە نەك تەنها پشــت بە هەناردەکردنی نەوت ببەستێت. خاڵێکــی تر ئەوەیە عێراق لە ناوخۆدا لە نێوان گروپە ئاینی و ئیتنی و خێڵەکییەکاندا دابەش بووە، بە پێچەوانەی ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆ کە وڵاتێکی یەکگرتووە بوو، لەبەرئەوە ئەمە ئەرکێکی قورســە و کاتێکی زیاتر دەخایەنێــت بە بەراورد بە ئیسپانیا.



**بنەڕەتیترین هۆکار بۆ سەرکەوتنی ئیسپانیا ئەوەیە کە ئەو وڵاتە لە رووی کەلتووریەوە گۆڕانی بە سەردا هات، ئەگەرچی هێشتا دیکتاتۆرییەت حکومڕانی ئەو وڵاتەی دەکرد، واتە کۆمەڵگە لە رووی سیاسی و کەلتووری و ئابووریەوە گۆڕانی پێویستی بە سەردا هاتبوو**

**گۆڕینی کەلتووری سیاسی لە کۆمەڵگەدا رەنگە چەند نەوەیەک بخایەنێت، ئەم گۆڕینەش پێویستی بە بەزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان هەیە، پێویستی بە گۆڕینی بەها و بیرکردنەوە و رەفتاری خەڵک هەیە، دەبێت عێراق هەوڵبدات بێتە بەشێک لە جیهانی هاوچەرخ، نەک هەوڵی دابڕان و گۆشەگیری بدات**

**ئێوە پێویستتان بە بوژاندنەوەی ئابووری هەیە، کە نەک تەنها پشت بە هەناردەکردنی نەوت ببەستێت. عێراق لە ناوخۆدا لە نێوان گروپە ئاینی و ئیتنی و خێڵەکییەکاندا دابەش بووە، بە پێچەوانەی ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆ کە وڵاتێکی یەکگرتوو بوو، لەبەرئەوە ئەمە ئەرکێکی قورسە و کاتێکی زیاتر دەخایەنێت بە بەراورد بە ئیسپانیا**

**پرۆفیسۆر مارک هاریسۆن**

**ئوستادی ئابووری لە زانکۆی کامبریج بۆ گوڵان:**

# پەرەپێدانی هۆشیاری هاووڵاتیان مەرجێکە بۆ سەرکەوتنی قۆناخی بونیادنانەوە



**پرۆفیسۆر مارک هاریسۆن، ئوستادی ئابووری سیاسییە لە زانکۆی کامبریج، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کاریگەری ئابووری بۆ پێشخستنی وڵات و هەروەها تایبەتمەندی ئابووری سەنترالّی و ئابووری بازاڕی ئازاد.**

**مارک هاریسۆن لە بواری ئابووری سیاسیدا چەندین توێژینەوە و کتێبی گرنگی هەیە، لەوانە:**

***تێڕوانینێکی ئابوورییانە بۆ تیرۆریستە خۆکوژەکان.**

*** سۆڤیەت لەژێر ئابوورییەکی سەنتراڵیدا.**

*** سەرچاوەکانی وەرچەرخانی دوای شەڕی دووەمی جیهان.**

**بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی سەرکەوتنی پرۆسەکانی بونیادنانەوە و دامەزراندنی حکومەت لە قۆناخی بونیادنانەوەدا پرۆفیسۆر مارک هاریسۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### لە قۆناخی بونیادنانەوەدا دەبێت پەرە بە هۆشیاری هاوڵاتیان بدەین

*** کاتێك باس لە حکومەتی دیموکراسی دەکەین دەبێت پێشتر چەند بنچینەیەك یاخود چەند هەنگاوێك هەڵگیرابن، وەك دامەزراندنی دامەزراوە حکومییەکان و ڕێزگرتن لە سەروەری یاسا. کەواتە بە پێی لێکدانەوەی ئەو بناخانە چین کە دەبێت بەرەو بنیاتنانی حکومەتێکی دیموکراسی هەڵیان بگرین؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورس و گرنگە، لە ڕاستیدا مەحاڵە بتوانرێت لە بارودۆخی شەڕدا سیستەمێکی دیکتاتۆری بگۆڕدرێت بە سیستەمێکی دیموکراسی. لەبەر ئەوە دەبێت سەرەتا بارودۆخێکی ئارام و سەقامگیر بخولقێت، دواتر دەبێت پەرە بە هۆشیاری هاووڵاتییان بدەین، بە چەشنێك هەمووان یەکسان بن و کەس بە هۆی هۆکاری ئەتنی، ئایینی، تائیفی و نەتەوەییەوە لە پێگەیەکی نزمتردا دانەنرێت. لە لایەکی دیکەوە دەبێت هەوڵی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بدرێت، هەروەها بێ ڕێزگرتنی ڕکابەرەکان ناتوانرێت دیموکراسی جێگیر بکرێت. زۆرجار ئەم پرۆسەیە سەد ساڵ دەخایەنێت، لەبەر ئەوە ئەمە هەم ئەرکێکی قورسە و هەم پرۆسەیەکی دوورودرێژیشە.

کاتێك لە ئەزموونە مێژووییەکان دەڕوانیت، ئەوا ئەو ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێت کە ئەم پرۆسەیە کاتێکی زۆر دەخایەنێت. چەسپاندنی دیموکراسی و سەروەری یاسا لە ماوەیەکی کورتدا نایەنەدی. ئەوەی پەیوەندی بە سەروەری یاساوە هەبێت، ئەوا دەبێت خودی بەرپرس و بڕیاربەدەستەکانیش پابەندی یاسابن، نەك لە سەرووی یاساوە بن، واتە دەبێت یاساکان بە یەکسانی بە سەر هەمووواندا بسەپێنرێت. لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەو کلتوورە بچەسپێنین کە پەرەپێدانی ئابووری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەبنە هۆی هێنانەدی خۆشگوزەرانی نەك هەڵگیرساندنی شەڕ.

### ئەگەر ڤەنزوێلا و عێراق و ڕووسیا نەوتیان نەبووایە لەوانەیە لە بارودۆخێکی باشتردابوونایە

*** لە هەندێك وڵات، بۆ نموونە ڤەنزوێلا، هەرچەندە سەرۆکی ئەو وڵاتە لە ڕێی دەنگدانەوە جڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، بەڵام شکستی هێناوە لە بواری پەرەپێدانی ئابووری و چەسپاندنی دیموکراسی لەو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هەڵبژاردنەکانی ڤەنزوێلا نەبووە هۆی هێنانەدی دیموکراسی، ئایا بوونی نەوت لەو وڵاتەدا هۆکارێکە بۆ ئەو دەرئەنجامە؟**

- دیموکراسی میکانیزمێکە، ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی کۆمەڵگە. بەڵام زۆرجار دیموکراسی بێ کەموکورتی نابێت، لەبەر ئەوە دیموکراسیش چارەسەرێکی سیحری نییە بۆ کێشەکان. ئەوەی پەیوەندی بە بوونی نەوتەوە هەبێت، ئەوا زۆرجار بوونی نەوت دەبێتە هۆکارێك بۆ ململانێ و کێشمەکێش لەسەر داهاتەکانی ئەو سەرچاوەیە، کە زۆرجار باجی ئەو ململانێیە هاووڵاتییان دەیدەن، یان بە گوزارشتێکی تر ئەو ململانێیە لەسەر حسابی هاووڵاتییان دەکرێت، لەبەر ئەوە ڕەنگە وڵاتانی ڤەنزوێلا و عێراق و ڕووسیا لە بارودۆخێکی باشتردابوونایە، ئەگەر نەوت لەو وڵاتانەدا نەبووایە. یەکێك لەو دەرسانەی دەبێت فێری بین ئەوەیە کە ئابووری مەرکەزی دەرئەنجامی خوازراوی لێناکەوێتەوە، نە لە ڕووی سیاسی و نە لە ڕووی ئابوورییەوە. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، لە ڕووسیا و وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی، هەوڵی بە نامەکەزیکردنی ئابوورییاندا، بەڵام ئەم هەوڵە هاوشان بوون بە گۆڕانی سیاسی، لەبەر ئەوەی گۆڕینی سیستەمی ئابووری، گۆڕانی سیاسیش لە خۆدەگرێت، وەك جێگیرکردنی دیموکراسی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومڕانەکان.

### ئەوانەی جەخت لەسەر ئامانجە کورتخایەنەکان دەکەنەوە زیان بە کۆمەڵگەکە دەگەیەنن

***زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە یەکێك لە خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی کردن بوونی ڕێباز و ڕێچکەی حکومڕانیکردنە، بە پێچەوانەوە پرۆسەی بەرەوپێشچوون بەردەوام نابێت، کەواتە ئەو هۆکارانە چین وا دەکەن سیاسەتمەدارێك ببێتە سەرکردەیەکی باش؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت سیاسەتمەداران تێڕوانینیان بۆ ئایندەی دوور هەبێت و ئامانجی دوورمەودایان هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتمەدارانەی پتر جەخت لەسەر ئامانجە کورتخایەنەکان دەکەنەوە زیان بە کۆمەڵگەکە دەگەیەنن، کێشەکە ئەوەیە زۆرجار ئەو سیاسەتمەدارانە چاویان لەوەیە دووبارە هەڵبژێردرێنەوە و ڕەنگە ئامانجە درێژخایەنەکانی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە لەبەرچاو ناگرن. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی دیموکراسی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەوەیە کە ئەو کەسەی پێشتر سەرۆك وەزیران بووە، ئێستا دووچاری مەترسی کوشتن و گرتن و سوکایەتیپێکردن نابێتەوە. واتە ئەو سیاسەتمەدارانە لە دەسەڵات بن، یان لە بەرەی بەرهەڵستکاردا یاخود لە کاری سیاسیش دوورکەوتبێتنەوە، ڕێز و پێگەی خۆیان هەیە، بۆیە لە کاتی دۆڕاندنیاندا لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوە کە دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سەرکەوتن بە دەست بهێننەوە. هەر ئەمەش نهێنی بەردەوامی بوونی دیموکراسییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەسەڵاتدارێك مەترسی ئەوەی هەبوو، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا شکستی هێنا ئەوا دووچاری زیندانی و دەست بەسەرکردن دەبێت، ئەوا بە هەموو شێوەیەکی هەوڵی پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی دەدات و ڕێگا بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نادات.

### نابێت ڕێگە بدرێت کەمینەیەک سامان و داهاتی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکەن

*** لایەنێکی تر بریتییە لە پەرەپێدانی کلتووری، بە چەشنێك زۆرینەی کۆمەڵگە باوەڕیان بە کلتووری بنیاتنانەوە و پێکەوەژیان و پێکەوەکارکردن بێت، چۆن دەتوانین ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنین؟**

- گرنگرتین کارێك لەو ڕووەوە بکرێت بریتیە لە بەکارهێنانی سەروەت و سامانی وڵاتەکە بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندی گشتی و هێنانەدی خزمەتگوزاری گشتی. ئەوکاتە دانیشتوانی وڵاتەکە هەستێکی هاوبەشیان لا دروست دەبێت و دەتوانن پێکەوە کاربکەن، نابێت ڕێگە بدرێت کەسانێکی کەم سامان و داهاتی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکەن و ئەوانی تری لێ بێبەش بکەن. عێراق خاوەنی سامان و سەرچاوەیەکی گەورەیە، بە تایبەتی نەوت، کە دەبێت بەو شێوەیەی پێشتر ئاماژەم پێکرد بەکار بهێنرێت.

**پرۆفیسۆر جۆزیف کلیسنر**
**ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئۆهایۆ بۆ گوڵان:**

# ئەگەر ژێرخانەکانی وڵات خراپ وێرانکرابن پرۆسەی بونیادنانەوە سنووردار دەبێت



**پرۆفیسۆر جۆزیف کلیسنر، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئۆهایۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەم بوارانە: ((دیموکراسی هاوچەرخ، سیاسەتی ئەمەریکای لاتینی، سیاسەتی رووسیا و سۆڤێتی پێشوو، دیموکراسی و گەشەپێدان لە ئەمەریکای لاتینی)). لەم بوارەشدا چەندین کتێبی هەیە لەوانە:**
*** سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بەشداری سیاسی لە ئەمەریکای لاتین.**
*** حکومڕانی تاك لایەنە لە ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەورووپا.**
**بۆ قسەکردن لەسەر وەرچەرخانی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراسی و گەشەسەندن و ئەو تەحددییانەی رووبەڕووی دەبێتەوە، پرۆفیسۆر جۆزیف کلیسنر بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

## چەسپاندنی ئاسایش و سەروەری یاسا گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە

***بە پێی لێکدانەوەی ئێوە لە وڵاتی دوای شەڕدا کە یاسا سەروەر نییە و دامەزراوە حکومییەکان وەك پێویست کامڵ نەبوون، ئایا ئەو بناخانە چین کە دەبێت بەرەو بنیاتنانی حکومەتێکی دیموکراسی هەڵیان بگرین؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورسە. لە ڕاستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر هەلومەرجەکان. یەکێك لە گرنگترین میکانیزمەکان بوونی سیستمێکی هەڵبژاردنی عادیلانەیە، بە چەشنێك پارتە جیاوازەکان بتوانن رکابەری بکەن و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکەن، بە پێچەوانەوە خەڵکی لە پرۆسەکانی دەنگدان دووردەکەونەوە. هەروەها دەبێت ئاسایش دابین بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کەس و لایەنانەی خوازیاری بەشداری کردنن لە پرۆسە سیاسییەکەدا دووچاری هەڕەشە و مەترسی و کوشتن نەبنەوە. بێ دابینکردنی ئاسایش ناتوانرێت کەشی ململانێ و رکابەرێتی راستەقینە بخوڵقێنرێت. واتە دەبێت هەڵبژاردنەکان لە چاو دیدی هاووڵاتیان و لایەنە بەشداربووەکانەوە شەرعیەتی هەبێت، بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکانی قبوڵ بکەن.

هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد چەسپاندنی ئاسایش و سەروەری یاسا، گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە، لە لایەکی دیکەوە پەرەپێدانی سیستمی پەروەردە کاریگەری هەیە لە سەر سەرکەوتنی دیموکراسییەکە. هەروەها تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان دەسەڵاتە ئاینی و دەسەڵاتە عەلمانییەکانیش گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە.

***ئەوە بەدی دەکەین کە ئەم پرۆسەی راگوزەرییەوە لە هەندێ وڵاتدا بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهاتووە و لە هەندێ وڵاتی دیکەدا شکستی هێناوە. ئایا هۆکارەکانی شکستی ئەم پرۆسەیە چین؟**

- لە ڕاستیدا ئەم قۆناخە پێویست بەوە دەکات لایەنەکان سازش بۆ یەکتری بکەن، نەك پێداگیری بکەن لە سەر هێنانەدی تێکڕای داواکارییەکانیان، بۆ ئەوەی کەشی پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن بڕەخسێت.

## ئەگەر ژێرخانەکانی وڵات زۆر بە خراپی وێران بووبێت ئەوا پرۆسەی بەرەوپێشچوون سنووردار دەبێت

***بەرەوپێشچوون و هۆشیاری کۆمەڵگە دوو هۆکاری گرنگن، ئایا چۆن دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژێرخانەکەی وێران بووە دەتوانین هۆشیاری و بەرەوپێشچوونی بەدەست بهێنین؟**

- لە راستیدا ئەوە ئەرکێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی پێویست بە دووبارە بنیاتنانەوە ئەو ژێرخانە وێرانکراوانە دەکات و هەندێ جار پێویست بە بنیاتنانی ژێرخانی نوێ دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر ژێرخانەکان زۆر بە خراپی وێران بووبێت، ئەوا پرۆسەی بەرەوپێشچوون سنووردار دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت بنیاتنانەوەی ژێرخان بکرێتەوە ئەولەویەتی ژمارە یەك، چونکە بەبێ ئەم بنیاتنانەوەیە هەنگاوەکانی تری بەرەوپێشچوون بەردەوام نابن.

ئەو دەرئەنجامەی لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا هاتوونەتە دی، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنەوە، یەکەمیان ئەو سەرکردانەی جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست، شکستی سەرکردەکانی پێشوویان لەبەرچاو گرت و گرنگی مۆدیلی بازاڕی ئازادیان ڕەچاو کرد، بە تایبەتی کە هەندێکیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا خوێندنیان تەواو کردبووە. هۆکارەکەی دیکە بریتییە لە فشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە ئەو جۆرە ئابوورییە پیادە بکەن.

***زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە یەکێك لە خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی کردن بوونی رێباز و ڕێچکەی حکومڕانیکردنە، بە پێچەوانەوە پرۆسەی بەرەوپێشچوون بەردەوام نابێت، کەواتە ئەو هۆکارانە چین وا دەکەن سیاسەتمەدارێك ببێتە سەرکردەیەکی باش؟**

- راستە دەبێت سەرکردەکان هەندێ جار بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەن، بەڵام دەبێت بە جیددی خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیان لە بەرچاو بگرن و رێز لە بیروبۆچوونی خەڵك بگرن.

*** چۆن دەتوانین وابکەین کە هەموو خەڵك بوونیادناوە بەئەرکی خۆیان بزانن و هاریکاری حکومەتی خۆیان بکەن؟**

-لە راستیدا تەحەدداکە ئەوەیە کە خەڵکی قەناعەت پێبکەیت کە هاوئامانجن، یاخود ئامانجەکانیان پێکناکۆك نییە، ئەوەش پێویستە بە پەرەپێدانی ئاستی پەروەردە و هۆشیاری هەیە، هەروەها پێویستی بە پەرەپێدانی ناسنامەی گشتی هەیە، پەرەپێدانی مەنهەجەکانی پەروەردە و بوونی ئەو مامۆستایانەی کە پێوەی پابەند بن، کاتی دەوێت و هەندێ جار چەند نەوەیەك دەخایەنێت.

# پێدەچێت هەڵبژاردنەکانی
# ئەمڕۆ پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر

**رەتکردنەوەی پێشنیارەکانی دیمستۆرا لەلایەن تورکمان و عەرەبی کەرکووکەوە کارێکی هەروا لە خۆوە نییە و پێدەچێت، عەرەب و تورکمانی کەرکووک زۆر دڵنیا ن لە کارتی زۆرینەی ناو پەرلەمان**

رۆژی سێ شەممەی رابردوو لە ئاکامی هاتنە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان پەرلەمانتارەکانی یەکگرتووی ئیسلامی وەك هەڵوێستـــــت وەرگرتنێـــــك بەرامبەر پێداگرتنی ســـەرۆکی پەرلەمانی عێراق د. مەحمود مەشهەدانی بۆ ئەوەی دەنگ لە یاسای پارێزگاکان بدرێت بەو پێشنیارەی تورکمان و عەرەبەکانی کەرکووکەوە کە داوایان کردووە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بەرێـــــژەی ٪٣٢ بۆ کورد و عـــــەرەب و تورکمان و ٪٤ بۆ کلدو ئاشووری دابەش بکرێت.

بێگومان ئەم هەڵوێســـــت وەرگرتنـــــە روویەکی ئیجابی هەیە کە کورد دەتوانێت ئەگەر یاسایەکی بەدڵ نەبێت هەڵوێستی توندی لەســـــەر وەربگرێت، بەڵام دیســـــان روویەك سلیشی هەیە، لەبەر ئەوەی پەرلەمانتارە عەرەبەکان بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە وێڕای هاتنە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە دوو دانیشتنی پەرلەمانـــــدا هەوڵیانـــــداوە بە حکومی زۆرینەی ئەم یاســـــاییە تێپەڕێنن، بەڵام دانیشتنەکانی ئێســـــتای یاسایی تەواونەکردووە، هەر بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر نیسابی یاسای دانیشتنەکان تەواو بوایە و دەنگ بدرایە، ئایا هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستان چی دەبوو؟

راستە ئێستا سەرۆك کۆماری عێراق بەرێز مام جەلال نوێنەری هاوپەیمانی کوردســـــتانە و هەر یاســـــایەك پەرلەمان دەریبکات دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای سەرۆك کۆمار، ئەمەش کارێکی باشە کە لەلایەن ســـــەرۆکی کۆمارەوە تەعـــــن دەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و ئەگەر جاری دووەمیش تەعن کرایەوە، دەبێت ٥,٣ی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی بۆ بدەن.

بەڵام پرســـــیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر سەرۆك کۆمار کورد نەبێت، ئایا ئێمە جارێکی دیکە لە ژێر مەترسی زۆرینەی دیموکراسیدا نین، ئایا ئەمجارەیان نابینەوە قوربانی دەســـــتی دیکتاتۆرییەت بەڵام لە ناو هۆڵی پەرلەماندا.

### پێدەچێت عەرەبی عێراق بەڵێنیان بە تورکمان دابێت

رەتکردنەوەی پێشـــــنیارەکانی دیمســـــتۆرا لەلایەن تورکمان و عەرەبـــــی کەرکووکەوە کارێکی هەروا لە خـــــۆوە نییە و پێدەچێت، عەرەب و تورکمانی کەرکووك زۆر دڵنیاین لە کارتی زۆرینەی نـــــاو پەرلەمان ئەم دڵنیایەتییەی



# کەرکووک دوابخرێت

## یاسایەک دەدات دژی دەستووری عێراقە

له خۆوه نه‌هاتووه:

-١ ئه‌و یاسای هه‌ڵبژاردنی پارێزگایه‌ی له‌لایه‌ن حكومه‌تی عێراقه‌وه بۆ په‌رله‌مان، كه‌ركوك وه‌ك حاڵه‌تێكی تایبه‌تی دیاری نه‌كردووه.

-٢دیاریكردنی كه‌ركووك وه‌ك حاڵه‌تێكی تایبه‌تی به پێشنیاری په‌رله‌مانتاره عه‌ره‌ب و توركمانه‌كانی كه‌ركووك به‌بێ پشتگیری په‌رله‌مانتاره عه‌ره‌به‌كانی دیكه سه‌رناگرێت، هه‌ر بۆیه پێشنیاره‌كه‌یان له‌لایه‌ن ٥٧ په‌رله‌مانتاری دیكه‌ی عه‌ره‌به‌وه پشتگیری كراوه و ئه‌گه‌ر مه‌ترسی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی رێككه‌وتنی چوار قۆڵی و رێككه‌وتن نێوان كورد و حزبی ئیسلامی نه‌بوایه، له‌وانه‌یه ئه‌و ژماره‌یه زیاتر بوایه.

-٣هه‌ڵوێستی سه‌رۆكی په‌رله‌مانی عێراق به‌بێ گه‌ڕانه‌وه بۆ دوو جێگره‌كه‌ی و دانانی یاساكه به پێشنیاری عه‌ره‌ب و توركمانه‌كانه‌وه بۆ ده‌نگدان و گوێ نه‌گرتن له ناڕه‌زاییه‌كانی لیستی هاوپه‌یمانی كوردستان، نیشانه‌یه‌كی دیكه‌ی ترسناكی دژایه‌تی خواسته‌كانی كورده له نێو په‌رله‌مانی عێراقدا.


**بۆچی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دابەشبکرێت؟**

له‌وانه‌یه پێكهاته‌كانی كه‌ركووك به‌تایبه‌تی و عه‌ره‌بی عێراق به‌گشتی هه‌ڵوێستی سه‌رده‌میانه‌ی سه‌ركردایه‌تی سیاسی كوردستان بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كان به رێگه‌ی دیالۆگ و ئاشتیانه، به خاڵێكی لاواز بۆ كورد لێك بده‌نه‌وه ، ئه‌گه‌ر نا كاتێك سه‌ركردایه‌تی سیاسی كوردستان و هاوپه‌یمانی كوردستان له ناو په‌رله‌مانی عێراق شێوازی ته‌وافوق و پێكه‌وه گونجاو پیاده ده‌كه‌ین ده‌بوو له‌لایه‌ن پێكهاته‌كانی دیكه‌وه رێزی لێ بگرێت، نه‌ك هه‌وڵ بدرێت گه‌له كۆمه‌كێ و پیلانی له دژی رێكبخرێت.

ئێستا خه‌ریكه ته‌واوی پیلانه‌كان به دژی چاره‌نووسی كه‌ركووك و گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ سه‌ر هه‌رێمی كوردستان ئاشكرا ده‌بن، له عێراقدا ته‌نیا پێكهاته‌ی كه‌ركووك تێكه‌ڵاو نییه هه‌تا حسابی تایبه‌ت بۆ كه‌ركووك بكرێت، به‌ڵكو نیوه‌ی زیاتری شاره‌كانی عێراق پێكهاته‌كه‌ی تێكه‌ڵاوه، بۆیه زۆر گرنگ له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی كه‌ركووك پیته‌كان خاڵبه‌ند بكرێت و به‌و زمانه قسه له‌گه‌ڵ به‌رامبه‌ر بكرێت كه تێی ده‌گه‌ن.

نه‌زمانێك كه زمانی ئاشتی و دیالۆگه به خاڵی لاواز و ته‌سلیم بوون ته‌فسیر بكرێت.

**له عێراقدا تەنیا پێکهاتەی کەرکووک تێکەڵاو نییە هەتا حسابی تایبەت بۆ کەرکووک بکرێت، بەڵکو نیوەی زیاتری شارەکانی عێراق پێکهاتەکەی تێکەڵاوە، بۆیە زۆر گرنگ لەسەر مەسەلەی کەرکووک پیتەکان خاڵبەند بکرێت و بەو زمانە قسە لەگەڵ بەرامبەر بکرێت کە تێی دەگەن**





**فریاد رەواندوزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# د. مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان زۆر هەوڵیدا یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەدژی کورد تێپەربکات

**فریاد رەواندوزی وتەبێژی فەرمی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە نێو پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە وردەکارییەکانی کشانەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە رۆژی سێ شەممەی رابردوو بۆ دەنگدان لە سەر یاسای پارێزگان کە تیایدا کەرکوك وەك حاڵەتێکی تایبەتی دانراوە و هەروەها سەبارەت بەو وتووێژە چڕوپڕ و هەمەلایەنەی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت بۆ دەنگدان، ئەمڕۆ دوو شەممە ٢٠٠٨/٧/٢١ بەمجۆرە وردەکارییەکانی بۆ گوڵان خستەروو.**

## عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک به پێشنیارەکانی دیمستۆرا رازی نەبوون

***ڕۆژی سێشەممەی رابردوو لەسەر یاسای ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان هاوپەیمانی کوردستان هەڵوێستێکی جوانی هەبوو، دیاربوو ئەو هەڵوێستەش بووە هۆی ئەوەی دەنگدان نەکرێت و بکەوێتە رۆژی دووشەممەی داهاتوو، من دەمەوێت لە جەنابت بپرسم ئایا ئەم یاسایە چۆن بەبێ رەزامەندی هاوپەیمانی کوردستان خرایە دەنگدانەوە؟**

-بێگومان پرۆژەی یاسایەکە لە لایەن حکومەتەوە هاتبوو، بە شێوەیەکی گشتی پرۆژەیەکی باشە ئێمە وەکو هاوپەیمانی کوردستان رەئییەکی ئیجابیمان داوە دەربارەی پرۆژە یاسایەکە، بەڵام کاتی کە پرۆژە یاساییەکە بۆ جاری یەکەم خوێندرایەوەو جاری دووەم دوای دەخوێندرێتەوەو بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەوەبوو لەو گفتوگۆیانەدا تورکمان و عەرەبەکانی کەرکووك کە ئەندامانی پەرلەمانی عێراقن، ووتیان ئێمە پێشنیازێك دەکەین و پێشنیازەکەشیان بەرزکردبۆووەو ٥٧ ئەندامی پەرلەمان ئیمزایان بۆ کردبوون بەوەی پێویستە ئەم پێشنیازە بخرێتە ناو پرۆژە یاسایەکە، پێشنیازەکەش ئەوە بوو کە کەرکووك تایبەتمەندییەکی بدرێتێ و هەڵبژاردن لە کەرکووك بە شێوەی محاصصە واتە بەش بەش بێت و، ببێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن بازنەی یەکەم بۆ کورد بێت، بازنەی دووەم بۆ عەرەب بێت، بازنەی سێیەم بۆ تورکمان و بازنەی چوارەم بۆ مەسیحیەکان بێت، لە ٣٢٪ی بۆ هەر یەك لە کورد و عەرەب و تورکمان و لە ٤٪یش بۆ مەسیحییەکان بێت.

ئێمە هەر لە یەکەم رۆژەوە ئەم پێشنیازەمان رەتکردەوە لەبەر ئەم هۆیانە:

١- لەگەڵ بنەما و مادده دەستوورییەکان ناکۆکە .

٢- لەگەڵ هەندێك مادده کە تایبەتە بە هەڵبژاردن و مافی هاووڵاتی بۆ دەنگدان و هەروەها لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیش لەدەستوور کۆك نییە و یەك ناگرێتەوە.

ئەوە بوو لێرە کێشەکە دروست بوو پاش گفتوگۆیەکی زۆر و هەروەها تەدەخولی دیمستۆرا کە پێشنیازێکی کردبوو لە ٥ خاڵ بوو، ئێمە بەو ٥ خاڵەی دیمستۆرا ٣خاڵمان قەبوڵ بوو و دوو خاڵی تری کە هەیبوو هەندێك بە دەستکارییەوە گوتمان ئەوەش ئیحتماله قەبوڵ بکرێت، کە ئەم پێشنیازە لە لایەن تورکمانەکان و عەرەبەکان رەتکرایەوە و دیمستۆرایان بەوە تۆمەتبار کرد کە ئەم پێشنیازانەی کردووە بۆ ئەوەی لایەنگیری لە کورد بکات لە کەرکووك، ئەمەش پێشنیارەکانی دیمستۆرا بوو:

دیمستۆرا پێنج خاڵی دانابوو، دەڵێت ئەگەر یەکێك لەمانە بە شێوەیەکی سیاسی لە لایەن لایەنەکانەوە جێبەجێ کرا و قەبوڵ کرا ئەوە با هەڵبژاردن بکرێت ئەگەر نا با هەڵبژاردن دوا بخرێت:

یەکەم: سازدانی ئاماری گشتی لە عێراق.

دووەم: پێداویستییەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێ بەجێ بکرێت.

سێیەم :چاوەروان بکرێت کە نوێنەری سکرتێری گشتی کە خۆیەتی دوا راپۆرتی خۆی بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك بەرز دەکاتەوە و لە لایەن لایەنەکان قبوڵ دەکرێت.

چوارەم: لیژنەیەك لە پەرلەمان پێك بهێنرێت بۆ بەدواداچوونی ئەو تەجاوزاتانەی گوایە لە دوای رووخانی سەدام حوسێن کراوە.

پێنجەم: بە رێکەوتن دەسەڵات لە نێوان لایەنەکان دابەش بکرێت.

*** ئێوە وەك هاوپەیمانی کوردستان لەسەر کام دووخاڵ نارازی بوون؟**

ئێمە لەسەر خاڵی چوارەم و پێنجەم نارازیبووین و وتمان ئێمە ئامادەین لیژنەکە پێك بهێنین بەڵام نەك ئەو تەجاوزاتانەی کە پێی دەڵێن تەجاوزاتی دوای رووخانی رژێمی صدام حسین ، بەڵکو دەبێت باس لە هەمووو ئەو تەجاوزە ترسناکانە بکرێت کە پێش ساڵی ١٩٧٥ ئینجا لە ١٩٧٥ تا ساڵی ٢٠٠٣ بە رووخانی زیاتر لە ٨٥٠ گوند و قەزاو ناحیە لە دەوروبەری کەرکوك ئەنجامدراون و هەروەها دەبێت باسی دەربەدەرکردنی ١٢٧٠٠٠ دەرکراوی ناو شاری کەرکووك و هەروەها تعریب کردن بکرێت .

هەروەها سەبارەت بە خاڵی پێنجەمیش، ئێمە نارازی بوین، لەبەر ئەوەی تیکەڵاویەك هەیە هەربۆیە گوتمان دەسەڵات واتە ئەنجوومەنی پارێزگاش دەگرێتەوە بەڵام ئەگەر هاتوو دابەشکردنی وەزیفەی ئیداری و هەروەها دابەشکردنی هەندێك لە پۆستی ئیداری بێت ئەوا ئێمە قەبوڵمانە کێشەیەك نییە، بەڵام دابەشکردنی

دەسەڵات بە ئەنجوومەنی پارێزگایشەوە ئەمە قبوڵناکرێت و دژی پرەنسیپەکانە.
بەمجۆرە ئێمە لەگەڵ سێ خاڵی پێشنیارەکەی دیمستۆرا کۆك بووین و دووخاڵەکەی دیکەشـــمان بەدەسکارییەوە قبوڵ بوو. بەڵام لایەنی تورکمانی و عەرەبی هەر بە تەواوەتی رەتیان کردەوەو گوتیان ئەمانە لە بەرژەوەندی کوردن.
تەنانەت ئێمە دوای ئەوەش گوتمان قەیناکە با ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ببێتە سەنگی مەحـــەك بەڵام تورکمانەکان و عەرەبەکان ئەوەشـــیان قەبوڵ نەکرد، بۆیە ئێمە بە فەرمی دیمستۆرامان لە هەڵوێســـتی هاوپەیمانی کوردستان ئاگادارکردەوەو کە ســـێ خاڵی پێشنیارەکەمان بەبێ دەســـتکاری قبوڵەو دووانیش بە دەستکارییەوە قبوڵمانە.
بەڕاستی دیمستۆراگووتی : من سوپاستان ئەکەم ئێوە لەوانی تر نەرمتر بوون، ئـــەوە بوو بە هۆی رەتکردنـــەوەی لەلایەن عـــەرەب و تورکمانەکان هەوڵەکانی دیمستۆرا سەری نەگرت.

## د. مەحمود مەشهەدانی بەبێ پرسی هەردوو جێگرەکەی یاساکەی خستبووە بەرنامەی کارەوە

***ئەی چۆن پرۆژەکە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی عێراقەوە خرایە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت؟**

- رۆژی دووشەممەی هەفتەی رابردوو کە دوایین رۆژی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بوو، مەحموود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان، بە بێ ئەوەی ئاگاداری جێگری یەکەم و جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بکاتەوە، گووتی رۆژی سێشەممەی داهاتـــوو واتە یەکەم رۆژی دەســـتپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان پرۆژەکە دەخاتە دەنگدانەوە، ئەمە بۆ ئێمە شتێکی کتوپرو چاوەڕواننەکراو بوو، لەبەر ئەوە لەگەڵ جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان عارف تەیفور و سەعدی بەرزنجی و سیروان کاکەیی و وەلێ شەریکە چووین بۆ لای سەرۆکی پەرلەمان لەوێ پێمان راگەیاند، دانانی پرۆژەکە بۆ دەنگدان لە رۆژی سێشەمە کارێکی نا بەجێیە لەبەر ئەوەی تاکو ئێســـتاش هەموو ئەندام پەرلەمانەکانی لایەنەکان نەگەیشتووینەتە ئاکام و چارەسەرێکی هاوبەش، بۆیە پێمان باشە بیخەیتە رۆژی پێنجشەمە بەڵکو بتوانیین رۆژی سێشەم و چوارشـــەم ئەو مەسەلانەی بە هەڵواسراوی ماونەتەوە چارەســـەری بۆ بدۆزرێنەوە، ئەوە بوو بەڵێنیدا و رێککەوتین کە رۆژی پێنجشەم بیخاتە دەنگدانەوە، بەڵام کە رۆژی سێشەم هاتینەوە و سەیری بەرنامەی کارمان کرد دەبینین. لەیەکەم بەرنامەدا دەنگدانە لەســـەر پرۆژەی یاســـای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحییەکانە.
بەر لەوەی ســـەرۆکی پەرلەمان بێتە ناو هۆڵەکە، ئێمە لە دەرەوە قسەمان لەگەڵ کرد و پێمان گوت ئەوە ئێســـك شکاندنە و ئەوە پیلانەو ئێمە لێت قەبوڵ ناکەین، کاك عارف تەیفوریش وەکو جێگری دووەمی ســـەرۆکی پەرلەمان هەمان قسەی پێ گوت،بەڵام ئەو پێی داگرت کە دەبێت هەر ئەمرۆ دەنگی لەسەر بدرێت، ئێمە گووتمان دەنگی لەســـەر نادەین و بەشێوەیەکی یاسایی نارەزایمان دەربری لەبەر ئەم هۆکارانە:
یەکەم :لە دانانی ماددەکە لە بەرنامەی کار، پرس بە جێگری یەکەم و جێگری دووەم نەکـــراوە ئەمـــەش دژی روحیەتـــی ماددەی ٣٧ە لە پەیـــڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.
بەڵام سەرۆکی پەرلەمان سووربوو لەسەر دەوەی ئەبێت هەر دەنگ بدرێت، هەربۆیە ئێمـــە گووتمان نابێـــت دەنگبدرێت و بە پێی مـــاددەی ١٢٢ لە پەیرەوی ناوخۆ تەعنمان کرد . دووەم :گووتمان با ئەم مەسەلەیە بەرزبکەینەوە و بدرێتە دادگای باڵای فیدراڵی و ئەوەشی قەبوڵ نەکرد.
ئینجا بۆمان دەرکەوت کە ســـەرۆکی پەرلەمان دەیەوێت شتێکمان بەسەردا تێپەر بکات بەڵام بۆی نەکرا و ئێمە هەمووومان هاتینە دەرەوە، بەمەش نیسابی یاسایی بوونی نەما و دەنگدانەکە سەری نەگرت. هەربۆیە ئێمە کە هاتینە دەرەوە توانیمان ئەم پیلانەی پەرلەمان پەکبخەین و دواتریش بە شێوەیەکی رەسمی لە بەیاننامەی رۆژی ١٥ی مانگ و هەروەها لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیشدا وەك هاوپەیمانی کوردستان بەرپرسیاریەتی ئەم کارە نابەجێیەمان خستە ئەستۆی د.محمود مشهدانی سەرۆکی پەرلەمان .

## ئەگەر یاسای پارێزگاکان دەنگی لەسەر بدرێت چاو بە رێککەوتنەکانماندا دەخشێنینەوە

***تۆ ئاماژەت بەوە کرد کە نیسابی یاسایی تەواو نەبوو بۆیە دەنگ نەدرا، بەڵام وەك دەزانیت لیســـتی هاوپەیمانی کوردستان ٥٥ کورسییە و پەرلەمانی عێراق نزیکەی ٢٧٥ کورسییە،ئایا ئەگەر جارێکی تر تەنیا بە هاتنە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان نیسابەکە تێك نەچوو، یان ئەگەر ئەمجارە بە هاتنەدەرەوەی ئێوە نیسابەکە تێکنەچوبایە ئەو یاسایە دەڕۆیشت و پەسەند دەکرا؟**

- ئەوان لەدانیشتنی دوای نیوەرۆشدا هەوڵیاندا نیسابەکە تەواو بکەن بەڵام بۆیان نەکرا، بەڵام ئێمە کارتی دیکەشمان بە دەستەوەیە هەربۆیە دواتر لەگەڵ هەندێك لەوانـــەی کە ئێمە بە هاوپەیمانیان دەزانین بەتایبەتی لە ناو ئیئتیلافی شـــیعە قسەمان لەگەڵ کردون و راشکاوانە پێمان گووتن ئەگەر هاتوو ئەم پرۆژە یاســـایە بڕوات ئەوا ئێمە ئەو رێککەوتنە چوارقۆڵییە کە مۆرمان کردووە لەگەڵ ئێوە چاوی پێدادەخشـــێنینەوە و هەروەها فشار دەخەینە سەر سەرکردایەتی کورد، بەتایبەتی گوشار دەخەینە سەر مام جەلال و کاك مەسعود کە بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەم رێککەوتنە بمێنێت و دەبێت چاو بخشـــێنینەوە بە هاوپەیمانییەتیەکانی خۆشـــمانەوە، هەروەها دواتر حیزبی ئیسلامیش هاتن گووتیان ئێمە لەگەڵ ئەوە نین بە هیچ شـــێوەیەك ئەم مەسەلەیە وا بڕوات ئەبێت بە تەوافق بڕوات چونکە ئێمە ئەوە دەزانین کە ئەگەر هاتوو ئیستاش بڕوات ئێوە تەعنی قانوونی ئەکەن و تەعنی دەســـتووری ئەکەن، کە تەعنیشتان کرد ئەوا بە پێی دەستوور ئەمە نابێت و مەسەلەکە تاخیر دەبێت، ئەگەر هاتوو تەعنی دەستووریش نەکەن ئەوا بێگومان سەرۆك کۆمار تەعنی دەکات.
هـــەر هەمـــان ئەو ئێوارە من و دکتۆر فوئاد مەعســـوم چووینە لای ســـەرۆك کۆمار و مەســـەلەکەمان پێ راگەیاند، ئەوەبوو سەرۆك کۆمار پێی گووتین ئەوە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە دەبێت بزانن کە من نەك جاری یەکەم جاری دووەمیش تەعنی دەکەمەوە، کە جاری دووەمیش تەعن کرایەوە ئەوە ســـێ لەســـەر پێنجی دەنگی دەوێـــت، سێ لەسەرپێنجیش بە هیچ نەوعێك مسۆگەر نابێت ئەگەر هاتوو هاوپەیمانی کوردستان و هەروەها کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بێنە دەرەوە کە ژمارەی کورسییەکانمان ٥٨ کەسە.

## ئەگەر رێککەوتن نەبێت لەژێر هەڕەشەی زۆرینەداین

***یەعنی ئێمە لە پەرلەمانی عێراق دیســـان لە ژێر هەڕەشـــەی زۆرینەیان وەکو جەنابت باسی ئەکەیت؟**

-بەڵێ بێگومان ئێســـتاش ئەگەر نەگەینە ئەنجامێك رۆژی دووشـــەمە ئەگەر بیانەوێـــت بیخەنە دەنگـــدان یەعنی ئەوان تەحکومی دەکـــەن و خەڵکی خۆیان کۆکردۆتەوە بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئیئتیلافی عێراقی و مەجلیسی ئەعلا و موستەقیلینیش کۆبوینەتەوەو بە راشکاوی پێمان راگەیاندون، ئەگەر هاتوو ئەم یاســـایە بڕوات ئێمە چاو دەخشـــێنینەوە بە رێکەوتنەکان و هەروەها بە حزبی ئیسلامیشـــمان ووت کە ئێمە پرۆتۆکۆلمان هەیە لەگەڵ ئێوە، حیزبی ئیسلامی بەڕاســـتی نەرمتر بوون ئەگەر چی لە کۆبوونەوەی رۆژی دواتر شێخ جەلاددین ســـەغیر کە باســـی ئەوە کرا چ رۆژێك دەنگدان بێت ئایا رۆژی پێنجشەمە بێت یان رۆژی دووشـــەممە، گووتی پێویســـتە ئەم مەسەلەیە دوابخرێت تاکو رۆژی دووشـــەممە لەبەر ئەوەی ئەگەر نەگەینە رێکەوتنێکی هاوبەش و چارەســـەرێك نەدۆزینەوە ئەوە بە هیچ شـــێوەیەك ئەم پرۆژە یاسایە ناڕوات، لەبەرئەوەی چەند فلتەرێك هەیە کە دێتە رێ و هاوپەیمانی کوردستان کارتەکانی بەهێزە .

## رێژەی لە ٪٣٢ بۆ ئیدارەیە نەک ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

*** باشە لە سالی ٢٠٠٥وە دوو جار هەڵبژاردن لە کەرکوك کراوە، من دەمەوێت لە جەنابت بپرسم ئەم لە ٪٣٢ە چۆن هاتە ناو مەسەلەی کەرکووکەوە؟**

-ئەمە مەســـەلەیەی ٪٣٢ کە باس دەکرێت بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانە بۆئەوەیە چارەســـەری ئەو کێشـــانە بکرێت کە لیســـتی تورکمان و عەرەبەکان لەناوئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك هاتونەدەرێ.کشانەوەکەشیان لەبەر ئەوە بووە

●●●

**مەحموود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان، بە بێ ئەوەی ئاگاداری جێگری یەکەم و جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بکاتەوە، گووتی یەکەم رۆژی دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان پرۆژەکە دەخاتە دەنگدانەوە، ئەمە بۆ ئێمە شتێکی کتوپرو چاوەڕواننەکراو بوو**

●●●

●●●

**بەر لەوەی سەرۆکی پەرلەمان بێتە ناو هۆڵەکە، ئێمە لە دەرەوە قسەمان لەگەڵ کرد و پێمان گوت ئەوە ئێسک شکاندنە و ئەوە پیلانەو ئێمە لێت قەبوڵ ناکەین، کاک عارف تەیفوریش وەکو جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان هەمان قسەی پێ گوت،بەڵام ئەو پێی داگرت کە دەبێت هەر ئەمڕۆ دەنگی لەسەر بدرێت**

●●●

●●●

**بۆمان دەرکەوت کە سەرۆکی پەرلەمان دەیەوێت شتێکمان بەسەردا تێپەر بکات بەڵام بۆی نەکرا و ئێمە هەمووومان هاتینە دەرەوە، بەمەش نیسابی یاسایی بوونی نەما و دەنگدانەکە سەری نەگرت**

●●●

که دەڵێن ئێمە هاوبەشی راستەقینە نین لە بڕیاردان، بۆیە سەرکردایەتی کورد وای پێ باش بوو کە چارەســـەرێك بدۆزێتەوە ئەوەبوو وتیان ئەگەر ئێوە رازین بەرێژەی.٪٣٢ی فەرمانگاکان دابەشـــبکەین لەســـەر کورد و تورکمان و عـــەرەب و .٪٤یش دەدەینە مەسیحیەکان.

بێگومان ئەم .٣٢٪ە رەنگە لەهەندێك پۆســـتدا ئێمە زەرەر بکەین، بەڵام لە هەمووو لایەنەکانی تر تورکمان و عەرەب زیاترە، هەربۆنموونە لە کۆمپانیاکانی نەوت لە ٧.٪ ی کـــوردی تێدایە لە ٩٣.٪ی تورکمـــان و عەرەبە، لە زانکۆی کەرکووك زۆربەی زۆری تورکمـــان و عەرەبە و کوردی کەمە ئەگەرچی هەندێك لە مامۆســـتاکان و سەرۆکی زانکۆش کوردە، لە پەروەردە و زۆر شوێنی تریش رێژەی تورکمان و عەرەب زیاترە

بەڵام ئێستا ئەوان مەسەلەکەیان گۆڕیوە و دەڵێن ئەم پێشنیازە تەنیا بۆ ئیدارە نابێت و پێویســـتە بۆ دەســـەڵاتیش بێت واتە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش، بەڵام بۆئەنجوومەنی پارێزگا ئەمە مەحاڵە و موستەحیلە لەبەر ئەوەی دژی دەستوورە و دژی کۆمەڵێك لە بڕگەکانی دەستووریشە.

من پێم خۆشە هەر بە ئاماژەیەکی خێرا ماددە دەستوورییەکانت پێبڵێم،( دژی ماددەی ٢٠ە لە دەستوور،) چوونکە ماددەی ٢٠ لە دەستوور باسی ئەوە دەکات کە هاوڵاتی چ ژن بێت چ پیاو مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردنی هەیە، کەواتە هەر هاوڵاتییەك مافی یەك دەنگی هەیە، کاتێك بکرێت بە دابەشـــکردنیلە .٪٣٢هەندێك هاوڵاتی لەدەنگدان بێبەش دەبێت و هەندێکیش لە دەنگێك زیاتری بەر دەکەوێت هەروەهـــا لەگەڵ بڕگەی (ج)یش لە ماددەی ٢ی دەســـتوری عێراق ناگونجێت، چونکە ناکرێت تۆ یاســـایەك دابنێیت کە لەگەڵ مـــاف و ئازادییە بنەرەتیەکانی هاوڵاتی گونجـــاو نەبێت جگە لەوەش لەگەڵ ماددەی ١و ٥ و ٦ی دەســـتوریش نەگونجـــاوە، چونکە ماددەی ١ لە دەســـتور دەڵێت (سیســـتەمی حوکمی عێراق سیستەمێکی دیمۆکراسییە بە هەمووو تایبەتمەندییەکانییەوە). ماددەی ٥یش دەڵێت گەل ســـەرچاوەی دەسەڵاتە و شەرعییەت لە رێگای هەڵبژاردنی نهێنی راستەوخۆ لە رێگای دەســـتوورەوە وەردەگیرێت هەروەها لەگـــەڵ بڕگەی دووی ماددەی ٥٤ لە یاســـای پارێزگاکان ناکۆکە، بەپێی ئەم بڕگەیـــە ئەنجوومەنی پارێزگا دەبێت هەڵبژێردرێت نەك دەستنیشـــان بکرێت یان رێـــژەی بۆ دابنرێت، وە تەنانەت لەگەڵ بڕگەی ٤ی ماددەی ١٢٢ی دەســـتوریش ناکۆکە، ئینجا لەبەر ئەوە ئەم .٣٢٪ە، کە ئەوان لە مەسەلەی ئیدارەوە گۆڕیویانە بۆ دەسەڵات ئەمە بە هیچ شێوەیەك لە لایەن هاوپەیمانی کوردســـتانەوە قەبوڵ ناکرێت، ئەمە خەتی سوورە چونکە دژی هەمووو پرەنســـیپەکانە و ئێمە بە هەمووو شێوەیەك رێگا لەوە ئەگرین کە ئەم پێشنیازە پەك بخرێت .

## واباشترە هەڵبژاردن لە کەرکووک نەکرێت

*** ئایا کشانەوەی هاوپەیمانی کوردستان دەبووە هۆی کشانەوەی کورد لە حکومەتیش، یانی ئەو مەترســـییەیان بەدی دەکرد لەو حاڵەتەیە؟ بەو مانایەی کشانەوەی کورد یەعنی رووخانی حکومەت؟**

-نەخێر ئێستا کشانەوەی هاوپەیمانی کوردستان لە حکومەت لەم بارودۆخەدا نابێتە هۆکاری رووخانی حکومەت بەتایبەتی تەوافق بڕیاری کۆتایی داوە کە بگەڕێتەوە بەڵام رەنگە کشانەوەی ئێمە لە حکومەتیش بگاتە گرفتێکی گەورە، بەڵام تەبعەن ئەمە دەکرێت چارەســـەر بکرێت، بەتایبەتی کە ئێمە سەرۆك وەزیرانمان گووتی من لەگەڵ ئەوەدا نیم لە کەرکووك هەڵبژاردن بکرێت لەکاتێکدا لە نێوان عەرەب و کورد و تورکماندا تەوافق نەبێت، چونکە هەڵبژاردن لە شـــارێك کەوا کێشەی تێدا بێت و هەروەها کێشـــە بۆ حکومەتیش دروســـت بکات وا باشترە نەکرێت تاکو کێشەکانی کەرکووك کۆتایی دێت، ئەمە هەڵوێســـتی ســـەرۆکی حکومەت مالیکی بوو لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ ســـەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان. هەروەها ســـەبارەت بە ئەمەریکاش کە ماوەی ١٠-١٥ رۆژێك بەر لە ئێســـتا لە ئەمەریکا بـــووم لە کۆنگرێس و لە وەزارەتـــی دەرەوە و تەنانەت لە UNیش کە خەڵکم بینی ئەوانە هەمووویان یەکێك لە مەسەلەکان رێکەوتنی ستراتیجی بوو لە نێوان عێراق و ئەمەریکا، دووەم مەسەلە کە لەگەڵیان باسم کرد بە بە درێژی مەسەلەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بوو .

## تەنیا پێکهاتەی کەرکووک تیکەڵاو نییە موسڵ و تکریت و بەغدا و بەسرەش تێکەڵاوە

***ئێوە دەزانن لە عێراقدا تەنیا کەرکووك شارێکی تێکەڵاو نییە، موسڵ تێکەڵاوە دیالە تێکـــەڵاوە تکریت تێکەڵاوە بەغدا پێکهاتەکانی لێك نزیکە دەتوانیین بڵێین عیمارە، بۆ تەنیا مەســـەلەی کەرکووك بۆ گونجاندنـــی پێکهاتەکان دەخرێتە حاڵەتێکی تایبەت، ئایا لە موسڵ هەمان شێوە نییە؟ لە دیالە هەمان شێوە نییە؟ لە تکریت هەمان شێوە نییە؟**

-ئێمە لە بەیاننامەکانمان، لە هەڵوێستیشمان لە هەموو کۆبوونەوەکان گووتومانە ئەگەر هاتوو ئێوە کەرکووك وا لێ بکەن و داوا بکەن یاساکە بەم شێوەیە بڕوێنن، ئەوە ئاگاداربن کەرکووك تەنیا شـــار یان تەنیـــا پارێزگا نییە کە تێکەڵاوی لە دانیشتوان هەبێت هەروەها لە مەزهەب و تەنانەت لە ئاینیش، لە بڕگەی حەوتەم لە بەیاننامەکەی خۆشماندا ئەو مەســـەلەیەمان دووپاتکردۆتەوە کە ئەم حاڵەتە ئەگەر هاتوو ببەخشرێت بە کەرکووك ئەوا شارەکانی موسڵ و دیالەو سەڵاحەدین و بەغداش رەنگە هەمان نموونەیان بەســـەر پیادەبکرێت، جگە لەمەش بەڕاستی لەکۆبونەوەکەمان ئێمە لەگەڵ ئیئتیلاف گوتمان ئەوکاتە ســـوننەکان لە بەســـرا داوای لە٢٥.٪ دەکەن وە بەڕاســـتی ئەوە ناشـــارمەوە مـــن گوتم ئەو کاتە ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵ سوننەکان هەیە و کوردیش سوونەیە و یەکسەر تەئیدی ئەوە ئەکەین کە لە ٢٥.٪ی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرا سوونە بێت، ئینجا گوتم کە لە دوای ئەمەش تەیاری سەدرو حزبی فەزیلەشتان لێ راست دەبێتەوەو ئەوانیش داوای نیسبەتی خۆیان ئەکەن و لەبەر ئەوە هەڵبژاردنەکان تێك دەچێ و هەروەها نیزامی دیموکراتی لە عێراقدا تێك دەچێ و ئێمە لەگەڵ ئیئتیلافی عێراقی و تەنانەت لەگەڵ حزبی ئیسلامیشدا جگە لەوەی بە دیبلۆماسی و بە هێمنی و لە چوارچێوەی ئەو ریککەوتنانەی لەنێوانماندا هەیە قسەمان کردووە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا کارتی فشارمان بەکار هێناوە کە ئەگەر هەڵوێستیان نەبێت لەو مەسەلەیە ئەوە مانای ئەوەیە چاو بە رێکەوتنەکانمان دەخشێنینەوە.

## پێدەچێت ئەمرۆ وابڕیاربدرێت هەڵبژاردنەکانی کەرکووک دوابخرێن

***ئێوە لەم چەند رۆژەیدا سەرقاڵی وتووێژی سیاسی دەبن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بڕیارە بەتەواوەتی رۆژی دووشـــەمەی داهاتوو دەنگی لەسەر بدرێت، ئایا ئێوە وەکو هاوپەیمانی کوردستان بەوە رازی دەبن ئەگەر بێت و بڕیار بدرێت هەڵبژاردن لەکەرکووك نەکرێت؟**

-ئێستا ئاراستەکان بەرەو ئەوە دەروات کە هەڵبژاردنەکان لە کەرکووك دوابخرێت، بەڵام چۆن دوابخرێت پرســـیارەکە لێرەدایە، یەکەم ئەگەر دوابخرێت پێویستە ئەو ئەنجوومەنی پارێزگایەی کە هەیە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، دووەم پێویســـتە هەمان دەســـەڵاتی پێشـــووی هەبێت کە یاســـایەکی تایبەتی برێمەرە کە پێی دەوترێـــت یاســـای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەوا دەســـەڵاتەکەی بمێنێت، یان پێویســـتە بڕگەیەك بخرێتە ناو پرۆژە یاسای ئێســـتا کە ئەو دەسەڵاتانەی لە قانوونی ٢١ی ســـاڵی ٢٠٠٨ بۆ ئەنجوومەنی پارێـــزگاکان دانراوە هەمان ئەو دەسەڵاتانەی دانراوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی ئێتسا دابنرێت، ئەگەر نا پارێزگای کەرکووك بە ئیدارەی مەحەلی کەرکووك بە ئەنجوومەنی پارێزگاوە، هەروەها پارێزگاریش تووشی بۆشایی دەسەڵات دەبن، ئەو بۆشایی دەسەڵاتە زۆر مەتریسیدار دەبێت، بۆیە ئێستا لە کۆبوونەوەکان بۆ جۆرە میکانیزمێك ئەگەڕێین ئەم دەســـەڵاتانە بگەڕێنینەوە بۆ ئەنجوومەنی ئێســـتای پارێزگای کەرکووك و هەروەها لیژنەیەکیش پێك بێت لە ئەندامانی پەرلەمانی کەرکووك و رەنگە ئەگەر وا پێویست بکات هەندێك ئەندامی پێشووی تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئەو کاتە هەندێك تەوصیات بەرزبکەنەوە بەڵام پێویستە راسپاردەکان بە تەوافق بێت لە لایەن هەمووو لایەنەکان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وە ئەو کاتە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە هەڵبژاردن لەکەرکووك بکرێت، و پێویســـتە هەڵبژاردن لە کەرکووك بە هەمان ئەو یاســـایە بکرێت کە ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین نەك بە یاسایەکی تایبەتی، چونکە ئەوەشـــمان قبووڵ نییە کە یاسایەکی تایبەتی بۆ کەرکووك یان بۆ هیچ پارێزگایەکی تر دەربکرێت.

●●●
**ئێمە لەگەڵ ئیئتیلافی عێراقی و مەجلیسی ئەعلا و موستەقیلینیش کۆبوینەتەوەو بە راشکاوی پێمان راگەیاندون، ئەگەر هاتوو ئەم یاسایە بڕوات ئێمە چاو دەخشێنینەوە بە رێکەوتنەکان و هەروەها بە حزبی ئیسلامیشمان گوت کە ئێمە پرۆتۆکۆلمان هەیە لەگەڵ ئێوە، حیزبی ئیسلامی بەڕاستی نەرمتر بوون**
●●●

●●●
**بێگومان لە رێژەی ٣٢.٪دا رەنگە لەهەندێک پۆستدا ئێمە زەرەر بکەین، لە کۆمپانیاکانی نەوت لە ٧.٪ ی کوردی تێدایە لە ٩٣.٪ی تورکمان و عەرەبە، لە زانکۆی کەرکووک زۆربەی زۆری تورکمان و عەرەبە و کوردی کەمە پەروەردە و زۆر شوێنی تریش رێژەی تورکمان و عەرەب زیاترە**
●●●

●●●
**ئەم ٣٢.٪ە، کە ئەوان لە مەسەلەی ئیدارەوە گۆڕیویانە بۆ دەسەڵات ئەمە بە هیچ شێوەیەک لە لایەن هاوپەیمانی کوردستانەوە قەبوڵ ناکرێت، ئەمە خەتی سوورە چونکە دژی هەموو پرەنسیپەکانە**
●●●



**ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گۆڵان:**

# مەسەلەکە دەنگدان یان دەنگنەدان نییە بەڵکو دژی بنەماکانی دەستووری عێراقە

**■■■**

**ڕزگار عەلی کە ئێستا سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە. مەسەلەی دەنگدان یان دەنگنەدان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە تیایدا کەرکووک حاڵەتێکی تایبەتییە بە دژی بنەماکانی دەستووری عێراقی دەزانێت و ڕاشکاوانەش ڕایگەیاندووە هەر بڕیارو یاسایەک دژی دەستووری عێراق بێت لە کەرکووک کاری پێ ناکرێت. سەبارەت بەم پرسە گرنگە، بەمجۆرە بۆ گۆڵان هاتە ئاخاوتن:**

**■■■**

*** ئێوە وەک ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ناکرێت پەرلەمانی عێراق بە بێ خواستی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هیچ بڕیارێک بدات، ئێمە حەز دەکەین بزانین ئەم مەسەلەیەی پەرلەمانی عێراق کە ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو بڕیار لەسەر یاسای پارێزگاکان دەدات، ئێوە چۆن سەیری دەکەن؟**

- ئێمە گوتومانە ئەگەر پەرلەمانی عێراق هەر بڕیارێک دەربکات لە چوارچێوەی دەستووری عێراق دەربچێت، ئەوا ئەو بڕیارە داخلی سنووری پارێزگای کەرکووک نابێت.

***سەبارەت بەو ئیستسنائەی کەرکووک کە داوا دەکرێت ٣٢ بە ٣٢ بە ٣٢ بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و ٤ بۆ ئاشووری دابنرێت، ئێوە تەفسیرتان بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟**

- خۆی ئەو لە٪٣٢ە کە بۆ کەرکووک باس دەکرێت دەبێت جارێ لەسەر ئاستی عێراق باس بکرێت، پێویستە پەرلەمانی عێراق بە ٪٣٢ بڕوات ئەمە یەک' دوو دەبێت دیالە، موسڵ، سەڵاحەدین، بەغدا، عیمارە و زۆر شوێنی تری عێراق ئەو لە ٪٣٢ەی تێدا جێبەجێ بکرێت، بۆ تەنها بۆ کەرکووک بێت، کەرکووک خۆ قوربانیی نییە بۆ عێراق، دەبێت لە هەموو ئەم شوێنانە جێبەجێ بکرێت بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم دابەشکردنە پێچەوانەی دەستوورە، هەربۆیە ئەگەر لە کەرکووک پێچەوانەی دەستوور ڕەفتار بکەن، دەبێت لە بەغدا کورد ٣٢٪ی هەبێت لە موسڵ هەیبێت لە دیالەو سەڵاحەدینیش هەیبێت.

## ئێمە گووتمان باشە با هەرسێ لا وەک یەک بێت بەڵام لە نێوان فەرمانبەر تا بەڕێوەبەری گشتی

***سەرەتا ئەم دابەشکردنە چۆن دروست بوو؟ حەزدەکەین بزانین بۆچی مەسەلەی کەرکووک وایلێهات، دەمانەوێت باکگراوندێکمان بدەیتێ لەسەر دروستبوونی ئەم ڕێژەیە؟**

- خۆی ئێمە ویستمان کێشەی فەرمانبەران و بەڕێوەبەری فەرمانگاکان لە کەرکووک چارەسەر بکەین، ئێمە لە ٢ی ١٢ لەگەڵ گرووپێک کە پێی دەوترێت (التجمع الجهود العراقي) لە ئەنجوومەنی پارێزگا، ئێمە گوتمان کورد فەرمانبەری کەمە، عەرەب و تورکمان گوتیان ئێمە بەڕێوەبەرمان کەمە، ئێمە وتمان باشە با هەرسێ لا وەك یەك بێت بەڵام لە نێوان فەرمانبەر تا بەڕێوەبەری گشتی، ئینجا هاتن دەستکاری ئەوەیان کرد، هەتا هاتن قسەکەی مام جەلالیشیان دەستکاری کرد، مام جەلال نەیوتووە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا.

***ئەگەر یاساکە وەك ئێستا لەپەرلەمانی عێراق ڕۆیشت و بڕیاردرا هەڵبژاردنی کەرکووک ئیستیسناء بێت ئێوە وەك ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك هەڵوێستان چی دەبێت؟**

- خۆی پەرلەمانی عێراق دەسەڵاتی ئەوەی نییە پارێزگایەك ئیستسناء بکات، تۆ ئەگەر سەیری دەستوور بکەیت مادەی ١٣١ تەنها بۆی هەیە یاساکانی ئیتحادی دەربکات، یاساکانی ئیتحادی دەبێت لەسەر ئاستی هەر ١٨ پارێزگاکەی عێراق و هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی بێت، بۆی نییە بە تەنها لەسەر یەك پارێزگا یاسا دەربکات، ئەمە لە دەستوور هاتووە، ئەگەر بە دەستوور ناڕازین ئەوە برادەران با ئیعلانی بکەن، ئەگەر پەرلەمانە یان هەر لیستێك بێت لە لیستەکان.

***بەڵام وەکو دەبینین ئەو لیژنە چوارقۆڵییەی کە لەگەڵ کورد و دەعوا و ئیئتیلاف و لەگەڵ مەجلیس ئەعلا هەیە ئەوان پشتگیر نەبوون لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان، ئێستا جارێکی تر بەتەمان هەمان دانوستانی سیاسی بکەنەوە، سەبارەت بەوە جەنابت چۆن دەیبینیت؟**

- بەڕای من هەقی ئەوەیە هەر چوارلا ئیلتزامێکی ئەخلاقی بکەن، نەنگییە مرۆڤ ئیمزا لەسەر مەسەلەیەك بکات پابەند نەبێت پێیەوە، ئیتر ئەگەر کورد بێت دەعوا بێت مەجلیس ئەعلا بێت پارتی بێت یەکێتی بێت، ئەوە عەیبە ئەوە دەبێتە مێژوویەکی ڕەش بۆ هەر کەسێك ئیلتزام بە ئیمزای خۆیەوە نەکات.

***بەڕای تۆ بۆ ڕۆژی دووشەممە ئەم کێشانە چارەسەر دەکرێن؟**

- خۆی چارەسەر بێت یان چارەسەر نەبێت دەبێت خەڵك پابەندی دەستوور بێت، دەستوور یارییەك نییە بە ئارەزووی خۆت بکرێت کام فلیمت حەز لێیە ئەوە پیشان بدەیت، دەبێت ئەوە پیشان بدەیت کە لە دەستوور هاتووە.

*** یانی ئەگەر بێت و ئەو قانوونە تەعدیل نەکرێت بەو شێوازەی بارودۆخی کەرکووک وەکو هەموو پارێزگاکانی تر دەبێتەوە، ئایا هاوپەیمانی کوردستان ئەم جارەش ڕەفزی دەکاتەوە بە ڕای جەنابت؟**

- من خۆم ئەندامی پەرلەمانی عێراق نیم، من ئەوە دەزانم هەر یاسایەك دەربچێت هەتا لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش دەنگی لەسەر بدات ئەگەر پێچەوانەی دەستوور بێت ئەو یاسایە داخلی سنووری پارێزگای کەرکووك نابێت.

**●●●**

**ئەگەر لە کەرکووک پێچەوانەی دەستوور ڕەفتار بکەن، دەبێت لە بەغدا کورد ٣٢٪ی هەبێت لە موسڵ هەیبێت لە دیالەو سەلاحەدینیش هەیبێت**

**●●●**



د. باسم شەریف پەرلەمانتاری حزبی فەزیلە لە پەرلەمان عێراق بۆ گوڵان:

# حاڵەتی تایبەتی کەرکوک ئەوەیە دیموگرافیای بەتەعریب شێوێنراوە نەک پێکهاتەی تێکەڵاوە

**د.باسم شەریف پەرلەمانتاری حزبی فەزیلە لەپەرلەمانی عێراق لەم لێدوانە تایبەتیدا بۆ گوڵان، ئاماژە بەوە دەکات کە پێدەچێت هەڵبژاردنی پارێزگان لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەردێ، هەروەها پێشی وایە کە کێشەکان سەر مەسەلەی هەڵبژاردنی کەرکوک لەچارەسەر دوورن و زەحمەتە ئەمڕۆ بتوانرێت دەنگی لەسەر بدرێت. ئەمەش دەقی قسەکانی د. باسم شەریفە بۆ گوڵان:**

## زەحمەتە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەکاتی خۆی ئەنجامبدرێت

***حاڵی حازر پەرلەمانی عێراقی سەرقاڵی گفتوگۆکردنە دەربارەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئایا بە پێی ئەو یاسایە کەی ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام دەدرێ و میکانیزمەکانی بەڕێوەبۆبردنی ئەو هەڵبژاردنانە چین؟**

- لە راستیدا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە یاسایەکی دیکەدا دیاری کرابوو، لەو یاسایەدا کە لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨دا پەسەند کرا بریتی بوو لە ١ی مانگی تشرینی یەکەم، بەڵام دەبێت یاسایەك دابنرێت بە ناوی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە کە سیستمی هەڵبژاردنەکە، چۆنییەتی دەنگدان و نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتان لەو ئەنجوومەنانەدا دیاری بکات. هەروەها باس لە پێشیلکارییەکانی هەڵبژاردن بکات. هەروەك دەزانین ئەرك و بەرپرسیارێتی مفەوەزیەی هەڵبژاردنەکانە کە رێنماییەکان دەربکات. بەڵام لەبەر دواکەوتنی دەنگدان لە سەر ئەو یاسایەوە و بە هۆی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە، ئەوا زەحمەتە ئەو هەڵبژاردنانە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت، هەر بۆیە باس لە دواخستنی ئەو هەڵبژاردنانە دەکرێت، ئەوەش پێویستی بە گۆڕینی یاساکەی پێشووە کە ١ی تشرینی یەکەمی دیاری کردووە بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە. ئەوەی لەو رەشنووسی ئەم یاسایەدا هاتووە کە لە بەردەستماندایە، پارێزگاکان یەك بازنەی هەڵبژاردن پێك دەهێنن، بیرۆکەی ئەوە هەیە کە دەنگدەران بتوانن دەنگ بۆ لیستی لایەنێك یان پارتێکی دیاری کراو بدەن، هەروەها دەتوانن دەنگ بۆ کەسایەتییەك، یان پاڵێوراوێکی سەربەخۆ بدەن کە سەر بە هیچ پارتێك نییە، بە هەمان شێوە لە سەدا ٢٥ی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ ئافرەتان دیاری کراوە، کەمترین ژمارەی کورسی هەر ئەنجوومەنێك دەبێت ٢٥ کورسی بێت، پارێزگا گەورەکان رەنگە ژمارەیەکی زیاتری کورسیان هەبێت، ئەوەش جێگیر کراوە کە نابێت مزگەوت و فەرمانگە حکومییەکان بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەکار بهێنرێن، هەروەها نابێت رەمزە ئاینییەکانیش بەکار بهێنرێن.

## پێشنیاری دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کەرکوکیش لەئارادایە

***کەرکوك لە پارێزگاکانی تر جیاوازە، بۆ نموونە رێژەکان لە کەرکوکدا دابەش کراون کە هەریەکە لە کورد و عەرەب و تورکمانەکان لە سەدا ٣٢ی کورسییەکان بەدەست دەهێنن، لە سەدا ٤یش بۆ کلدۆئاشوورییەکانە، بۆچی کەرکوك حاڵەتێکی تایبەتییە و لە پارێزگاکانی دیکە جیاکراوتەوە؟**

- هەروەك دەزانن لە دەستووری عێراقیشدا کەرکوك حاڵەتێکی تایبەتییە بە هۆی بوونی ماددەی ١٤٠ و ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە، هەروەها شاری کەرکوك پێکهاتەیەکی تێکەڵی هەیە و هیچ گروپێکی ئەتنی ناتوانێت بانگەشەی

ئەوە بکات کە گروپی ســەرەکییە لەو شـارەدا، لە لایەکی ترەوە بە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی دانیشـتوانی ئەو شارەوە کێشــە و گیروگرفتی زۆر خوڵقاوە، هەربۆیە دوو پێشنیار هەبوون بۆ مەسـەلەی هەڵبژاردن لە کەرکوکدا، یەکێکیان ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەو شـارە دوابخرێت و چەند لیژنەییەکی پەرلەمانی پێك بهێنرێت بۆ راستکردنەوەی بارودۆخی ئەو شـارە. دووەمیان ئەوەیە کە عـەرەب و تورکمانی ناو پەرلەمانی عێراق تەبەنیان کردووە کە هەر یەکە لە عەرەب و تورکمان و کوردەکان ١٠ کورسیان هەبێـت و کلدۆئاشـوورییەکانیش ٢ی کورسـی، تاوەکو میکانیزمێکی تەوافوقی دەدۆزرێتەوە بۆ چارەسـەرکردنی ئەو کێشەیە.

## باری تایبەتی کەرکوک شێواندنی دیموگرافیەکەیەتی نەک پێکهاتە تێکەڵاوەکەی

***کەرکوک بە هەمان شێوەی چەند شارێکی دیکەی عێراق، وەك بەغدا و موسـڵ و رومادی شـارێکی فرە نەتەوە فرە ئەتنیە، بۆچـی تەنها کەرکـوك وەك حاڵەتێکی تایبەتی حسابی بۆ دەکرێت؟**

- لە راسـتیدا هەروەك پێشـتر ئاماژەم پێکرد، کەرکوك لە دەستووری عێراقی و پێشتر لە یاسای ئیداری بۆ قۆناخی گواسـتنەوە وەك حاڵەتێکی تایبەتـی مامەڵەی لە گەڵدا کرابوو، لە لایەکی ترەوە ئەو رێ و شـوێنانەی حکومەتی پێشوو لە بەرامبەر ئەم شارەدا جێبەجێی کرد، وەك سیاسەتی بـە عەرەبکردن لەو شـارانەی دیکەدا بـەدی ناکرێت کە ئاماژەتان پێکرد. لە هەڵبژاردنەکانی سـاڵی ٢٠٠٥یشدا بە هۆی ئەوەی چەند لایەنێك بەشـداریان نەکرد، ئەوا هەست دەکەن لە ئەنجوومەنی پارێـزگای کەرکوکدا نوێنەرایەتی ناکرێن، بۆیــە دەیانەوێت ئالیەتێکی تەوافوقی بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، من پێم وایە ئەمانە هۆکارەکانن.

## هەتا ئێستاش ناکۆکییەکان لەسەر هەڵبژاردنی کەرکوک وەک خۆیەتی و دووره لە رێککەوتن

***برایاربوو لە سێشەممەی رابردودا دەنگ لە سەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بدرێت، بەڵام بە هۆی کشانەوەی کوتلەی کوردی لە پەرلەمان، ئەو دەنگدانە دواخرا بۆ دووشەممەی داهاتوو، ئایا ناکۆکییەکان چارەسەر کراون و ئایا لە دووشەممەی داهاتودا دەنگی لەسەر دەدرێت؟**

- لە راستیدا هۆکارەکە کێشەی کەرکوك بوو، لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە ئاسانە. تا ئێستاش گفتوگۆ بەردەوامە لە نێوان هاوپەیمانی کوردسـتانی و کوتلەکانی دیکەدا، چەند پێشـنیارێك کرا بۆ دواخستنی دەنگدانەکە، هەندێك پێیان باش بوو رۆژی شەممە بێت، هەندێکی دیکە رۆژی پێنج شـەممەیان پێ باشـبوو، بەڵام دواتر رۆژی دووشـەممە دیاری کرا، من پێموایە هێشتا مەسەلەکان وەك خۆیان و لایەنەکان سـوورن لە سـەر هەڵوێستی خۆیان و ناکۆکییەکان بە ئاراستەی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەدا نەرۆیشـتوون. ئەگەر دەنگ لە سەر یاساکە نەدرێت ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، کە ئێمـە پێمان وایە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە گرنگن بۆ سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا.

## ئەو یاسایەی حکومەتی عێراق ناردوویەتی بۆ پەرلەمان جیاوازی لەنێوان کەرکوک پارێزگایەکی دیکە نەکردووە

***ئایـا یەکلانەکردنەوەی ئـەم ناکۆکییانـە نابێتە هۆی کشانەوەی هاوپەیمانی کوردستانی لە حکومەتی عێراق؟**

- تا ئێسـتا هیچ لێدوانێکم لەو بارەیەوە گوێ لێ نەبووە، من پێم وانیە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی کوردەکان بـە حکومەتـی عێراقییەوە، لەبەر ئەوەی ئەو یاسـایەی حکومەتی عێراقی بـۆ پەرلەمانی عێراقی ناردووە، هیچ جیاوازیەکـی لە نێـوان کەرکـوك و پارێزگاکانی دیکەدا نەکردووە، بەڵکو کوتلەکانی پەرلەمانی عێراقی پێشنیاری جیاوازیـان کردووە بۆ ئـەوەی کەرکـوك وەك حاڵەتێکی تایبەتی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، بۆ نموونە هاوپەیمانی کوردستانی پێی باشە هەڵبژاردنەکان لە کەرکوکدا دوابخرێت، ئەمەش مافی پەرلەمانە کە یاساکان دەستکاری بکات، یان بیانگۆڕێت و دووبـارە بیان خاتە دەنگدانەوە. من پێم وایە دەبێت رێز لە هەموو راکان بگیرێت و مەسـەلەکە لە رێی دەنگدانـەوە یەکلای بکرێتەوە، نەك بۆ تەوافوق جێبهێڵرێت، چونکە کاتەکە تێدەپەرێت و دەنگ لە یاسـاکە نادرێت و هەڵبژاردنەکان ئەنجام نادرێن.

***ئەگەر لیسـتی هاوپەیمانی کوردسـتان لە حکومەتی عێراقی کشـایەوە، ئایا ئەمـە چ کاریگەریەکی دەبێت لە سەر حکومەتی عێراقی و ئایندەی عێراق؟**

- لە راستیدا حکومەتی عێراقی لە سەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی بنیات نراوە، نەك لە سەر بنەمایەکی سیاسی، بە دڵنیاییەوە کشانەوەی هەر کوتلەیەکی نەتەوەیی کاریگەری خراپی دەبێت لە سـەر حکومەتەکە، لەبەر ئەوەی هەروەك ئاماژەم پێکرد پرۆسـە سیاسیەکە لە سەر بنەمایەکی هەڵە بنیات نراوە، هەربۆیە هەر کشـانەوەیەك کاریگەری خۆی دەبێت، هەروەك ئەوەی لە کشـانەوەی لیسـتی تەوافوقدا بەدیمـان کرد کە نوێنەرایەتی سـوننەکان دەکات. من پێم وایـە دەبێت ئەمە بگۆڕێت و چیتر بـە ئالییەتی تائیفی حکومەت پێکنەهێنرێت، لەبەر ئـەوەی رەنگە وڵاتەکە بە هەمان چارەنووسی لوبنان بگات.

●●●

**بیرۆکەی ئەوە هەیە کە دەنگدەران بتوانن دەنگ بۆ لیستی لایەنێک یان پارتێکی دیاری کراو بدەن، هەروەها دەتوانن دەنگ بۆ کەسایەتییەک، یان پاڵێوراوێکی سەربەخۆ بدەن کە سەر بە هیچ پارتێک نییە، بە هەمان شێوە لە سەدا ٢٥ی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ ئافرەتان دیاری کراوە**

●●●

●●●

**پێموایە هێشتا مەسەلەکان وەک خۆیان و لایەنەکان سوورن لە سەر هەڵوێستی خۆیان و ناکۆکییەکان بە ئاراستەی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەدا نەرۆیشتوون. ئەگەر دەنگ لە سەر یاساکە نەدرێت ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، کە ئێمە پێمان وایە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە گرنگن بۆ سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا**

●●●



# دوای ڕاگەیاندنی پلانەکەی ئۆباما توندووتیژی لە عێراقدا ڕوو لە زیادبوونە

ڕۆژێـــك دوای بڵاوبوونەوەی وتارەكەی بـــاراك ئۆباما پاڵێوراوی دیمۆكراتەكان بۆ پۆســـتی داهاتووی ســـەرۆكی ئەمەریكا، كە بە ناونیشـــانی (پلانی من بۆ عێراق) لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز بڵاوبۆوە، بـــۆ یەكەمجار پەیامێكی دەنگی عیزەت دوری جێگری پشووی سەدام حوسێن لە كەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەكان بڵاوكرایەوە كە تیایدا هەڕەشـــە لە ئەمەریكا دەكات و داواكا دەكات بە زووترین كات لە عێراق بكشێتەوە.

لەسەر ئەرزی واقیعیش ژمارەی كارە تیرۆریستییە خۆكوژییەكان لە دیالە و بەغداو موسڵ ڕوو لە زیادبوونەو، ژمارەی قوربانییەكانیش لە جارانی پیشووتر زیاترە.

ئەم گۆڕانكارییە كتوپڕە ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەكات، كە ئەو بارەی ئاســـایش كە هەندێك بەرەو باش بوون چوو، هەنگاوێكی تاكتیكی تیرۆریستان و ئەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە مقاوەمەبوو هەروەها ئەم گۆڕانكارییە ئەوەمان پێدەڵێت، كە هەتا ئێستاش شەڕ و توندووتیژی لە ناخی بەشێكی زۆری عێراقییەكاندا، دوایین ڕێگە چارەسەری كێشـــەكانە، هەربۆیە زۆر زەحمەتە بتوانرێت لە ئایندەیەكی كورتدا ئەم بارودۆخە گۆڕانكاری گەورەی بەسەردابێت.

وێـــڕای ناكۆكییە گەورە مەزهەبییەكان لە زۆر حاڵەتدا شـــیعە و سوننە یەكدەگرنەوە لایەنگیری ئێران بكات، یان ئەگەر هەڵبژاردنەكە بۆ عەرەبی شیعە لە نێوان سعودیە و ئەمەریكا بێت، عەرەبی شیعەی عێراق سعودیە هەڵدەبژێرێت نەك ئەمەریكا، عەرەبی سوننەش توركیا هەڵدەبژێرێت نەك ئەمەریكا، كەواتە هاوپەیمانی عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لەگـــەڵ ئەمەریـــكا ، ئەوجا چ هاوپەیمانـــی حكومەت بێت وەك ئێســـتای مالكی یان هاوپەیمانی میلیشیایی بێت وەك سەحوەی عەرەبی ســـوننە، لە هەردووو حاڵەتـــدا هاوپەیمانی تاكتیكین و تا سەر نابێت.

ئەگەر سەیری ڕووداوەكانی یەك دوو هەفتەی ڕابردوو بكەین دەبین هەردوولایەنی عەرەبی ســـوننە و شـــیعە، بەیەك دەنگ داوادەكەن ئەمەریكا هێزەكانی لە عێراق بكشـــێتەوە، دوو هەفتە لەمەوپێش ئایەتوڵڵا سیســـتانی، د. موفەق ڕووبەریعی ڕاوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراقی ڕاسپارد كە هیچ ڕێككەوتنێك لەگەڵ ئەمەریكا ئیمزاناكرێت، ئەگەر خشتەیەك بۆ كشانەوەی هێزەكان دیاری بكرێت، هەفتەی ڕابردوو عیزەت دوری هەمان پەیامی بە ئەمەریكادا.




## لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیش بەیەكگرتن دژی كورد دەبینرێت

هەڵوێســـتی هەفتەی ڕابردووی د. مەحمود مەشـــهەدانی لەسەر یاســـای ئەنجوومەنی پارێـــزگاكان كەتێدا پیلانێـــك بۆ كەركووك داڕێژراوە، هەڵوێســـتێكی ســـەیر نییە، بەتایبەتی كە ژمارەیەك لە ئەندام پەرلەمانی حزبی دەعوا( كە ئێســـتا سەرۆكەكەیان سەرۆك وەزیرانی عێراقە) بەلایەنگیری هەڵوێســـتی مەشـــهەدانی دژی كورد ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاســـی ئێستای عێراقە، لەوانەیە دەســـتی دەرەكیشی لە پشت ئەم مەلەسەیەوە هەبێت و هەوڵبدرێت كێشـــەیەكی دیكە لە دەرەوەی مەزهەبی شـــیعە و سوننە دروست بكەن و هەڵوێستی هەردوولا پێ لە یەكتر نزیك بكەنەوە.

د. مەحمود مەشـــهەدانی كە ماوەیەك پێش ئێســـتا لە سەر داوای لیستی ئیئتیلاف لە پۆستەكەی دەركرا و بە پشتگیری هاوپەیمانی كوردســـتان بووە بە ســـەرۆك پەرلەمان، هێندە دۆستی شیعە نییە هەتـــا لە كورد بێ منەت بێت، بەڵام بێ منەتی ئەمجارەی كە لە ڕۆژێكدا دووجار هەوڵیداوە، بە كارتی زۆرینە یاســـاكە تێپەڕێنێت، هەروا مەســـەلەیەكی ئاسایی نییە و نابێت بە ئاسانی بەسەر كوردا تێپەڕێت.

بۆ زیاتر قســـەكردن لەســـەر ئەم مەسەلە هەســـتیارە، ئەم بەڕێزانە بەشداری ئەم ڕاپۆرتەیان كردووە كە ئەمە بۆ چوونەكانیانە.



گرەوكردن لەسەر جیاوازی مەزهەبی نێوان عەرەبی شـــیعە و ســـوننە بێ ئاكامە، لەوانەیە ئەگـــەر هەڵبـــژاردن بـــۆ عەرەبی شـــیعە لە نێوان ئێران و سعوودیە بێت، شیعە



پرۆفیسۆر جیراد پاوەر، کە ئوستادی سیاسەتە لەزانکۆی نۆرسی داما و بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسییە لە سەنتەری Kroc و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر شێوازی بڕیارسازی لەسیاسەتی ئەمەریکا.
سەبارەت بە هەڵکشانی توندوتیژی لە عێراقدا دوای وتارەکەی باراك ئۆباماو چارەنووسی ئایندەی عێراق پرۆفیسۆر جیرارد بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

## پرۆفیسۆر جیرارد پاوەر

### بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسی لە زانکۆی نۆرسی داما بۆ گوڵان:

# ئەگەر توندوتیژی لە عێراق هەڵبکێشێت دەبێت ئۆباما بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە

**ئەگەر بارودۆخەکە گۆرانی بەسەردا هات**
**دەبێت ئۆباما بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە**

*** دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی باراك ئۆباما (پلانی من بۆ عێراق) کەتیایدا راشکاوانە جەخت لەسەر کشانەوەی هێزەکان دەکات، ئاستی توندوتیژی لەعێراق جارێکی دیکە هەڵکشانی بە خۆیەوە دیوەتەوەوله هەمان کاتدا بەرپرسەکانی پێشووی رژێمی بەعسیش بە هەمان شێوە داوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن لە عێراقدا، ئایا تا چەند کشاندنەوەی ئەم هێزانە کاریگەری خراپیان دەبێت لە سەر بارودۆخی عێراق؟**

- هەڵوێستی ئاشکرای بەڕێز ئۆباما ئەوەیە ئەگەر ببێتە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوا لە ماوەی شانزە مانگدا هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکشێنیتەوە، بەڵام ئەگەر بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع گۆڕانکاری بەسەردا هات، بۆ نموونە ئەگەر توندوتیژی سەری هەڵدایەوە و بەرەو هەڵکشان چوو، ئەوا دەبێت ئۆباما بە هەڵوێست و بە خشتە کاتییەکەیدا بچێتەوە، یاخود ئەگەر گەلی عێراق و حکومەتی عێراق داوای مانەوەی ئەو هێزانەیان کرد لە وڵاتەکەدا، ئەوا دەبێت ئەو ماوەیە درێژبکرێتەوە. من پێم وایە هەر پاڵێوراوێك ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا دەبێتە هەلومەرجەکە لەبەرچاو بگرێت.

من لەگەڵ ئەوەی بە ووردی ئاگاداری بارودۆخی ئەمنی سەر ئەرزی واقیع و توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق نیم، بەڵام پێم وایە دەبێت ئامانجی کۆتایی بریتی بێت لە باشترکردنی ئەدای هێزە ئەمنییەکانی عێراق بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی ئاسایشی وڵاتەکە بگرنە ئەستۆ و نابێت هێزەکانی ئەمەریکا زیاد لە پێویست لەو وڵاتەدا بمێننەوە.

***پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا رۆژ بە رۆژ دووچاری گیروگرفتی زیاتر دەبێتەوە، هەروەها پێکهاتە سەرەکییەکانی وڵاتەکە ناتوانن بگەنە رێککەوتنێکی سیاسی هاوبەش، ئایا ئایندەی ئەم وڵاتە چی دەبێت ئەگەر ئەم بە بنبەست گەیشتنە سیاسییە بەردەوام بێت و بارودۆخی عێراق زیاتر ئاڵۆزە بێت، ئایا ئەگەری دابەشبوونی لێدەکرێت؟**

- لە راستیدا مەسەلەی هێنانەدی رێککەوتنێکی سیاسی پەیوەستە بە خودی عێراقییەکان خۆیانەوە، واتە دەبێت ئەوا بڕیاری ئەوە بدەن، کەی ئەو رێککەوتنە دەکەن و چۆن ئەو رێککەوتنە دەکەن. ئەوەی پەیوەندی بە دابەشبوونی وڵاتەکە هەبێت، من پێم وایە دابەشبوونی عێراق دەرئەنجامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، هەم لە سەر عێراق و هەم لە سەر ناوچەکە.

لە راستیدا هەنگاوێکی لەو چەشنە گیروگرفتی زۆری لێدەکەوێتەوە و حکومەتەکە ناتوانێت وەك پێویست ئەرکەکانی راپەڕێنێت.

**هەر کەسێک بچێتە کۆشکی سپی**
**عیراق کێشەی ژمارە یەک دەبێت**
**لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا**

***ئیدارەکەی سەرۆك بوش تەنها شەش مانگی لە دەسەڵاتدا ماوە، کە رەنگە نەتوانێت کێشەکانی عێراق لەو ماوەیەدا چارەسەر بکات، ئایا ئەم ئیدارەیە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی عێراق بۆ ئیدارەی داهاتوو جێدەهێڵێت، یاخود بەڕای ئێوە دەتوانێت لەو شەش مانگەدا بە شێوەیەکی بەرچاو کێشەکان چارەسەر بکات؟**

- ئیدارەکەی سەرۆك بوش خوازیاری کۆتایی هێنانە بەو کێشانە لە ماوەی ئەو شەش مانگەی لە دەسەڵاتدایە، هەروەها هەوڵی راستەقینەش دەدات بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە، بەڵام من پێموایە ماوەکە کەمە و ئیدارەکەی سەرۆك بۆش سەرەڕای راستگۆی بۆ چارەسەرکردنیان، بەڵام ناتوانێت ئەم کارە بکات لەو ماوەیەدا کە لە دەسەڵاتدا ماویەتی. بەو پێیە ئیدارەی داهاتوو کار و ئەرکێکی زۆری لە پێش دەبێت لە پەیوەندیدا بە کێشەی عێراقەوە. لە لایەکی ترەوە هەر ئیدارەیەك لە کۆشکی سپیدا حکومڕانی بکات، ئەوا عێراق وەك کێشەی ژمارەیەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەمێنێتەوە.

***ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا شکستی هێنا، ئایا ئەم شکستە چ کاریگەرییەکی دەبێت لە سەر پێگەی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

-سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دووچاری گیروگرفتی زۆر بۆتەوە، هەر بۆیە رەنگە ئیدارەی ئەمەریکا کارێکی باشتر بکات، وەك لەوە لە رابردوودا دەیکرد، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی لە پێشەوەی ئەولەویاتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەبن. ئەگەر ئەمەریکا هەموو ئامانجەکانی خۆی لە عێراقدا نەهێنابێتەدی، ئەوا ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەست لە بەرژەوەندییەکانی هەڵدەگرێت لەو وڵاتە و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵکو رەنگە ئەمەریکا رۆڵێکی بنیاتنەرتر ببینێت بۆ باشترکردنی بارودۆخی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

***زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە عێراق بەرەو هەرەسهێنانی هەنگاو دەنێت، بە تێڕوانینی ئێوە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی رێگری لەم دەرئەنجامە بکەین؟**

- من پێم وایە ئەمەریکا بەرپرسیارێتی ئەوەی لە ئەستۆیە کە لە گەڵ هەموو لایەنە عێراقیەکاندا کاربکات بۆ هێنانەدی عێراقێکی ئارام و سەقامگیر و پێکهێنانی حکومەتێك کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و پێداویستی و خواستی عێراقییەکان بکات. ئەوەش تەحەددایەکی گەورەیە، بەڵام ئەمەریکا ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی هەرچی لە دەستی بێت بیکات بۆ یارمەتیدانی عێراقیەکان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە.

***پێت وایە ئەگەر عێراق خاوەنی سەرچاوەی نەوت نەبووایە، ئەوا ئەو کێشانەی نابوو کە ئێستا هەیەتی، ئایا هۆکاری نەهامەتی عێراق نەوت نییە؟**

- ناتوانێن بڵێن نەوت هۆکار و سەرچاوەی کێشەکانی عێراقە، لەبەر ئەوەی نموونەی وڵاتگەلێکی دیکەی هەیە، وەك بۆسنیا و سۆماڵ، کە ئەگەرچی خاوەنی سەرچاوەی سروشتی گەورە نین، بەڵام نەهامەتی شەڕی ناوخۆ و ناکۆکی ناوخۆییان چەشتووە. رەنگە زۆرجار بوونی نەوت بارودۆخەکە خراپتر بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لایەنەکان بکەونە شەڕ و ململانێیەوە لە سەر کۆنترۆڵکردنی داهاتەکانی ئەو سەرچاوەیە، بەڵام من پێموایە ئەگەر نەوتیش لە عێراقدا نەبووایە، ئەوا ئەو کێشانەی ئێستا ئەو وڵاتە بەدەستیوە دەناڵێنێت، هەر بوونیان دەبوو و هەر پێویستیان بە چارەسەری سیاسی و سازشکردن دەبوو.

**پرۆفیسۆر لۆرن تۆمپسن بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی ئاسایش و ستراتیژی لە زانکۆی جورج تاون بۆ گوڵان:**

# کورد لە کەرکووک غەدری لێکراوەو ئەگەر کورد لە حکومەتی بەغدا بکشێتەوە ئەو حکومەتە شەرعییەتی نامێنێت



**پرۆفیسۆر لۆرن تۆمپسن، یەکێکە لەو پسپۆرە بەناوبانگانەی سەر بارودۆخی عێراق کە تائێستا چەندین جار لەسەر بارودۆخی عێراق بۆ دانیشتنەکانی کۆنگرێس بانگهێشتکراوەو گوێ بۆ بۆچوونەکانی گیراوە.**
**لۆران تۆمپسن چەندین جار سەردانی عێراقی کردووە لە نزیکەوە بە بارودۆخی عێراق ئاشنایە.**
**سەبارەت بە کاریگەری کورد لە هاوکێشەی سیاسی عێراق و ئایندەی کورد لە عێراقدا لۆران تۆمپسن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### ئێستا ژمارەی هێزەکانی عێراق گەیشتۆتە ٦٠٠ هەزار کەس

***ئێستا زۆر باسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکرێت، ئایا کشانەوەی ئەم هێزانە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی عێراق دەبێت؟**

- لە راستیدا ئەو کاریگەرییە لە بەشە جیاوازەکانی عێراقدا جیاواز دەبێت، بۆ نموونە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کاریگەری خراپی نابێت لەسەر بەشە کوردییەکەی عێراق، بەڵام کاردانەوەی گەورەی دەبێت لە سەر دیالە و بەغدا و تاوەکو بەسرەش. لە لایەکی دیکەوە حاڵی حازر ژمارەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق گەیشتۆتە شەش سەد هەزار کەس، کە بە بەراورد بە رابردوو مەشقێکی باشتریان پێکراوە. لەبەر ئەوە من پێم وانییە کشاندنەوەی ژمارەیەکی زیاتری هێزەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی بەرچاو بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات.

### هەتا مەترسی دابەشبوونی عێراق هەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە

*** پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا رۆژ بە رۆژ دووچاری گیروگرفتی زیاتر دەبێتەوە، هەروەها پێکهاتە سەرەکییەکانی وڵاتەکە ناتوانن بگەنە رێککەوتنێکی سیاسی هاوبەش، ئایا ئایندەی ئەم وڵاتە چی دەبێت ئەگەر ئەم بە بنبەست گەیشتنە سیاسییە بەردەوام بێت و بارودۆخی عێراق زیاتر ئاڵۆز بێت، ئایا ئەگەری دابەشبوونی لێدەکرێت؟**

- من پێموایە تاوەکو مەترسی لەسەر یەکپارچەیی عێراق هەبێت، ئەوا هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە، راستە هەندێ لە شیعە و سوننەکان هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری دەرەکی دەدەن، بەڵام بە لای منەوە زۆربەی عێراقییەکان خوازیاری ئەوەن وڵاتەکەیان بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

### لە کێشەی کەرکووکدا کوردەکان مامەڵەیەکی گونجاویان لەگەڵدا نەکراوە

***پەرلەمانی عێراق لە سازدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا شاری کەرکووك جیادەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە شاری دیکەی تێکەڵاو هەن لە عێراقدا، وەك بەغدا، کە دانیشتوانێکی تیکەڵیان هەیە، بەڵام هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام دەدرێت، ئایا هۆکاری پێداگیری پەرلەمانی عێراقی لەسەر کەرکووك چییە؟**

- لە راستیدا پێکهاتەی دانیشتوانی ئەو شارە لە ساڵانی کۆتایی حکومڕانێتی سەدام حوسێندا گۆڕانی گەورەی بە سەرداهێنرا. ئێستا ناکۆکی هەیە لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارەدا لەسەر ئەوەی هەر پێکهاتەیەك چ رۆڵێکی هەبێت، بوونی سەرچاوەی نەوتیش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئەو ناکۆکییە. پێموایە کوردەکان لە کێشەی کەرکووکدا مامەڵەیەکی گونجاویان لەگەڵدا نەکراوە و کوردەکان لەو رووەوە داواکاری رەوایان هەیە.

### ئەگەر رێز لە مافەکانی کورد نەگیرێت ئەوا رەنگە عێراق بەرەو دابەشبوون بچێت

***ئەگەر هەڵوێستی کوردەکان لەبەرچاو نەگیرێت، ئایا چ کێشەیەك دەخوڵقێت؟**

-دەبێت عەرەبە سوننە و شیعەکان لەو راستییە تێبگەن کە کوردەکان ناسنامەی جیاوازی خۆیان هەیە و خاوەنی کۆمەڵێك مافی دیاریکراون و ئەگەر رێز لە مافەکانیان نەگیرێت ئەوا رەنگە عێراق بەرەو دابەشبوون بچێت.

### ئەگەر کوردەکان بەشداری لە حکومەتدا نەکەن ئەو حکومەتە شەرعییەت لە دەست دەدات

***ئەگەر حکومەتی عێراقی سووربوو لەسەر جێبەجێنەکردنی دەستووری عێراق، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مادەی ١٤٠ەوە هەیە کە پەیوەستە بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکەوە، ئەوا رەنگە کوتلەی کوردی لە حکومەتی عێراقی بکشێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا لە حاڵەتی کشانەوەی کوردەکاندا لە حکومەتی عێراق چ ئایندەیەك چاوەڕوانی ئەو حکومەتە دەکات؟**

- ئەگەر کوردەکان بەشداری لە حکومەتدا نەکەن، ئەو حکومەتە شەرعییەت لە دەست دەدات. ئێمە بۆ ماوەی پێنج ساڵ کۆششێکی سەختمان کردووە بۆ ئەوەی حکومەتێك پێکبهێنین کە حکومەتی هەموو عێراقییەکان، بەڵام ئەگەر کوردەکان بەشداری تێدا نەکەن، ئەوا ئەو حکومەتە نوێنەرایەتی هەموو عێراقییەکان ناکات.

*** ئیدارەکەی سەرۆك بوش تەنها شەش مانگی لە دەسەڵاتدا ماوە، کە رەنگە نەتوانێت کێشەکانی عێراق لەو ماوەیەدا چارەسەر بکات، ئایا ئەم ئیدارەیە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی عێراق بۆ ئیدارەی داهاتوو جێدەهێڵێت، یاخود بە رای ئێوە دەتوانێت لەو شەش مانگەدا بە شێوەیەکی بەرچاو کێشەکان چارەسەر بکات؟**

- ئەگەر جۆن مەککاین ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا ئەوا درێژە بە هەمان ئەو سیاسەتە دەدات کە ئێستا پیادە دەکرێت و تا ئەوکاتەی پێویست بکات لە عێراقدا دەمێنێتەوە، ئەگەر ئۆباما سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، ئەوا گۆڕانێك بە سەر ئەو سیاسەتەدا دێت، یاخود بەهۆی هەلومەرجەکەوە ئۆباما هەڵوێست و سیاسەتی خۆی دەگۆڕێت.

### ئەگەر ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی عێراق دابین نەکرێت عێراق هەرەس دەهێنێت

***زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە عێراق بەرەو هەرەسهێنان هەنگاو دەنێت، بە تێڕوانینی ئێوە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی رێگری لەم دەرئەنجامە بکەین؟**

- دەبێت هەلی کار بۆ ئەو عێراقییانە بڕەخسێنین کە بێکارن، هەروەها دەبێت بەشێوەیەکی رەوا دەسەڵات و داهاتی نەوت دابەش بکەین لە نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراقدا. ئەگەر خەڵکی عێراق داهاتێکی باشیان بەدەستهێنا و توانیان پارێزگاری لە خۆیان بکەن عێراق هەرەس ناهێنێت. ئەگەر ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی عێراق دابین نەکرێت عێراق هەرەس دەهێنێت.



عومەر بەشیر
سەرۆکی سودان



لۆیس مۆرینۆ داواکاری گشتی
دادگای نێودەوڵەتی

# داوای دەستگیرکردنی عومەر بەشیر

## وانەیەک بۆ دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**ئەوەی دەبێتە مایەی خۆشحاڵی ئەوەیە کە جیهان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات کە تاوانەکانی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی و پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئەو حەسانەیە هەڵدەگرن کە کەسێک سەرۆکی وڵاتێک بێت و ئەو تاوانانەی لێ قەبووڵ بکرێت، هەورەها چیدیکە سەرووەریی دەوڵەت نابێتە رێگرو، وڵاتەکانیش نابنە ئەو زیندانەی حکومەتەکان بەئارەزووی خۆیان قەتلوعامی گەلەکانیان بکەن**

لەوانەیە مەزندەیەکی گران بێت چاوەڕێی ئەوە بکەین دیکتاتۆرێکی وەك عومەر بەشیری سەرۆکی سودان کە هەموو بەڵگەیەکی سەلمێنەری لەسەرکۆکراوەتەوە کە تاوانبارە بەجینۆسایدو کۆمەڵکوژییەکانی دارفۆ، بەئاسانی وەڵامی داواکەی داواکاری گشتی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بداتەوە.

لەبەرئەوەی حکومەتی سودان پێشینەیەکی یاخیبوونی لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکان هەیە و پێشتر هەمان دادگایی تاوانی نێو دەوڵەتی فەرمانی بۆ وەزیرێك و فەرماندەیەکی سوپای سودان دەکردووە بەڵام حکومەتی سودان بەهیچ جۆرێك هاریکاری نەکردووەو ئەو دوو کەسەشی تەسلیم نەکردووە.

ئەم پێشینەیە حکومەتی سودان لەگەڵ ئەوەی هەندێك رەشبین و نائومێدیمان دەکات، بەڵام تەنها داوای داواکاری گشتی دادگای نێودەوڵەتی کە بە ٣ تۆمەتی ترسناك بریتین لە جینۆسایدو کۆمەڵکوژی و پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ عومەر بەشیر تاوانبار دەکات و بانگێشتەی ئەوەش دەکات کە بەڵگەی سەلمێنەری ئەو تاوانانەی لایە، ئەمە خۆی لەخۆیدا گەشبینەکە کە دادوەرەکانی دادگای نێودەوڵەتی بەو بەڵگانە بگەنە قەناعەت و داواکەی داواکاری گشتی بکەنە بڕیاری دادگای تاوانی نێودەوەڵەتی.

### دیکتاتۆر بینۆشی لەلەندەن دەستگیرکرا

ئەوەی دەبێتە مایەی خۆشحاڵی ئەوەیە کە جیهان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات کە تاوانەکانی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی و پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئەو حەسانەیە هەڵدەگرن کە کەسێك سەرۆکی وڵاتێك بێت و ئەو تاوانانەی لێ قەبووڵ بکرێت، هەورەها چیدیکە سەروەریی دەوڵەت نابێتە رێگرو، وڵاتەکانیش نابنە ئەو زیندانەی حکومەتەکان بەئارەزووی خۆیان قەتلوعامی گەلەکانیان بکەن.

دیکتاتۆر بینۆشی پێش ئەوەی لەلەندەن دەستگیر بکرێت و تەسلیمی دادگا بکرێت، چەندین جاری دیکە
سەردانی وڵاتانی دیکەی کردبوو، بەڵام کە لە لەندەن بینۆشی دەستگیرکرا، بووە پێشینەیەك کە چیدیکە جیهان دیکتاتۆریەکان ناپارێزێت.

### عومەر بەشیر
### چارەنووسی سەدام هەڵدەبژێرێت یان هی میلۆسۆڤیچ

ئێستا چارەنووسی بەشیر لەدووریان چارەنووسی هەردوو دیکتاتۆر سەددام حوسێن و سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچدایە، یان ئەوەتا دەخرێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی یان چارەنووسی دەکەوێتە دەست دادگایەکی تایبەتی نیشتمانی سودانەوە.

سەدام حوسێن هەموو رێگەیەکی تاقیکردەوە بەڵام سەرەنجام لەکونێك هێنایەنە دەرەوە، دەستگیرکردنی سەدام حوسێن لەناو ئەو کونە مژدەیەکی خۆشی بوو بۆ کۆتایی دیکتاتۆرەکان، بەڵام دەستگیرکردنی ئەمجارەی عومەر بەشیر وەرچەرخانێك دەبێت لەسیاسەت و یاسای نێودەوڵەتی بەرامبەر سەرجەم دیکتاتۆرەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا.





**پرۆفیسۆر داڤید جیمس میرنیک**

**ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی نورسی تەکساس بۆ گوڵان :**

# بڕیاری دەستگیکردنی عومەر بەشیر دەبێت لەمانگی ئەیلوویل دادوەرەکان پەسەندی بکەن

■■■

**پرۆ فیسۆر داڤید جیمس میرنیك، كە ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی نۆرسی تەكساس، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا و دادگای نێودەوڵەتی تاوانەكان و تازەترین كتێبیشی كە ئەمساڵ بڵاویكردۆتەوە بەناونیشانی:( سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكاو رژێمە سەقامگیریەكان)، پێشتر كتێبێكی نووسیبوو، لەسەر هەمان بوار بەناونیشانی(( سیاسەتمەدارانی هێزی سوپا بەكاردهێنن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكادا)).**

**لەسەر سودان و كێشەی دارفۆریشی جگە لەوەی چەندین جار سەردانی دارفۆری كردو چەندین دیراسەت و وتاریشی لەسەر بڵاوكردۆتەوە سەبارت بە داوای داواكاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ دەستگیركردنی سەرۆكی سودان پرۆ فیسۆر میرنیك بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن:**

■■■

## دەبێت بڕیاری دەستگیرکردنی بەشیر لە مانگی ئەیللول پەسەند بکرێت

***دادگای تاوانی نێودەوڵەتی سەرۆکی سودانی تۆمەتبارکردووە بە ئەنجامدانی تاوانی شەڕ و ژینۆسایدلە دارفۆردا، واتە بە تاوانباری شەڕی دادەنێت، هەروەها داوای دەستگیرکردنی سەرۆك بەشیری کردووە. بەڕێزتان چۆن ئەم بڕیارەی دادگای نێودەوڵەتی لێکدەدەنەوە؟**

- داواکارانی گشتی ئەو دادگایە ماوەیەکی زۆرە لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە دەکەن کە لە سوداندا ئەنجام دراون، هەر بۆیە داوایان لە دادوەرانی ئەو دادگایە کردووە کە بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکی سودان دەربکات، واتە دەبێت ئەو بڕیارە لە لایەن دادوەرانی ئەو دادگایە پەسەند بکرێت، کە لە مانگی ئەیلولی داهاتوودا لەو بارەیەوە بڕیار دەدەن.

## میلۆسۆڤیچ لە تاریکە شەودا هێنرا بۆدادگا

***چۆن دەکرێت ئەم بڕیارە لە دژی سەرۆکێك جێبەجێ بکرێت، کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە و دەوڵەتەکەی خاوەن سەروەریەوە و بەرپرسەکانی سودانیش ئەم تۆمەتە لە دژی بەشیر ڕەت دەکەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتە بتوانیت سەرۆکی وڵاتێك، یاخود بەرپرسێکی پایەبەرزی وڵاتێك دەستگیر بکەیت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چۆنییەتی دەستگیرکرنی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیج، ئەوا سەرەتا ئەو کەسە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەبوو، دواتر لە ژێر ئیقامەی جەبریدا دانرا، دواتر بە رەسمی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکرا و لە تاریکای شەودا هێنرا بۆ دادگا، بە هەمان شێوە دادگایکردنی سەرۆك تایلەر، پرۆسەیەکی ئاڵۆز بوو.

*** ئەم بڕیارە بیروبۆچوونی ناکۆك و جیاوازی خوڵقاندووە، بۆ نموونە وڵاتی چین نیگەرانە لە بارەی ئەو بڕیارەوە، ئایا تا چەند ئەم بڕیارە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر شەڕی سارد سەرهەڵبداتەوە؟**

- من پێم وانییە ببێتە هۆی زیندووکردنەوەی شەڕی سارد، ڕاستە جۆرێك لە ناهاوڕایی هەیە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە گەڵ ڕوسیا و چیندا، بەڵام من پێم وایە ناکۆکییەکی بچووك لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا لە سەر چۆنییەتی مامەڵکردن لە بەرامبەر سوداندا دروست دەبێت و ئاکامەکانیشی لە سەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا بە ڕوسیا و چینەوە سنووردار دەبن.

***ئەگەر سەرۆك بەشیر خۆی بە دەستەوە نەدا و دەستگیرکردنەکەی ڕەت کردەوە، ئایا کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چی دەبێت، ئایا سودان دووچاری فشاری ئابووری دەبێتەوە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە؟**

- ڕەنگە فشاری ئابووری زیاتر بخرێتە سەر سودان، هەروەها ڕەنگە حکومەتی سودانیش دووچاری فشاری زیاتر بێت بۆ هێنانەدی ئاشتی لە دارفوردا، بەڵام تاوەکو دادوەرانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەو بڕیارە پەسەند نەکەن، ئەوا ڕەنگە تەنها گفتوگۆ و مشتمڕی ناو ئەنجوومەنی ئاسایش بەدی بکەین، واتە ئەگەری ئەوە نییە کاردانەوەیەکی گەورە و بەرچاو ببینین لە حاڵی حازردا.

***ئەم بڕیارەی دادگا تەنها دژی عومەر بەشیر نییە، بەڵکو دژی هەموو تاکڕەو و دیکتاتۆرەکانە، ئایا تا چەند کاریگەری دەبێت لە سەر دادگاییەکردنی دیکتاتۆرەکانی دیکە و ڕێیان لێدەگرێت لەسەر ئەوەی لە داهاتوودا تاوان و جیۆساید ئەنجام نەدەن؟**

-ڕەنگە دەرئەنجامێکی نێودەوڵەتی درێژخایەنی لێبکەوێتەوە، بەڵام بڕیاری دادگا دەرئەنجام و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی نابێت بۆ ڕێگەگرتن لە دیکتاتۆرەکان تاوەکو درێژە بە ئەنجامدانی تاوانەکانیان نەدەن، تەنها ئەو کاتە نەبێت ئەو دیکتاتۆرانە هەست بکەن، ئەم دادگایە ڕووبەڕوی سزای سەختیان دەکاتەوە، لەبەر ئەوە بۆ حاڵی حازر پێشبینیکردنی دەرئەنجامەکانی ئەم بڕیارە زەحمەتە.

***حاڵی حازر هێزی ئاشتی پارێز هەیە لە دارفوردا، ئایا ئەم بڕیارە تا چەند کاریگەری دەبێت لەسەر کاری ئەو هێزانە، بە سلبی یان بە ئیجابی؟**

- ڕەنگە یەکێك لە دەرئەنجامەکان چڕبوونەوە شەڕ و توندونیژی بێت لە دارفور، چونکە ڕەنگە حکومەت خۆی بە ناچار نەزانێت بۆ ئەوەی ڕێز لەو ڕێککەوتنامەی ئاشتیە بگرێت کە پێشتر ئیمزاکراوە، بەڵام ئایا حکومەتی سودانی هەوڵدەدات ڕێگری بکات لەوەی هێرش بکرێتە سەر هێزە ئاشتی پارێزەکان وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەم بڕیارە ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

*** نەتەوە یەکگرتووەکان بە نیازە کارمەندەکانی لە دارفور بکشێنێتەوە، ئایا ئەم هەنگاوە تا چەند مەترسی لێدەکەوێتەوە؟**

- ڕەنگە یەکێك لە مەترسییەکانی کشاندنەوەی ئەو کارمەندانە زیاتر بوونی نەهامەتی خەڵکی دارفۆر بێت، ڕەنگە گیروگرفتی زیاتر و هەڵکشانی توندوتیژی و بەدخۆراکی و نەخۆشی زیاتر ببینین.

●●●

**داواکارانی گشتی ئەو دادگایە ماوەیەکی زۆرە لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە دەکەن کە لە سوداندا ئەنجام دراون، هەر بۆیە داوایان لە دادوەرانی ئەو دادگایە کردووە کە بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکی سودان دەربکات**

●●●



پرۆفیسۆر رۆبەرت گۆڵدمان

ئوستادی یاسا لە زانکۆی ئەمەریکا لە واشنتۆن بۆ گوڵان:

# تەنها چین بەرگری لە عومەر بەشی دەکات ئەویش لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدایە

پرۆفیسۆر گۆڵدمان، کە ئوستادی یاسایە لە زانکۆی ئەمەریکا لە واشنتۆن بەڕێوەبەی سەنتەری مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆڤایەتیە لە هەمان زانکۆ و پێشتریش یەکێك بووە لە ئەندامانی لیژنەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە UN بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا و لەساڵی ١٩٩٦-٢٠٠٤ ئەندامی لیژنەی ئەمەریکای نێودەوڵەتی بووە بۆ مافەکانی مرۆڤ. پرۆفیسۆر گۆڵدمان لە نزیکەوە ئاگاداری چەرمەسەری و نەهامەتی و کۆمەڵکوژییەکانی رژێمی سودانە لە دارفور و بەمجۆرە سەبارەت بە داوای دادگای نێودەوڵەی بۆ دەستگیرکردنی بەشیر بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**دەبێت سەرۆک عومەر بەشیر دادگایی بکرێت هەرچەندە زۆر کەس پێیان وایە ئەمە دەبێت هۆی ئاڵۆزکردنی پرۆسەی ئاشتی لە دارفۆر**

***داواکردنی دەستگیرکردنی عومەر بەشیری سەرۆکی سۆدان لەسەر تێوەگلانی لە جینۆسایدکردنی خەڵکی دارفۆر هەواڵێکی خۆشە بۆ رێگرتن لە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدکرن بەدەستی دیکتاتۆرەکان، ئایا ئەم داوایە جێبەجێ دەکرێت؟**

- بارودۆخێکی تراژیدی هەیە لە دارفۆر ئەو بەڵگانەی لەلایەن رێکخراوە ناحکومیەکانەوە کۆکراونەتەوە، ئاماژە بە تێوەگلانی حکومەتی سودانی و سەرۆك عومەر بەشیر دەکەن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەدا. شتێکی گرنگە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی سەڵاحیەتی ئەوەی هەبێت ئەنجامدەرانی تاوانەکان دادگایی بکات. تێڕوانینی من ئەوەیە دەبێت سەرۆك بەشیر دادگایی بکرێت، هەرچەندە زۆر کەس پێیان وایە ئەمە دەبێت هۆی ئاڵۆزکردنی پرۆسەی ئاشتی، بەڵام بە رای من پرۆسەی ئاشتی هیچ بەرەوپێشچوونێکی بە خۆوە نەبینیوە. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد کارێکی رەوایە ئەو سەرۆکە دادگایی بکرێت.

### نیەتێکی راستەقینە بۆ هێنانەدی ئاشتی لە دارفۆر لەلایەن سەرۆکی سودانەوە لە ئارادانییە

*** بەڵام حاڵی حازر هێزی ئاشتیپارێز هەیە لە دارفوردا، ئایا ئەم بڕیارە تا چەند کاریگەری دەبێت لەسەر کاری ئەو هێزانە، بە سلبی یان بە ئیجابی؟**

- لە راستیدا هیچ بەرەوپێشچوونێکی جیددی لە پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەدا نەهاتۆتەدی، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر وەك کاردانەوەیەك هێرش بکرێتە سەر هێزە ئاشتیپارێزەکان، ئەوا ئەم هێرشە خۆی لە خۆیدا تاوانێکی نێودەوڵەتییە و کارێکی ژیرانە نییە ئەگەر بکرێت. ئەگەر پرۆسەیەکی ئاشتی راستەقینە لە ئارادابووایە و بەرەوپێشچوونی بەرچاومان لەو پرۆسەیەدا بەدی بکردایە، ئەوا رەنگە بڕیارێکی لەم چەشنە گیروگرفتی بخولقاندایە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد نیەتێکی راستەقینە بۆ هێنانەدی ئاشتی لەلایەن سەرۆکی سودانەوە لە ئارادانییە. هەروەها ئەم دادگایە ئەوەی روونکردۆتەوە کە هەر کەسێك تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام بدات، ئەوا هیچ حەسانەیەکی یاسایی و قەزائی نایگرێتەوە و پێویستە دادگایی بکرێت، بۆ نموونە کاتێك دەسەڵاتەکانی بەلجیکا وەزیری پێشوی دەرەوەی باشووری ئەفریقیایان تۆمەتبار کرد، ئەم دادگایە راگەیاند کە ئەوە سەڵاحیەتی دادگایەکی ناوخۆی وڵاتێکی دیاری کراو نییە. لەلایەکی دیکەوە خراپترین تاوان کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوڕایە لە سەری بریتییە لە جینۆساید، من پێم وایە داواکارانی گشتی ئەو دادگایە کەسانێکی بەرپرسن و باش راستیەکانیان هەڵسەنگاندنەوە، بۆیە من پێم وایە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەك هەڵوێست بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم دادگاییکردنە.

### یەکەمجارە سەرۆکێک تۆمەتبار دەکرێت کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە

*** ئایا ئەمە یەکەمجارە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکێك دەدات کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە؟**

-بەڵێ، ئەوە یەکەمجارە سەرۆکێك تۆمەتبار دەکرێت کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە، پێشتر دادگاییکردنی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچمان بینی، بەڵام میلۆسۆڤیچ پێشتر سەرۆك بوو، واتە لەو کاتەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بوو.

***ئەی چۆن دەکرێت ئەم بڕیارە لە دژی سەرۆکێك جێبەجێ بکرێت، کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە و دەوڵەتەکەی خاوەن سەروەریەوە و بەرپرسەکانی سودانیش ئەم تۆمەتە لە دژی بەشیر رەت دەکەنەوە؟**

- ئەوەی ئاشکرایە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی خاوەنی هێزی پۆلیس نییە و ناتوانێت دەستێوەردان بکات بۆ دەستگیرکردنی سەرۆکی سودان. رەنگە بتوانێت ناچاری بکات لە وڵاتەکەی

خوێدا بمێنێتەوە و گەشت بۆ دەرەوەی وڵات نەکات. رەنگە ئەوەی ئێستا مەحاڵ بێت لە هەلومەرجێکی دیکەدا مومکین بێت، بۆ نموونە پینۆشێ ئەگەرچی لە کاتی دەستگیرکردنیدا لە بەریتانیا لە دەسەڵاتدا نەبوو. بەڵام پێشتر زۆر بە ئاسایی و ئاسانی گەشتی بۆ لەندەن دەکرد، بەڵام دواتر هەلومەرجەکە گۆڕا، مەبەستم ئەوەیە گۆڕان بە سەر حکومەتی بەریتانیادا هات، تا لە کۆتاییدا خۆی وەك زیندانیەك بینیوە بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد بەڵگە هەیە لە سەر روودانی خراپترین تاوان لە دارفۆر، لەبەر ئەوە من پێم وایە دەبێت ئەو دادگاییکردنە رەوتی خۆی وەربگرێت.

## چین بەرژەوەندی خۆی هەیە لەو پێناوەشدا بەرگری لە رژێمە دیکتاتۆرەکان دەکات

*** تا چەند ئەم بڕیارە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر شەڕی سارد سەرهەڵبداتەوە؟**

- من پێم وایە ئەوە هەرگیز روونادات، لە راستیدا چین گۆشەنیگاییەکی هەڵەیە بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە راستیدا ئەم مەسەلەیە بۆتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافی شەرعی خۆیەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و رووبەڕووی بێتەوە. بە تێڕوانینی من بڕیاربەدەستانی چین بەرپرسن لە ئەنجامدانی تاوانگەلێکی ترسناك لە خاکی وڵاتەکەیاندا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە چۆنیەتی مامەڵەکردنیانەوە هەیە لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمی تیبت، من پێم وایە چین بەرژەوەندی خۆی هەیەو لەو پێناوەشدا بەرگری لە رژێمە دیکتاتۆرەکان دەکات، لەلایەکی دیکەوە چین خوازیاری ئەوە نییە لە سەر بنەمای مرۆیی دەستێوەردان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەمە نەبێتە هۆی وروژاندنی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا. هەروەها ئەگەر لە رەفتاری رووسیا بڕوانین دەبینین لە ماوەی پێشودا مافی ڤیتۆی بەکار هێنا بۆ رێگەگرتن لە هەر بڕیارێك دژی زیمبابۆی. ئەم رەفتارانەش جێی سەرسوڕمان نین، بەڵام نابنە هۆی دووبارە بوونەوەی شەڕی سارد.

*** ئەگەر سەرۆك بەشیر خۆی بە دەستەوە نەدا و دەستگیرکردنەکەی رەت کردەوە، ئایا کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چی دەبێت، ئایا سودان دووچاری فشاری ئابووری دەبێتەوە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە؟**

- لە راستیدا بەلەبەرچاوگرتنی تۆماری چین لە بەرگری کردن لەم جۆر رژێمانە، ئەوا رەنگە هەر هەوڵێك لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ دانانی فشاری زیاتر و سەپاندنی سزای زیاتر بە سەر سودان، بە هۆی هەڕەشەی بەکارهێنانی مافی ڤیتو لەلایەن چینەوە شکست بهێنێت، بەڵام رەنگە وڵاتگەلێکی دیکە یەکلایەنە فشار و سزا بخەنەسەر سودان، بۆیە دەبێت جارێ چاوەڕێ بکەین، بزانین بارودۆخەکە بە چی دەگات.

*** ئایا دەکرێت بڵێین ئەم بڕیارە زەنگی ئاگادارکردنەوەیە بۆ دیکتاتۆرەکانی دیکەش؟**

- لە راستیدا یەکێك لە ئامانجەکانی دامەزراندنی ئەم دادگایە بریتی بوو لەوەی کاریگەر بێت لەسەر پاشگەزکردنەوەی دیکتاتۆرەکان لە ئەنجامدانی تاوان و خراپەکاری، ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە دەوڵەتەکان نەك رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵسان بە پێکهێنانی ئەم دادگایە، ئەمەش دوای ئەو تاوانانەی لە رواندا و بۆسنیا و چەند وڵاتێکی تر روویاندا، کە بیر لەوە کرایەوە پێویستە ئەنجامدەرانی تاوانگەلێکی لەو چەشنە دەبێت سزا بدرێن. لەبەر ئەوە ئەم بڕیارە پەیامێکە، کە ئەگەرچی ئەو کەسانەی تاوانیان ئەنجام داوە دادگاکانی ناوخۆ ناتوانن دادگایی بکەن لەبەر ئەوەی تاوانکار دەسەڵاتی بە دەستەوەیە، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو ئەرکە هەڵدەستێت.

*** نەتەوە یەکگرتووەکان بە نیازە کارمەندەکانی لە دارفور بکشێنێتەوە، ئایا ئەم هەنگاوە تا چەند مەترسی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا سەرۆك بەشیر رایگەیاندووە کە هیچ زیانێك بە کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان ناگەیەنێت لەو ناوچەیەدا، لەبەر ئەوەی ئەگەر کارێکی لەم چەشنەی کرد، ئەوا ئەمەش دەچێتە سەر تاوانەکانی دیکە کە پێی تۆمەتبار کراوە، هەر بۆیە من پێم وانییە سەرۆك بەشیر سوپا و هێزە چەکدارکانی بەکار بهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکانی، کارێکی ژیرانە نییە ئەگەر بەو شێوەیە رەفتار بکات.



نیەتێکی راستەقینە بۆ هێنانەدی ئاشتی لەلایەن سەرۆکی سودانەوە لە ئارادانییە. هەروەها ئەم دادگایە ئەوەی روونکردۆتەوە کە هەر کەسێك تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام بدات، ئەوا هیچ حەسانەیەکی یاسایی و قەزائی نایگرێتەوە و پێویستە دادگایی بکرێت

ئەوە یەکەمجارە سەرۆکێک تۆمەتبار دەکرێت کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە، پێشتر دادگاییکردنی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچمان بینی، بەڵام میلۆسۆڤیچ پێشتر سەرۆك بوو، واتە لەو کاتەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بوو

تێڕوانینی من ئەوەیە دەبێت سەرۆك بەشیر دادگایی بکرێت، هەرچەندە زۆر کەس پێیان وایە ئەمە دەبێت هۆی ئاڵۆزکردنی پرۆسەی ئاشتی، بەڵام بە رای من پرۆسەی ئاشتی هیچ بەرەوپێشچوونێکی بە خۆوە نەبینیوە

**پرۆفیسۆر ولیام ساباچ، بێجگە لەوەی بەڕێوەبەری سەنتەری مافەکانی مرۆڤە لە ئێرلەندا، ئوستادی یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤایەتییە لە زانکۆی نیشتمانی ئێرلەندا.**
**ولیام ساباچ، دانەری ٨٠ مۆنۆگرافە لەسەر یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە: »پێشەکییەك بۆ دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان، جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، سزای لە سێدارەدان لە یاسای نێودەوڵەتیدا«.**
**هەروەها زیاتر لە ١٧٠ وتاری لە گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا بڵاوکردۆتەوە کە زۆربەیان وەرگێڕدراون بۆ زمانەکانی:»رووسی، چینی، ئیسپانی، ئەڵمانی، ژاپۆنی، فارسی و عەرەبی و ئەلبانی و پورتوگالی». هەروەها پرۆفیسۆر ساباچ، زۆرجار بەشداری لە ئەرکی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لەجیاتی رێکخراوە ناحکومییەکان وەك ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ.**
**سەبارەت بە داوای دادگای تاوانەکانی جەنگ بۆ سودان پرۆفیسۆر ساباچ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**



## پرۆفیسۆر ولیام ساباچ:

### نوێنەری ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ بۆ گوڵان:

# ئەگەر عومەر بەشیر دەستگیر نەکرێت لە دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی نائومێد دەبین

**پێشتر ئەم دادگایە بڕیاری دەستگیرکردنی وەزیرێک و فەرماندەیەکی سەربازی سودانی دەرکردووە بەڵام حکومەتی سودان هیچ هاوکارییەکی نەکرد بۆ دەستگیرکردنیان**

*** داواکاری گشتی دادگای نێودەوڵەتی داوای دەستگیرکردنی عومەر بەشیری سەرۆکی سودان دەکات، ئایا ئێوە وەك پسپۆرێکی یاسای نێودەوڵەتی چۆن سەیری ئەم داوایە دەکەن ؟**

- لە راستیدا هێشتا بڕیارەکە دەرنەچووە، بەڵکو داواکارە گشتییەکانی ئەو دادگایە داوایان لە دادوەرەکان کردووە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە لە دژی سەرۆك عومەر بەشیر دەربکەن. رەنگە ئەو بڕیارەش پێویستی بە چەند مانگێك هەبێت، واتە هێشتا ئەو پرۆسەیە لە سەرەتادایە و هێشتا بڕیارەکە لە لایەن دادوەرانەوە دەرنەچووە. ئەوە روونە کە رەفتار و کردەوەی زۆر خراپ لە دارفۆردا ئەنجام دراون، کە زۆربەی بەرپرسیارێتییەکان دەکەونە ئەستۆی حکومەتی سودان، پێشتر ئەم دادگایە بڕیاری دەستگیرکردنی وەزیرێك و فەرماندەیەکی سەربازی سودانی دەرکرد، بەڵام حکومەتی سودان هیچ هاوکارییەکی نەکرد بۆ دەستگیرکردنیان، ئێستا ئەو دادگایە لە سەروبەندی ئەوەدایە کە بڕیارێکی لەو چەشنە لە دژی سەرۆکی ئەو وڵاتە دەربکات.

***ئایا ئەمە یەکەمجارە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکێك دەدات کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە؟**

-بەڵێ لە راستیدا ئەوە یەکەمجارە داواکارانی گشتی ئەو دادگایە داوای دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکێك بدەن کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە، بەڵام لە مێژووی ئەم داوایەدا، نموونەی هاوشێوەی دیکە هەن، کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٩دا بڕیاری دەستگیرکردنی سلۆبۆدان میلۆسۆفیجی سەرۆکی سربیای دەرکرد، هەروەها دادگای تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سیرالیۆن، بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکی لایبیریا، تایلەر، لە ساڵی ٢٠٠٢دا دەرکرد.

*** چۆن دەکرێت ئەم بڕیارە لە دژی سەرۆکێك جێبەجێ بکرێت، کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە و دەوڵەتەکەی خاوەن سەروەرییەو بەرپرسەکانی سودانیش ئەم تۆمەتە لە دژی بەشیر رەت دەکەنەوە؟**

- من **پێموایە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە مومکین نییە و دەبێت ئەم دادگایە چاوەڕێ بکات تاوەکو عومەر بەشیر دەسەڵات جێدەهێڵێت و سودان جێدەهێڵێت،** بە پێچەوانەوە هیچ بەرەوپێشچوونێك لەو مەسەلەیەدا نایەتەدی.

**ئەگەر ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرێت و بەشیر دەستگیر نەکرێت ئەوا خەڵك لەو دادگا نێودەوڵەتییە نائومێد دەبێت**

***ئەگەر سەرۆك بەشیر خۆی بە دەستەوە نەدا و دەستگیرکردنەکەی رەتکردەوە، ئایا کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چی دەبێت؟**

- لە راستدا زەحمەتە بتوانین پێشبینی کاردانەوە و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین، بەڵام ئەگەر بە دواداچوون نەکرێت بۆ ئەو بڕیارە و جێبەجێنەکرێت و ئەگەر بڕیاری ئەو دادگایە هیچ دەرئەنجامێکی کۆنکرێتی لێنەکەوێتەوە، ئەوا رەنگە خەڵکی دووچاری نائومێدی بن لە ئاست ئەو دادگایەدا. رەنگە ئەمەش ببێتەی هۆی ناسەقامگیری بارودۆخی سودان، هەروەك ئەوەی لە وڵاتانی یۆگسلافیای پێشوو و لایبریادا بینیمان، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە بە چەشنی سەرۆکی لایبریا و سلۆبۆدان، عومەر بەشیریش دادگایی بکرێت، بەڵام حاڵی حازر دەبێت چاوەڕێ بکەین، بزانین چی روودەدات. ئەوەی پەیوەندی بە فشاری ئابوورییەوە هەبێت، ئەوا حاڵی حازر سودان لەژێر فشارێکی ئابووری بەرچاودایە. ئەوەی زانراوە سودان پەیوەندیگەلێکی ئابووری باشی لەگەڵ چیندا هەیە و چینیش نائاسوودەیی خۆی دەربڕی بەو بەرەوپێشچوونەی لە مەسەلەی سوداندا هاتۆتە ئاراوە. هەروەها سودان چەندین شەریکی ئابووری هەیە و رەنگە فشارە ئابوورییەکان لەسەر ئەو وڵاتەدا سنوورداربن.

*** ئەی سەبارەت بە کاردانەوەی رووسیا و چین؟**

- لە رۆژگاری ئێستادا رەهەند و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان گۆڕاون، بۆ نموونە ئەم دادگایە بە شـــێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکات و رەنگە ئیعتیباراتە سیاســـییەکان لەبەرچاو نەگرێت، بە پێچەوانەی پەنجا بۆ شەســـت ساڵ پێش ئێستا کە ئەوکاتە شەڕی سارد لە ئارادا بوو، لەبەر ئەوە پێشبینیکردنی دەرئەنجامی ئەم بڕیارەی دادگا کارێکی زەحمەتە. بەڵام رەنگە یەکێك لە دەرئەنجامە باشـــەکانی ئەوەیە کە عەدالەت دەچەســـپێنێت، چونکە وا دەکات ئەو کەســـانەی تاوانیان کردووە دەبێت ســـزا بدرێن. لەبەر ئەوەی لە رابردوودا ئەو کەسانەی تاوانیان دەکرد دڵنیا بوون لەوەی کە بەهۆی هۆکارە سیاســـییەکانەوە رزگاریان دەبێت و دادگایی ناکرێن و سزانادرێن، بەڵام لە رۆژگاری ئێســـتا چیتر ئەو قبووڵ ناکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی پاراســـتنی کەمینەکان لە سەرکوتکاری رژێمە دیکتاتۆری و رەگەزپەرستەکان، بەڵام من پێموانییە ببێتە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕی سارد.

هەروەها من پێموانییە ئەم بڕیارە دەبێتە هۆی دروستکردنی هەڕەشە لەســـەر هێزە ئاشـــتیپارێزەکان لەو وڵاتەدا، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەم دادگایە بڕیاری لە دژی دوو بەرپرســـی بـــاڵا و دیاری ئەو وڵاتە دەرکرد، بەڵام دەرئەنجامی خراپی لێنەکەوتەوە لە دژی هێزە ئاشتی پارێـــزەکان و رێکخـــراوە مرۆییەکان. ئایا ئەم بڕیـــارە یارمەتیدەری ئەرکی ئەو هێزانە دەبێت، ئەگەر لە ئەزموونی هەردوو وڵاتی سربیا و لایبیریا بڕوانین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە دوای تۆمەتبارکردنی سەرۆکی ئەو دوو وڵاتە پرۆسەی ئاشتی لەو دوو وڵاتەدا دەستیپێکرد، لەبەر ئەوە ئەگەر لەسەر بناغەی ئەو دوو ئەزموونە حوکم بدەین، ئەوا دەتوانین بڵێین، یارمەتیدەر دەبێت، هەرچەندە ئەگەری ئەوەش هەیە لە سودان بارودۆخەکە جیاواز بێت.

**بەشیر بەرپرسی ئەو هەوڵانەیە**
**کە بۆ لە ناوبردنی گرووپە یاخیبووەکانی دارفۆر دراون**

*** وەك شـــارەزایەك لـــە بواری مافەکانی مرۆڤدا، چـــۆن لەو تاوان و جینۆسایدە دەڕوانیت، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە عومەر بەشیر فەرمانی بە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە داوە؟**

- لە راستیدا شەڕی ناوخۆیی لە سوداندا هەیە و عومەر بەشیر سەرۆکی ئەو وڵاتەبووە و زۆربەی هەڵمەتـــەکان لە دژی گرووپە یاخیبووەکانی دارفۆر لە لایەن حکومەتی سودانەوە ئەنجام دراون. ئەوەش بە دڵنیاییەوە بەرپرســـیارێتی ســـەرۆکی ئەو وڵاتەیە و من لـــەو باوەڕەدانیم ئەوەی روویداوە شـــتێکی رێککەوت بێت. بەشیر بەرپرسی ئەو هەوڵانەیە کە بۆ لە ناوبردنی گرووپە یاخیبووەکانی دارفۆر دراون. ئەو بەڵگانەی لە لایەن نەتـــەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی مافـــی مرۆڤەوە کۆکراونەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو کردەوانە دەچنە قاڵبی تاوانی دژی مرۆییەوە. من پێموایە بەکارهێنانی دەســـتەواژەی جینۆساید دەستەواژەیەکی ورد نییە، لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە پێویســـتی بەوە هەیە بەڵگە هەبێت لەسەر ئەوەی حکومەتی سودان سیاســـەتی پاکتاوکردنی جەستەیی لە دژی گرووپێکـــی ئەتنی پیادە کردووە. ئەوە لە دارفۆردا بەدی ناکرێت، لەبەر ئەوە من پێم باشتر بوو داواکارە گشتییەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەستەواژەی تاوانی دژە مرۆڤایەتیان بەکار بهێنایە نەك جینۆساید. من پێموایە ئەو تاوانانە لە لایەن گرووپە یاخیبووەکان و ئەو میلیشـــیایانەوە ئەنجام دراون کە حکومەت پشـــتگیریان لێدەکات بۆ سەرکوتکردنی ئەو گرووپانە، لەبەر ئەوە ســـەرۆکی ســـودان بەرپرسە لەو رووەوە، بەڵام ئایا فەرمانی بێ چەند و چوونـــی داوە بە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە یاخود تەنها رێنمایی گشـــتی داوە، ئەوا یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەبێت بۆ دادگا جێبهێڵرێت.

●●●
**رەفتار و کردەوەی زۆر خراپ لە دارفۆردا ئەنجام دراون، کە زۆربەی بەرپرسیارێتییەکان دەکەونە ئەستۆی حکومەتی سودان**
●●●



●●●
**ئەوە یەکەمجارە داواکارانی گشتی ئەو دادگایە داوای دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکێک بدەن کە هێشتا لە دەسەڵاتدایە، بەڵام لە مێژووی ئەم داوایەدا، نموونەی هاوشێوەی دیکە هەن، کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٩دا بڕیاری دەستگیرکردنی سلۆبۆدان میلۆسۆفیچی سەرۆکی سربیای دەرکرد، هەروەها دادگای تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سیرالیۆن، بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکی لایبیریا، تایلەر، لە ساڵی ٢٠٠٢دا دەرکرد**
●●●

# ئەمەریکا و ئێران

## لە نێوان میانگیری سۆلانا و مانۆری سەربازی ئیسرائیلدا

کە سەیری تەلەفزیۆنی ئێران دەکەیت، جۆرێك لە خۆ ئامادەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوە هەست پێدەکرێت، بەتایبەتی کە لە هەفتەی رابردوو ئێران کۆمەڵێك مووشەکی دوورهاوێژی تاقیکردەوە و هەروەها لە تارانیش مانۆرێکی هاوبەشی بۆ سوپا و هێزەکانی بەسیج) رێکخراو، ئاماژە بەهێزی ئێران دەکرا کە خاوەنی سوپایەکی ٢٠ ملیۆنییە لە کاتی پێویستدا.

لە بەرامبەریشدا و هەر لە سەر ئاستی ئامادەباشی بۆ رووبەڕووبوونەوە، ئاژانسەکانی هەواڵ باسی مانۆرێکی سەد فرۆکەیی ئیسرائیل دەکەن کە وەك خۆ ئامادەکردن مەشق و راهێنان دەکەن بۆ چۆنییەتی لێدانی دامەزراوەکانی ئێران .

ئیسرائیل دەمێکە ئەو مافەی داوە بەخۆی لە هەر وڵاتێك کە نزیکی خۆی بێت یان هەڕەشەی مووشەکەکانی بیگاتێ، پێشوەختە دەستی خۆی لێ بوەشێنێت ، هەروەك چۆن لە ساڵی ١٩٨١ لەو کاتەی عێراق سەرقاڵی شەڕی ئێران بوو، ئەمەریکاش پشتگیری عێراقی دەکرد ئەمەریکا هێرشێکی ئاسمانی بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی دیمەشق ئەنجامدا.

هەر بۆیە مەسەلەی دەستپێشخەری ئیسرائیل ئەگەرێکی نزیکە، بەتایبەتی کە سەرۆك ئەحمەد نەژاد ئەو راستییەی نەشاردۆتەوە، ئەگەر ئێران بتوانێت ئەوا ئیسرائیل لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەری دەستپێشخەری ئیسرائیل لە هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران نزیکترە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی چاودێرانی بارودۆخەکە پێیان وایە ئیسرائیل ناتوانێت ئەو هێرشە ئەنجامبدات و لە هەمانکاتدا نەك ئێرانیش بەڵکو سوریا و عێراقیش کاردانەوەی توندیان هەبێت و سەرانسەری ناوچەکە بشڵەژێت.

### هەوڵە دیپلۆماتییەکان بە میانگیری یەکێتی ئەوروپا

پێدەچێت دیپلۆماسییەتی ئێران بە بەراورد لەگەڵ دبلۆماسییەتی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زۆربەیان کامڵتر بێت، هەر بۆیە کاتێك نمایشی ماسولکەی هێز دەکات و پیشاندەدات کە بۆ رووبەڕووبوونەوە ئامادەیە لە هەمانکاتدا دەرگا بەرووی هەوڵە دبلۆماتییەکان داناخات و ئامادەباشی تێدایە هەم تەحەددای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات و هەمیش ئامادەیە دیالۆگ بکات.

ئەمەریکاش لەم قۆناخەدا، بەتایبەتی کە بارودۆخی ئەفغانستان خەریکە هێندەی دیکە ئاڵۆز دەبێت و بەنیازە هێزی زیاتر رەوانەی ئەفغانستان بکات، لەملاشەوە بارودۆخی عێراق هەر لە تەنگژە و هەڵکشاندایە لەوانەیە نەتوانێت بەلایەکی دیکە شەڕ لەگەڵ ئێران بکاتەوە و لەیەك کاتدا ئیدارەی سێ بەرەی شەڕبکات، بۆیە ئەمەریکاش خەریکە بە پێشنیاری دانووستاندن و گفتوگۆ بە میانگیری یەکێتی ئەوروپا رازی دەبێت، بەڵام پێیان وایە تەنگژەی ئێران و ئەمەریکا لەوە قورسترە لەم قۆناخەدا بەو دیالۆگ و دانوستاندن چارەسەربکرێت.

پێدەچێت دیپلۆماسییەتی ئێران بە بەراورد لەگەڵ دبلۆماسییەتی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زۆربەیان کامڵتر بێت، هەر بۆیە کاتێک نمایشی ماسولکەی هێز دەکات و پیشاندەدات کە بۆ رووبەڕووبوونەوە ئامادەیە لە هەمانکاتدا دەرگا بەرووی هەوڵە دبلۆماتییەکان داناخات و ئامادەباشی تێدایە هەم تەحەددای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات و هەمیش ئامادەیە دیالۆگ بکات.

تەنگژەی ئێران و ئەمەریکا لەوە قورسترە لەم قۆناخەدا بەو دیالۆگ و دانوستاندن چارەسەربکرێت



## پرۆفیسۆر ریچارد هێرمان

### ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئۆهایۆ بۆ گوڵان:

# گۆڕانکاری لە دیبلۆماسییەت و گفتوگۆکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران هاتۆتە ئاراوە



■■■
**پرۆفیسۆر ریچارد هێرمان، کە ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئۆهایۆ، لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٨٩ ئەندامی ستافی سیاسەتی پلاندانان بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکاو سۆڤییەت و تەنگژە هەرێمییەکان کاریکردووە، پێشتر لە دامەزراوەی فۆرد تۆژەر بووە لەسەر دۆسێی ئاسایشی نێودەوڵەتی و کۆنترۆڵکردنی چەك و یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە لە نزیکەوە ئاگاداری تەنگژەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکایە، بۆ قسەکردن لەسەر تەنگژەی نێوان ئەمەریکاو ئێران پرۆفیسۆر ریچارد بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**
■■■

*** ڕۆژ بە ڕۆژ بەکارهێنانی زمانی هەڕەشە لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا زیاتر دەبێت، ئێرانیش وەڵامێکی رەقی ئەمەریکا دەداتەوە، ئایا هەڵکشانی ئەم گرژییە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا؟**

-من پێموایە لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا شتی زیاتر دەزانین، لەبەرئەوەی لە پاڵ هەڵکشانی گوتار و لێدوانی توندی هەردوولادا، بەڵام گۆڕانکاری بەدی دەکەین لە واقیعی گفتوگۆکاندا، بۆ نموونە جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ولیەم بێرن، دەبێتە یەکێك لە تیمەکەی ئەورووپا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێراندا. کەواتە گۆڕانکاری لە دیبلۆماسییەت و گفتوگۆکاندا هاتۆتەدی. من ئومێدەوارم رێگاچارەی گفتوگۆ سەرکەوتوو بێت و ببێتە مایەی هێورکردنەوەی ئەو گرژی و هەڵکشانە.

### ئیسرائیل هێزێکی ئاسمانی ئەوەندە گەورەی نییە کە بتوانێت گورزێک لە ئێران بسرەوێنێت

*** زۆرێك لە چاودێران پێیانوایە ئیسرائیل پێش ئەمەریکا هێرش دەکاتە سەر ئێران، بە تایبەتی کە ئیسرائیل پێشتر هێرشی کردۆتە سەر بنکەی ئەتۆمی لە عێراق و سوریادا، ئایا پێتوایە ئیسرائیل پەلاماری ئێران دەدات؟**

- من لەو باوەڕەدانیم کە ئیسرائیل بە سەر ئاسمانی عێراقدا تێپەڕێت، ئەوەش پێویستی بە رێککەوتنە لەگەڵ ئەمەریکادا، هەروەها ئیسرائیل هێزێکی ئاسمانی تەقلیدی ئەوەندە گەورەی نییە کە بتوانێت گورزێك لە ئێران بسرەوێنێت و تێکڕای دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە وێران بکات. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئیسرائیل هێرشی کردە سەر ئێران ئەوا ئێران تۆڵە دەکاتەوە و کاردانەوەی دەبێت، ئەمەش رەنگە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی بەربڵاوتر، رەنگە ئەوکاتە ئیسرائیل چەکی ناوەکی بەکار بهێنێت، بۆ نموونە لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمزدا لە وتارێکدا باس لەوە دەکات کە ئیسرائیل هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ناوەکی دەکات لە دژی ئێران. ئەگەر ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێکەوە هێرشیان کردە سەر ئێران ئەوا هێز و توانای تەواویان دەبێت بۆ لێدان و گورزوەشاندن لە ئێران، هەرچەندە من پێموایە ناتوانێت کۆنترۆڵی هەڵکشان و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە بکەن لە دوای هێرشەکەوە.

### ئەگەر ئەمەریکا لەئێران بدات بەرمیلێک نەوت دەگاتە سەرووی ٢٠٠ دۆلار

*** هۆکارێکی دیکە کە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی ئێران بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە بۆ سەرووی سەدو پەنجا دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ئەگەر شەڕ بەرپا بێت، ئێران هەناردەی نەوت رادەگرێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بازاڕی جیهانی نەوت، ئایا پێشبینی دەکەیت نرخی نەوت لەوکاتەدا بگاتە چەند؟**

-رەنگە نرخی نەوت بگاتە سەرووی دووسەد دۆلار، لەبەر ئەوەی ئەو شەڕەی باسی لێوەدەکرێت، شەڕێکی گەورە و بەربڵاو دەبێت و وەك باس دەکرێت ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئێران و ئەوکاتە رەنگە گواستنەوەی نەوت لە رێی کەشتییەکانەوە زۆر زەحمەت بێت و ئەمەش قەیرانێکی سەخت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا دەخولقێنێت.

***ئێران تەنها هەڕەشە نییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر بەژەوەندی دۆستەکانی ئەمەریکاش لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل، چۆن ئەمەریکا دەتوانێت ئەم هەڕەشەیە کۆنترۆڵ بکات؟**

- من پێموایە دەبێت ئەمەریکا هەوڵی بەشداری پێکردنی پتری ئێران بدات لە بواری ئابووریدا، لەبەر ئەوەی بە تێڕوانینی من هەڕەشەی گورزوەشاندن و رووبەڕووبوونەوەی سەربازی دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە. ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت گۆڕانکاری بە سەر ئێراندا بهێنێت، ئەوا دەبێت زیاتر هاوکاری ئەو بازرگان و خاوەن کارانەی ناو ئێران بکات کە دەیانەوێت ئێران زیاتر ئاوێتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت. هەڕەشەکردن لە ئێران تەنها دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی ئەو کەسانەی هەڵوێستی رووبەڕووبوونەوەیان گرتۆتەبەر. من پێموایە ئەگەر ئێران هەوڵبدات ببێتە هێزێکی باڵادەست لە ناوچەکەدا و هەیمەنەی خۆی بسەپێنێت و وەك ئیمپراتۆری ناوچەکە رەفتار بکات، ئەوا دەبێت سنووری بۆ دابنرێت، کە من پێموانییە ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە دەدات. لە لایەکی ترەوە باشتربوونی پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا بۆ داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکا و بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەگەڕێتەوە.

***ئەمەریکا لە عێراقدا شکستی هێناوە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو شکستەش بۆ دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئێران دەگەڕێتەوە، ئایا ئێران دەتوانێت هەموو پلانەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پووچەڵ بکاتەوە؟**

- من پێموایە سەرنەکەوتنی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ ئێران ناگەڕێتەوە، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە ئێرانییەکان سوودیان لە شکستی ئەمەریکا وەرگرتووە. راستە زۆرێك لە پارتە شیعەکان پەیوەندییان لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم کە ئامرازی دەستی ئێران بن.

●●●
**ئیسرائیل هێزێکی ئاسمانی تەقلیدی ئەوەندە گەورەی نییە کە بتوانێت گورزێک لە ئێران بسرەوێنێت و تێکڕای دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە وێران بکات. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئیسرائیل هێرشی کردە سەر ئێران ئەوا ئێران تۆڵە دەکاتەوە و کاردانەوەی دەبێت**
●●●

**پرۆفیسۆر لیۆنارد واینبێرگ**

**ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی نیڤادا بۆ گوڵان:**

# پاشەکشەی ئەمەریکا لەباشووری لوبنان بەقازانجی گەورەی ئێران شکاوەتەوە

**پرۆفیسۆر لیۆنارد واینبێرگ، کە ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی نیڤادا، پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر ئوسولییەت و تیرۆریزم و توندوتیژی، لەم بوارەشدا چەندین کتێبی هەیە لەوانە:**

**١. ئوسوڵییەت و سیاسەتی توندوتیژی.**

**٢. پارتە سیاسییەکان و تیرۆریزم.**

**٣. ئەزموونی دیموکراسی و توندوتیژی سیاسی.**

**هەروەها لەسەر فاشیزم و نازیش چەندین دیراسەت و توێژینەوەی هەیە و بایەخێکی گرنگیش بە تەنگژەی نێوان ئەمەریکا و ئێران دەدات. سەبارەت بە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا و ئەگەری هێرشکردن ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوەکانی ئێران، پرۆفیسۆر لیۆنارد بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



## سەبارەت بەئێران پێدەچێت ئەمەریکا گوێ بۆ راوبۆچوونی ئەوروپییەکان بگرێت

***هەوڵ و هاوکاریەك بەدی دەکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسە ئێرانی و ئەمەریکییەکان پێکەوە کۆببنەوە، ئایا تا چەند ئەم کۆبوونەوانە دەبنە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە؟**

-لە راستیدا وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و رێکخەری سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا خافێر سۆلانا هەوڵ دەدەن بارودۆخەکە نەگاتە ئەو رادەیەی کە رووبەڕوبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان ئێران و ئەمەریکا روودات. پێدەچێت ئەمەریکا گوێ بۆ راوبۆچوونی ئەوروپییەکان بگرێت. لە لایەکی ترەوە من پێموایە سەرکردە سەربازییەکانی پنتاگۆن خوازیاری رووبەڕوبوونەوە و ناکۆکییەکی سەربازی نین لە گەڵ ئێراندا، لەبەرئەوەی حاڵی حازر سوپای ئەمەریکا بە چەند شەڕێکی ترەوە سەرقاڵە، رەنگە لە گۆشەنیگای سەربازییەوە دوایین شت لە ئێستادا کە ئەمەریکا پێویستی پێی بێت بریتی بێت لە روبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی، هەربۆیە من ئومێدەوارم کە بەرپرسەکانی هەردوولا نەهێڵن بارودۆخەکە بگاتە رادەی روبەڕووبوونەوەی سەربازی.

## هێرشکردنە سەر ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە دەبێتە مایەی کارەسات بۆ هەردوو وڵات

***ئێستا هێندەی ئێران و ئیسرایل هەرەشە لەیەکتری دەکەن، هێندە ئەمەریکا هەڕەشە ناکات، ئایا پێت وانییە ئیسرائیل دەستپێشخەر بیت،، بە تایبەتی کە ئیسرائیل پێشتر هێرشی کردۆتە سەر بنکەی ئەتۆمی لە عێراق و سوریادا؟**

-راستە هەڵکشانێك هەیە لە لێدوانەکانی ئێران و ئیسرائیلدا لە دژی یەکتری، بە تایبەتی کە ئێران هەڵسا بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی مووشەکی و پێشتریش ئیسرائیل لە دەریای سپی ناوەڕاستدا مەشق و مانۆڕی سەربازی کرد. لە بەرە ئەوە بارودۆخەکە هەستیار و مەترسیدارە. بەڵام من پێم وانییە ئەمەریکا خوازیاری ئەوە بێت شەڕ لە دژی ئێران هەڵبگیرسێنێت، بە تایبەتی لەبەرئەوەی سەرقاڵە بە دوو شەڕی دیکەوە لە عێراق و ئەفغانستاندا. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئۆباما سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، ئەوا ئەگەری هێرشکردنە سەر ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو پاشەکشە دەکات.

سەبارەت بە هێرشی ئیسرائیلیش بۆ سەر ئێران، دەبێت بزانین بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزترە لەو کاتەی کە لەساڵی ١٩٨١دا ئیسرائیل هێرشی کردە سەر دامەزراوەی ناوەکی عێراق، هەروەها لەو کاتەی لە سەرەتای ئەمساڵدا کە هێرشی کردە سەر پێگەیەك لە نزیك دیمەشق، لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل دووچاری تۆمەتبارکردن بۆتەوە و لە ناو خەڵکی ئیسرائیلدا خاوەنی شەعبیەتێکی زۆر نییە. تاکە کەسێك کە باسی لە هێرشکردن کردووە بۆ سەر ئێران شائول مۆفازە، کە وەزیری بەرگری ئیسرائیل نییە، بەڵکو کەسێکە بۆ باشترکردنی پێگەی سیاسی خۆی لە ئیسرائیلدا ئەو لێدوانەی داوە. من پێموایە هێرشکردنە سەر ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە دەبێتە مایەی کارەسات بۆ هەردوو وڵات، لەبەر ئەوە من ئەوە بە ئەگەرێکی دوور دەزانم، لەو باوەڕەشدانیم ئەمەریکا هانی ئیسرائیل بدات بۆ ئەو کارە. رەنگە من زیاد لە پێویست گەشبین بم، بەڵام ئەوە خوێندنەوەی منە بۆ بارودۆخەکە.

*** ئەی سەبارەت بە زیاتر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، کە ئێران وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوتە، پێت وانییە ئەگەر هەناردەی نەوتی ئێران رابگیرێت باردۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت ؟**

- لە راستیدا من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم، هەرچەندە دەبێت ئەوە بزانین کە لە چەند هەفتەی رابردودا، نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی. بەڵام بە دڵنیاییەوە هەڵگیرسانی شەڕ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت. من حەزدەکەم ئاماژە بە لایەنێکی تر بکەم، ئەویش ئەوەیە کە هەرچەندە ئەمەریکا لە رووی تاکتیکەوە لە عێراقدا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، بە تایبەتی لە رووی شکست پێهێنانی ئەلقاعیدەوە، بەڵام هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەی کەنداودا لە رووی ستراتیژییەوە زیان

به ئەمەریـــكا دەگەیەنێت، لە لایەكی ترەوە پاشەكشـــەی دستڕۆیشتوویی ئەمەریكا لە لوبنان بە قازانجی گەورەبوونی كاریگەری ئێران دەشكێتەوە.

***ئێـــران تەنها هەڕەشـــە نییە بۆ ســـەر بەرژەوەندییەكانی ئەمەریكا، بەڵكو هەڕەشەیە بۆ سەر بەژەوەندی دۆستەكانی ئەمەریكاش لە ناوچەكـــەدا، بە تایبەتی وڵاتانی كەنداو و ئیسرائیل، چۆن ئەمەریكا دەتوانێت ئەم هەڕەشەیە كۆنترۆڵ بكات؟**

- من پێموایە دەبێت سیاســـەتی دەرەوەی ئەمەریكا كەمتر دوژمنكارانە بێت و زیاتر ئاشتیخوازانەتر بێت، هەروەها دەبێت ئەمەریكا هەوڵی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ هێنانەدی ڕێككەوتنێكی گشتگیر لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەكاندا، ئیدارەكانی پێشـــووی ئەمەریكا هەوڵێكی زۆریاندا بۆ چارسەركردنی كێشەی ئیســـرائیل و فەلەستین، بەڵام هیچیان سەركەوتوو نەبـــوون. لە لایەكی ترەوە ئەوە بەدی دەكرێت كە هەر كاتێك ئیسرائیل و فەلەستینییەكان نزیكبووبێتەوە لە ڕێككەوتن ئەوا ئێران چەند گروپێكی جوڵاندوە وەك، جیهادی فەلەســـتینی و حزبوڵای لوبنانی بۆ هێرشـــكردنە ســـەر ئیسرائیل و لە بەرامبەردا رای گشـــتی ئیسرائیلیش لە كاردانەوەدا داوای تۆڵەسەندنەوەی كردووە و ئەمەش بۆتە هۆی هەرەسپێهینانی هەوڵەكانی ڕێككەوتن و ئاشـــتی. بارودۆخەكە لە رابردوودا بەو شـــێوەیە بووە، لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە كە لە داهات,ویەكی نزیكدا هەمان كار دووبارە بێتەوە.

***ئەمەریكا لە عێراقدا شكســـتی هێناوە، یەكێك لە هۆكارە ســـەرەكییەكانی ئەو شكســـتەش بۆ دەستڕۆیشـــتوویی و كاریگەری ئێران دەگەڕێتەوە، ئایـــا ئێران دەتوانێت هەموو پلانەكانـــی ئەمەریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا پوچەڵ بكاتەوە؟**

- لە راســـتیدا ئێـــران توانایەكی زۆری هەیە بۆ شكســـت پێهێنانـــی زۆرێك لە پلانەكانـــی ئەمەریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا. لە لایەكی ترەوە زۆرێك لـــە دەوڵەتە عەرەبیە سوننەكانیش نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە لە بارەی فراوانبوونی كاریگەری و دەستڕویشتوی ئێران لە ناوچەكەدا، بە تایبەتی ئوردن و سعودیە. هەر بۆیە رەنگە ئەمە ببێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی لە گـــەڵ ئەمەریكادا هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەستڕۆیشتەوویيە بدەن.

●●●
**رەنگە لە گۆشەنیگای سەربازییەوە دوایین شت لە ئێستادا كە ئەمەریكا پێویستی پێی بێت بریتی بێت لە روبەڕووبوونەوەیەكی سەربازی، هەربۆیە من ئومێدەوارم كە بەرپرسەكانی هەردوولا نەهێڵن بارودۆخەكە بگاتە راددەی روبەڕووبوونەوەی سەربازی**
●●●

●●●
**ئەگەر ئۆباما سەركەوتن بە دەست بهێنێت، ئەوا ئەگەری هێرشكردنە سەر ئێران بە شێوەیەكی بەرچاو پاشەكشە دەكات**
●●●



●●●
**من پێموایە هێرشكردنە سەر ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە دەبێتە مایەی كارەسات بۆ هەردوو وڵات، لەبەر ئەوە من ئەوە بە ئەگەرێكی دوور دەزانم، لەو باوەڕەشدانیم ئەمەریكا هانی ئیسرائیل بدات بۆ ئەو كارە**
●●●